ڕۆژنامە ٧

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦٠٣) سێشەممە ٢٠١٠/١٠/١٢ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار



پارێزەرە سەربەخۆکان لە لیستی دەسەڵاتیان بردەوە

ل...٨

# ئۆپۆزسیۆن: هەوڵەکانی دەسەڵات مەترسین بۆ سەر ئەزموونی دیموکراسی هەرێم

رۆژنامە

لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێم و چاودێرانی سیاسیی مەترسیی خۆیان نیشاندەدەن لەسەر تێپەڕاندنی یاسای دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەلایەن دەسەڵاتەوەو ئەو هەڵوێستەش بە قۆرخکاریی سیاسیی ناوزەد دەکەن.

کاردانەوەی پرسی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، ئۆپۆزسیۆن لەبەرەیەکدا بەرامبەر دەسەڵات کۆدەکاتەوەو لە ئەگەری رەنگرێژکردنی حیزبیی ئەو دەستەیەشدا، هەڕەشەی کشانەوە لە کۆبەندی ئیئتیلافە کوردییەکەی بەغدا دەکرێت.

هەرسێ لایەنی بزووتنەوەی گۆڕان‌و یەکگرتووی ئیسلامیی‌و کۆمەڵی ئیسلامیی لە راگەیەنراوێکی هاوبەشدا، ئاماژەیان بەپێویستی رێزگرتن لە بیروبۆچوونە جیاوازەکانی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان کردەوە، لە حاڵەتی بەردەوامیی سیاسەتی پەراوێزخستنیان، هەڵوێستیان تا ئاستی کشانەوە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بردەکات.

راگەیەنراوەکەی ئەم سێ لایەنە لە پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق، تێپەڕاندنی دەستەی هەڵبژاردنەکان بەبێ رەچاوکردنی هەموو پێکهاتەو فراکسیۆنەکان بە مەترسیدار دەزانێت لەسەر ئەزموونی سیاسیی‌و دیموکراسی هەرێم.

فەرید ئەسەسەرد، بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی، وتی: «دوو رێگەمان لەبەردەستە، یان ئەوەی کۆمسیۆنەکەی بەغدا وەک خۆی بهێڵینەوەو ئەو سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکات، یاخود دەستەیەک تایبەت بەهەرێم، بەمەرجێک وەک دەزگایەکی سەربەخۆ کاربکات، دابمەزرێنین، واتە رووخساری سەربەخۆبوونی دیاریی بکرێت‌و دوور لە دەستکاریی هەر لایەنێک ئەرکەکانی جێبەجێبکات».

هاوکات د. رەفیق سابیر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، وتی: «پێویستە ئەو نیگەرانییەی ئۆپۆزسیۆن بەجدیی وەربگیرێت‌و دەستەیەکی باڵای هەڵبژاردن پێکبێت، هەموو خەڵکی کوردستان بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە، بە هی خۆیانی بزانن‌و متمانەی پێبکەن، چونکە ئەگەر ئەم کۆمسیۆنە، جێگەی متمانەی خەڵکی کوردستان نەبێت، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە».

**وردەکاریی لە لاپەڕەکانی (٤-٥)دایە.**




فۆتۆ: رۆژنامە

## نەوشیروان مستەفا: نیگەرانین لەوەی ئیحتیکاری سیاسیی بۆ ئێستاو پاشەڕۆژ کراوە

رۆژنامە

نەوشیروان مستەفا، رایگەیاند: پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەوکاتەی فەراغێکی دەستووریی لە عێراقدا هەیە، فرسەتهێنان لە دەرکردنی یاساکەی‌و دروستکردنی دەزگایەکی هەڵبژاردن‌و دامەزراندنی کارمەندەکان‌و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەو یاسایە، هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ بەرنامەی رووبەڕووی (KNN) کە ئەمشەو بڵاودەبێتەوە، رایگەیاند: چوار مەسەلە بەلای ئێمەوە گرنگەو پێمانوایە چارەنووسسازە، «مەسەلەی قانوونی دەستەی هەڵبژاردنەکان‌و قەدەغەکردنی حیزبایەتیی لەناو دامودەزگای ئاسایش‌و چەکدارو ئەمنیدا، مەسەلەی تەمویلی حیزبەکانە کە بە یاسا رێکبخرێت بۆئەوەی هەر حیزبەو مافی خۆی بدرێتێ‌و مەسەلەی پێداچوونەوەی دەستووری هەرێم ئەگەر لە سنوورێکی تەسکدا هەندێک مادەو بەندی پێش ئەوەی بخرێتە راپرسییەوە پێویستی بەوە هەیە جارێکی تر چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو گفتوگۆی بکەین بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان بە دەستووری خۆیانی بزانن».

وتیشی: «بە هیچ جۆرێک پێمان باش نییە حیزبێک بە تەنیا دەستبگرێت بەسەر چارەنووسی گەلی کورداو لەو رێگەیەوە خۆی بسەپێنێت، ئێمە بۆ وەرەقەی چاکسازیی سیاسیی چوار مەسەلە هەیە بەلامانەوە گرنگە نەوعێک لە کۆدەنگیی لەسەر هەبێت، ئەگەر کۆدەنگیشی لەسەر نەبێت، زۆرایەتییەکی سیاسیی وابێنینە پێشەوە، بەلایەنی کەمەوە زۆرینەی خەڵک لەسەری رازی بن، یەکەمینیان: مەسەلەی قانوونی دەستەی باڵای هەڵبژاردنە لە هەرێم، لە کوردستانێکدا کە نە ئاسایش سەربەخۆیە، نە پۆلیس سەربەخۆیە، نە دادگا سەربەخۆیە، نە دامودەزگاکانی حکومەت سەربەخۆیە، نە راگەیاندن سەربەخۆیە، نە بودجە سەربەخۆیە دەستەیەکی وا دروستبکرێت، مافی خۆمانە نیگەران بین لەوەی کە ئیحتیکاری سیاسیی کراوە لە کوردستاندا بۆ ئێستاو پاشەڕۆژ، بۆیە مافی خۆمانە ترسی ئەوەمان هەبێت هەڵبژاردن بەشێوەیەکی سیستماتیک تەزویر بکرێت، نایەیت بە کوشتن‌و برین بمسرێتەوە، بەڵام بە رێگەی هەڵبژاردن ئەوە دەکەیت، هەڵبژاردنێک کە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە خۆتە».

هەروەها وتی: «لەئێستادا کە بەغدا لە بۆشاییەکی دەستووریدایە، بێن بە ئارەزووی خۆیان فرسەت بێنن‌و یاسایەک دەربکەن‌و بەپێی ئەو یاسایە دەزگای هەڵبژاردن دروستبکەن‌و بە ئارەزووی خۆیان کارمەندەکانی دابنێن‌و بە گوێرەی ئەو دەزگایە هەڵبژاردن بکەن لە کوردستان، بێگومان ئەم هەڵبژاردنە دەچێتە ژێر پرسیارەوە».

## دەقی تێبینییەکانی کۆمسیۆنی بەغدا بۆ پەرلەمانی کوردستان

ل...٥

## بەرپرسی راگەیاندنی پارتی لە سلێمانی: میدیای سێبەر زیادەیەو پارەی گشتیی بەهەدەر دەدات

رۆژنامە

ئاری هەرسین، بەرپرسی راگەیاندنی سەرکردایەتیی پارتیی لە پارێزگای سلێمانی پێیوایە، کە میدیای سێبەری حیزبەکان دیاردەیەکی سلبییەو زیادەیەو پارەی گشتیی هاوڵاتییانی هەرێم بەهەدەر دەدات.

لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا سەبارەت بەو رەخنانەی لە پارتی دەگیرێت کە کار بەیاسای رۆژنامەوانی ناکات ناوبراو دەڵێت: «پێویستە ناوەندی دادوەریی بێتە دەنگ کە پارتی کار بە یاسای رۆژنامەوانی دەکات یان نا».

ئاری هەرسین لەبارەی کۆنگرەی (١٣)ی پارتییەوە وتی: «کۆنگرەی (١٣) کۆنگرەیەکی نەوعیی دەبێت‌و ستراکتۆری حیزب گۆڕانکاریی بەسەردا دێت‌و پۆستی مەکتەبی سیاسیی‌و کۆمیتەی ناوەندی نامێنن».

وتیشی: «راگەیاندنی ئێمە وەکو حیزب، لە ئاستی پێویستدا نەبووە، لەدوای کۆنگرەوە چاوەڕوان دەکەم گۆڕانکاریی سەوریی‌و پێشکەوتووخوازانەو مۆدێرن، بەسەر راگەیاندندا بێت».

بۆ ل٧

## پەرلەمان نیوەی بودجەکەی خۆی پێ خەرجناکرێت

ل...٣



سەردار عەزیز

## تێرامانێک لە ئازادیی بیرو را دەربڕین

ل...٢٢

## حکومەت دۆسیەی نەوت دیزە بە دەرخۆنە دەکات



ل...١٥

# نەوزاد هادی: قاسم ئاغامان لە هەولێر دەرکرد

رۆژنامە

پارێزگاری هەولێر رایگەیاند: پاش ئەوەی بۆیان ئاشکرا بووە کە تۆمەتبار قاسم ئاغای کۆیی، لە شاری هەولێر نیشتەجێبووە، دەستبەجێ لە شارەکە دەریانکردووە، بەڵام دادوەرێکی شاری کۆیە دەڵێت: قاسم ئاغا فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە.

لە میانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر رایگەیاند: دوای دڵنیابوون لەوەی تۆمەتبار قاسم ئاغا، لە شاری هەولێر نیشتەجێیە، ئاگادارمان کردەوە لەوەی نابێت لە سنووری شاری هەولێر نیشتەجێ بێت‌و دەستبەجێ دەرمانکرد.

ئەوەشی خستەڕوو؛ قاسم ئاغا داوایکرد لە رێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە سەفەر بکات، بەڵام ئەوەمان قبووڵ نەکردو رێگەمان پێنەدا، «ئێستا لە سنووری شاری هەولێر نەماوەو پێمانوت؛ شاری هەولێر زۆر لەوە پاکترە گڵاوێکی وەک قاسم ئاغای کۆیە، لێی نیشتەجێ بێت».

دەربارەی هۆکاری دەستگیرنەکردنی قاسم ئاغا لەکاتێکدا، کە داوای یاسایی لەسەر تۆمارکرابوو، نەوزاد هادی، وتی: «کاتێک تۆمەتباری ناوبراو دەرکراوە، کە ئێمەو قایمقامی کۆیە ئاگاداری ئەوە نەبووین هیچ داوای یاسایی لەسەر تۆمارکراوە، ئەوەش بۆ کەمتەرخەمیی دادگای کۆیە دەگەڕێتەوە، کە بەپێی یاسا داواکەی بە پۆلیسی پارێزگای هەولێر نەداوە، تا دەستگیر بکرێت، یاخود داواکەی بە فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی نەداوە بۆ ئەوەی رێگریی لە دەربازبوونی بکەن.

لەلایەکی دیکەوە دادوەر هیمداد مەجید، دادوەری دادگای کۆیە بە KNNی راگەیاند: لەساڵی (٢٠٠٣)وە قاسم ئاغا فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە.

# بە مووچەی (٣) ملیۆن دینار، بەڕێوەبەرێکی گشتیی فەرمانی گواستنەوەی راژەکەی خۆی دەردەکات



رۆژنامە

بەڕێوەبەری گشتیی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی سلێمانی، بە فەرمانێکی کارگێڕیی، راژەکەی (خۆی) کە مامۆستای خانەنشینە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، گواستووەتەوە بۆ سەر میلاکی ئەو بەڕێوەبەرێتییە بە مووچەی (٣٠٠٠,٠٠٠) دینار، هاوکات وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیش فەرمانی مانەوەی بەڕێوەبەری پێشووی ئەو بەڕێوەبەرێتییەی لە شوێنی خۆی دەرکردووە.

بە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە(٣٩٧٧) کە لە(٢٠١٠/٩/٢)دا دەرچووە، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی سلێمانی، پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتیی دیوان، ژمارە (٩٢٥٤) لە(٢٠١٠/٨/١٨)و فەرمانی وەزاری ژمارە (١٩٢٦) لە (٢٠١٠/٨/٢٣)دا بڕیاری داوە بە: دانانی (محەمەد حەمەساڵح تۆفیق) مامۆستای خانەنشین لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، بۆ سەر میلاکی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وەک بەڕێوەبەری گشتیی بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی سلێمانی بە مووچەی (١٥٠٠,٠٠٠)دیناروبڕی دەرماڵەی (١٥٠٠,٠٠٠) دینار لەرۆژی دەستبەکاربوونی لە(٢٠١٠/٩/١)ەوەو نووسراوی فەرمانەکەش ناو و واژۆی (محەمەد حەمەساڵح تۆفیق)ی وەک بەڕێوەبەری گشتیی ئەو بەڕێوەبەرێتییە لەسەرە.

بەپێی نووسراوەکە بێت، ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە، رۆژێک دوای دەستبەکاربوونی، فەرمانی کارگێڕیی گواستنەوەی لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بە ئیمزای خۆی دەرکردووە.

هاوکات بەفەرمانێک کە لەبەرواری ٢٠١٠/٨/٢٣و پێش ئەو نووسراوەی سەرەوە دەرچووە، وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بەنووسراوی ژمارە (١٩٢٦) فەرمانی داوە بەدانانی (محەمەد حەمە ساڵح) و مانەوەی (کاوە قادر محەمەد) بەڕێوەبەری گشتی ئێستای چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی بە (بەڕێوەبەری گشتیی هەڵپەسێردراو)، نووسراوەکەش ناو و واژۆی ئاسۆس نەجیب وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەسەرە.

بەوپێیەش دوو بەڕێوەبەری گشتیی مووچە لەسەر تەنیا یەک پۆست وەردەگرن، کە ئەمە جگە لەبەفیڕۆدانی سامانی گشتیی، هیچی تر نییە.

# دەیان پارێزەری هەولێر پشتگیریی ئازادیی دەکەن

هەنگاو هاشم- هەولێر

لە یاداشتێکیاندا کە واژۆی (١٠٠) پارێزەری لەسەرە، پارێزەرانی شاری هەولێر، پشتگیریی کەمپەینی ئازادیی رادەربڕین دەکەن‌و دژی هەوڵی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕینن لە هەرێمی کوردستان.

هەر لە یاداشتەکەی پارێزەرانی هەولێردا، هاتووە: «ئێمە وای بۆ دەچین کە هەر هەوڵێک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین، لە گۆڕنانی دیموکراتییەو هەوڵێکە چارەنووسی ئەزموونی هەرێم بەرەو ئاقارێکی تۆتالیتارییانە دەبات‌و ناکۆکە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ‌و دەستخۆشیکردنە لەگەندەڵکاران‌و کاری گەندەڵیی».

لەوبارەیەوە، پارێزەر ژیان عەزیز گەردی، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئازادیی رادەربڕین، یەکێک لە بنەماکانی شۆڕشی گەلی کورد بووە، گەلی کورد شۆڕشی لەپێناو ئازادیی رادەربڕیندا کردووە، بۆیە لەسەر هەموو خەڵکی پێویستە، پشتگیریی ئازادیی رادەربڕین بکەن، هەر ئازادیی رادەربڕینێکیش بە بەڵگەوە مافی هەموو کەسێکە.

ئەم پشتیوانییەی پارێزەرانی شاری هەولێر، بەشێکە لەو هەڵمەتە بەرفراوانەی کە رۆشنبیران‌و رۆژنامەنووسان‌و ئازادیخوازان دژی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین دەستیانپێکردووە.

# لیژنەی رۆشنبیریی‌و راگەیاندن: داوامان کردووە دانیشتنێکی پەرلەمان بۆ ئازادیی رۆژنامەوانی تەرخان بکرێت

راپۆرتی: رۆژنامە

لیژنەی رۆشنبیریی‌و راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر راسپاردەی میدیا ئەهلییەکانی کوردستان داوای کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان دەکات.

دوای ئەوەی کە سەرەتای ئەم مانگە میدیا ئەهلییەکانی کوردستان یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان‌و سەرۆک‌و ئەندامانی لیژنەی رۆشنبیریی لە پەرلەمان کردو بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ پەرلەمانتارانی ئەو لیژنە پەرلەمانییە کۆبوونەوە بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رۆژنامەنووسیی‌و گەیشتنە چەند راسپاردەیەک.

لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەی رۆشنبیریی‌و راگەیاندندا قسە لەسەر ئەو داواکارییانە کرا، کە میدیا ئەهلییەکان ئاراستەیان کردبوون بەتایبەتیش ئەو سێ داواکارییەی کە تایبەت بوو بەوەی کە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکرێت لە پەرلەمان سەبارەت بە کێشەی ئازادیی رۆژنامەگەریی‌و مەسەلەی ئامادەبوونی راگەیاندنەکان لەناو هۆڵی پەرلەماندا، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو میدیایانە داوایان کردبوو یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی پەرلەمان کە لە هەندێک لە دادگاکان کاری پێناکرێت، وەک خۆی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بیلال سلێمان، ئەندامی لیژنەکەی پەرلەمان بە رۆژنامەی راگەیاند: لیژنەکەمان بڕیاریدا داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکەین‌و ئەوانیش وەزارەتی داد ئاگادار بکەنەوە تا یاسای رۆژنامەگەریی وەکو پێویست کاری پێبکرێت.

سەبارەت بە تەرخانکردنی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمانیش، بیلال سلێمان، ئاماژەی بەوە کرد؛ کە ئەوە هەقێکی مەشروعی لیژنەکەیانەو دەتوانن داوای کۆبوونەوە بکەن، «کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی باش بوو، ئەوا کۆبوونەوەکە دەکرێت، ئەگەر پێی باش نەبوو، دەتوانێت نارەزایی دەربڕێت، بەڵام ئەوکاتە لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدرێت، ئەگەر زۆرینەی پەرلەمان دەنگیان دا بەوەی کە قسەی لەسەر بکرێت، ئەوا کۆبوونەوەی لەسەر دەکرێت، چونکە بە تەنیا لە سەلاحیەتی سەرۆکایەتی پەرلەماندا نییە».

لەلایەکی دیکەوە، حامید محەمەد عەلی، سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «بێبەشکردنی رۆژنامەنووسان لە رووماڵکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان پێچەوانەی یاسای کاری رۆژنامەوانی‌و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، بۆیە بە باشمان زانی کە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەین».

سەبارەت بە هەڵوێستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسان، وتی: «سەرۆکی پەرلەمان پێیوتین؛ (لەو هۆڵە بچووکەدا ناتوانین ئیستیعابی ئەو هەموو رۆژنامەنووس‌و راگەیاندنە بکەین، ئێستا هۆڵێکمان تەرخانکردووە، کە لە چەند رۆژی داهاتوودا تەواودەبێت‌و هەموو کەرەستەکانی راگەیاندنی تیایەو شاشەیەکی گەورەی تیایە، کە راستەوخۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان دەگوێزێتەوە)، بۆیە ئێمە ئەمەمان بە میکانیزمێکی گونجاو و هەنگاوێکی باش زانی تا رۆژنامەنووسان زانیارییەکان بۆ خەڵک بگوێزنەوە».

# پەرلەمان نیوەی بودجەکەی خۆی پێ خەرجناکرێت

راپۆرتی: چاوان عەلی

**پەرلەمانتاران‌و شارەزایانی ئابووریی، رەخنە لە شێوازی خەرجکردنی بودجەی پەرلەمان دگرن‌و پێیانوایە، سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەرنامەیەکی نییە بۆ خەرجکردنی بودجەکەو ئەنجامدان‌و چاودێریکردنی پرۆژەکانی.**



بەپێی ئەو پوختەی ژمێرکارییە کە لە حساباتی خیتامی (٢٠٠٩) گەیشتووەتە لیژنەی دارایی پەرلەمان، لە (٥٩)ملیارو (٨٣٩) ملیۆن دیناری بودجەی (٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستان، بەهەموو خەرجییەکانیەوە تەنیا (٢٧)ملیارو (٦٩٦)ملیۆن‌و (٦٦١) هەزاری خەرجکردووە، بەوپێیەش بودجەی خەرجنەکراوی پەرلەمانی کوردستان، زیاترە لە(٣٢)ملیارو (١٤١)ملیۆن دینار کە بڕیاروایە، بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی.

## پەرلەمانتاران، ئاگاداری حساباتی خیتامی نین

د. رەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، بەپێویستی دەزانێت، دوای گەیشتنی راپۆرتی حسابی خیتامی بە لیژنەی دارایی، کۆپییەکی بدرایەتە پەرلەمانتاران‌و لیژنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەت لیژنەی نەزاهە تا ئاگاداری وردەکارییەکان بن، چونکە بە وتەی ئەو: «ئەو حساباتە بەرچاوڕوونیی دەبێت بۆ بەرنامەو کاری داهاتووی پەرلەمان».

بەبڕوای شارەزایانی کاری پەرلەمانی، گفتوگۆنەکردن لەسەر وردەکارییەکانی بودجەی پەرلەمان‌و حساباتی کۆتایی‌و چۆنێتیی خەرجکردنی لەدانیشتنی پەرلەماندا، وا لەپەرلەمانتاران دەکات کە بەرچاویان روون نەبێت لە بودجەی دەزگاکەی خۆیان.

جەوهەر نامیق، سەرۆکی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: «گفتوگۆنەکردن لەسەر ئەو بابەتە، وا دەکات کە نەزانرێت بودجەکە چۆن دادەنرێت‌و چۆن خەرج دەکرێت، کەمتەرخەمیی پەرلەمانتارانیشە کە بێدەنگن لەوەی کە تەنیا ژمارەی کۆتایی بودجەکە خراوەتەڕوو، دەنگیان بۆ داوە».

## بیانووەکانی بەگەڕنەخستنی بودجەکە

عومەر سدیق، ئەندامی لیژنەی دارایی، باس لەوەدەکات کە بودجەی ساڵی(٢٠٠٩)، کەوتووەتە کۆتایی خولی دووەم‌و دەستپێکی خولی سێیەمی پەرلەمانەوە، ئەمەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی واقیعی خەملاندن نەکرێت، یان پێیرانەگات پرۆژەکان جێبەجێبکرێن‌و هاوکات، د. ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پێی وابوو: بودجەکە لەکاتی خۆیدا پەسەند نەکراوەو دواکەوتووە، ئەوەش هۆکارە بۆئەوەی نەتوانرێت هەمووی خەرجبکرێت.

لە بەرامبەردا، شارەزایانی بواری دارایی‌و ئابووریی، جەختدەکەنەوە کە بیانووەکان، بێتوانایی پەرلەمان دەسەلمێنن.

د. دلێر حەقی شاوەیس، سەرۆکی لیژنەی دارایی خولی دووەمی پەرلەمان، ئەو پاساوو بیانووانە بەلاواز دەزانێت‌و بە رۆژنامەی وت: «حکومەت دەگۆڕێت‌و پەرلەمان دەگۆڕێت، کارەکانیش ناوەستن‌و بەردەوامن، بەڵام خەرج نەکردنی بودجە، ئەوە دەسەلمێنێت کە پەرلەمان نەیتوانیوە کارەکانی بە باشی بەڕێوەببات، ئەمەش کەموکوڕییە لە ئیدارەو سەرۆکایەتیی پەرلەمان‌و ئەرکی لیژنەکانیشە کە لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە بکەن».

د. دلێر، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە سەرف نەکردنی ئەو بودجەیەی بۆ پەرلەمان دادەنرێت‌و دەیگێڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، ئەوە دەگەیەنێت کە پەرلەمان خەمڵاندنەکەی راست نەبووە کە بۆ بودجەکە کردوویەتی‌و پێویستی بەلێکۆڵینەوەی وردتر هەیە، چونکە بودجەی بەگەڕنەخراو لە بودجەی (٢٠٠٩)، لە بودجەی خەرجکراو زیاترە».

## بودجەی زەبەلاح

ساڵی(٢٠٠٩)، زیاتر لە (٥٩)ملیارو ساڵی (٢٠١٠)، زیاتر لە (٧٢)ملیار دینار بۆ پەرلەمان تەرخانکراوە، چاودێرانی سیاسیی‌و شارەزایانی ئابووریی، گومانیان لەو بودجە زەبەلاحە هەیە کە ساڵانە بۆ پەرلەمان تەرخاندەکرێت.

جەوهەر نامیق، لەوبارەیەوە دەڵێت: «ئەو بودجە زەبەلاحەی کە بێبەرنامە دایدەنێن، هۆکارەکەی ئەو دابەشکردنی بودجەیەیە کە حیزبەکان لەنێوان خۆیاندا دەیکەن بۆ رازیکردنی یەکتر لەسەر ئاستی هەرسێ دەسەڵاتەکەی هەرێم».

ئاماژەی بەوەشکرد: «بودجەی پەرلەمان جێگیرەو لایەنەکانی خەرجیشی ئاشکران‌و دانانی پرۆژەش ئەرکی سەرۆکایەتی نییە بەتەنیا، دەبوو پەرلەمانتارانی لێ ئاگادار بکرایەوە، بۆیە ئاسایی نییە کە بودجەی بەگەڕنەخراوی بەم شێوە زەقە هەبێت».

لەگەڵ ئەوەی کە پەرلەمان، تەنیا لە بودجەی(٢٠٠٩) کە بۆی تەرخانکراوە، نزیکەی نیوەی بودجەکەی سەرف کردووە، بەڵام لە بودجەی (٢٠١٠)دا پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوەتەوەو بە وتەی پەرلەمانتاران، رەنگە هەمان ئەو کێشەیەی لە بودجەی ساڵی رابردوودا رووبەڕووی بودجەکە بووەتەوە، رووبەڕووی بودجەی (٢٠١٠)ش ببێتەوە.

عومەر سدیقی پەرلەمانتار، لەوبڕوایەدا بوو کە هۆکاری دانانی ئەو بودجەیە، پێویستی پەرلەمانە بە چەند پرۆژەیەک، چونکە پەرلەمان لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ئەو پارەیەی لەسەر بنەمای چەند پرۆژەیەک وەرگرت، بەڵام نەیتوانیوە جێبەجێیان بکات.

## چاودێریی بەسەر پەرلەمانەوە

گرنگترین ئەو پرۆژانەی بەپێویست دەزانرێن کە پەرلەمان بودجەی بۆ تەرخانبکردنایە، نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی هۆڵی پەرلەمان بوو، د. دلێر حەقی شاوەیس، پەرلەمانتاری خولی پێشوو، دەڵێت: «پەرلەمانی ئێستا پێویستی بە هۆڵو شێوازی کارکردنی سەردەمییانە هەیە، نەک ئەو هۆڵەی کە کاتی خۆی بۆ ئەنجومەنی ئۆتۆنۆمی لەسەردەمی بەعسدا دانرابوو کە تا ئێستا هۆڵی پەرلەمانە».

هەروەک جەوهەر نامیق، بەپێویستی دەزانێت کە لیژنەکانی دارایی‌و نەزاهە، چاودێریی بودجەکەی خۆیان بکەن‌و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو لیژنە پەیوەندیدارەکان پرۆژەکان دیاریی بکەن‌و بەدواداچوون‌و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

حەمەسەعید حەمەعەلی، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان، بێئاگایی خۆیانی لەو پرۆژانە نیشاندا لە پرۆژەکانی پەرلەمان‌و وتی: «بەداخەوە، ئەو کەموکوڕییانەی لە بودجەی (٢٠٠٩)داهەبوون‌و پرۆژەکان جێبەجێنەکراون، لە بودجەی (٢٠١٠)ەشدا دانراوەتەوە تەنیا بە ژمارەیە، بەبێ ئەوەی وردەکاریی تێدابێت‌و تەندەرین‌و دیزاینی هەبێت»و بەپێویستی دەزانێت کە لیژنەیەکی هەمەلایەنەی تایبەت بۆ چاودێریکردنی ئەو پرۆژانەی پەرلەمان دابنرایە کە بۆ خەرجکردنی بودجەی ساڵانی(٢٠٠٩و ٢٠١٠)نەکراوە.

لەبەرامبەردا، جەوهەر نامیق، پێیوایە: «سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بە مەبەست پەرلەمانتارانی لە خەرجکردنی بودجە ئاگادار نەکردووەتەوە، چونکە بەرژەوەندیی لەوەدایە کە ئاگاداری وردەکارییەکان نەبن، بەوپێیەش فێڵو ساختەکاریی‌و سەرپێچی پەیڕەوی ناوخۆ لێرەدایە کە پەرلەمانێک خۆی پەیڕەوی ناوخۆی خۆی پێشێل بکات‌و لیژنەی نەزاهەو داراییش بێدەنگبن».

بۆ دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم، ئۆپۆزسیۆن؛ کشانەوە یان تەوافوقی سیاسیی هەڵدەبژێرێت؟ 4

# ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات

لە هەموو دنیا دوو بەرە بەرامبەر یەک قوت دەبنەوەو هەریەکەیان پارێزگاریی لە دیدو بۆچوونی خۆی دەکاو بە رەوای دەبینێ‌و بە بەرنامەیەکی دیاریکراو و جیاواز دەچێتە هەڵبژاردنەکانەوەو هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی زۆرینەی هاوڵاتییان دەدات.

لە وڵاتانی خاوەن ئەزموونی دیموکراسی‌و لە وڵاتانی دیکتاتۆریی‌و نیمچە دیکتاتۆریی جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەگۆڕێ، لە یەکەمیان جۆرێک لەیەکسانیی‌و فرسەتی وەک یەک لەبەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەرەخسێ. حیزبی خاوەن دەسەڵات ناتوانێ بودجەی حکومەت‌و دەزگاکانی حکومەت‌و ئامرازەکانی بۆ خۆی قۆرخ بکا، ناتوانێ پارەو چەکو پلەو پایە بەبەخشێتەوەو ویژدانی هاوڵاتییان بکڕێ. لەجۆری دووەمیش دەسەڵات هەموو ئەمانەو زیاتر لەوەش بۆ خۆی بە رەوا دەبینێ‌و لەسەر دەنگدان‌و هەڵوێستی سیاسیی خەڵک لەکارەکەی خۆی دوور دەخرێتەوەو پارووی دەمی منداڵەکانی لێ زەوت دەکات.

لەو وڵاتانە هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەک بەڕێوەدەچن کە بەهیچ شێوەیەک بواری ساختەو فێڵکردن ناهێڵرێتەوەو ئەگەر بشکرێ زۆر کەم‌و دەگمەنە، بەڵام لە وڵاتەکانی وەک لای ئێمە هەموو ڕێگەیەک دەگیرێتەبەر بۆ ئەوەی دەست بخرێتە کاروباری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەوەو کۆمسیۆن لەدامەزراوەیەکی بێ لایەن‌و یاسایی دەکەن بەدەزگایەکی حیزبیی، کە هەر لایەنەو نوێنەری خۆی بۆ ئەو دەستەیە دەستنیشان دەکات.

جگە لەوە حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن هەر جارەو ڕێگەیەکی نوێ داهێنن بۆ فێڵی نوێ‌و لادان لەو یاسایەی کە خۆیان بەشدار دەبن لەدەرکردنی یان هەموارکردنی، تائێستا هەموو لایەنە عێراقییەکان گلەیی‌و نارەزایی زۆریان بەرامبەر پرۆسەی تەزویر دەربڕیوە، تا کار گەیشتە ئەوەی بۆ یەکەمجار دەسەڵات کە خۆی لەلیستی دەوڵەتی یاسا دەبینێتەوە، گلەیی ئەوە بکات کە لەهەندێک بنکە فێڵ‌و تەزویری لێ کراوە.

ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان مشتومڕێکی زۆر لەسەر یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنی هەرێم لەپەرلەمانی کوردستان هاتووەتە کایەوە. دەسەڵات دەیەوێ هەرچی زووە ئەو یاسایە دەربکاو بیسەپێنێ بەسەر ئۆپۆزسیۆن‌و خەڵکی کوردستانداو سوود لەبارودۆخی ناجێگیری عێراق‌و ئەو زۆرینەیە وەربگرێ کە ئەمڕۆ بەهۆی هاوپەیمانێتی هەردوو حیزبەوە مسۆگەری کردووە.

دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزب وای دەبینن گەربێت‌و یاسایەکی لەو جۆرە دەرنەکەن، ئەوا دوور نییە دەنگی زیاتر لەهەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بدۆڕێنن‌و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایان بکەوێتە ژێر مەترسی جدییەوە.

لەلایەکی دیکەوە، ئۆپۆزسیۆن‌و میدیای ئازادو ڕۆشنبیران پێیان وایە کە پەلەکردن لەدەرکردنی ئەو یاسایە مەترسی گەورە دێنێتە ئاراوەو پرۆسەی دیموکراسی‌و دەستکەوتەکان لەهەرێم پاشەکشێ دەکات، دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەسەر کورسی دەهێڵێتەوەو ئومێدی هاوڵاتییان بە چاکسازیی‌و بە دیموکراسی‌و بایەخدان بەهەڵبژاردن ئیفلیج دەکات‌و ئەوەندەی دیکە نێوان دەسەڵات‌و بەرەی خەڵک روو لە گرژیی دەبێت‌و هەم ئەزموونی هەرێم‌و هەم دەستکەوتەکانمان لێرەو لەبەغدا زەبری گەورەیان بەردەکەوێ.

ئەگەرچی دیموکراسی راستەقینەو ئابووریی بەهێز، دوو کۆڵەکەی بنچینەیین بۆ بەدیهاتنی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵام ئەگەر تەسلیمی ئیدیعاکانی دەسەڵاتیش ببین‌و بوونی دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بەو کۆڵەکەیە بزانین، ئەوا دەبێت ئەو کۆمیسیۆنە کۆمەڵێک مەرجی گرنگی تێدابێ، لەوانە:

١-هەموو ئەندامەکانی کەسانی پسپۆڕو تەواو ناحیزبیی بن.

٢-کۆدەنگی نیشتمانی لەسەر کەسایەتییان هەبێت.

٣-سەربەخۆیی دارایی هەبێ‌و بودجەکەی بە قانوون دیاریی بکرێ‌و دەسەڵاتەکانی دیکە نەتوانن دەست لەکاروباری وەربدەن.

٤-ئەندامەتی تیایدا هەمیشەیی‌و هەتا تەمەنی خانەنشینی بێ، بۆ ئەوەی پسپۆری زیاتر بەدەست بهێنن‌و ترسی نانبڕین ناچاریان نەکات مل بۆ دەسەڵاتی سیاسیی دانەوێنن‌و پێچەوانەی ویژدانی خۆیان بڕیار بدەن.

ڕۆژنامە

# کارەکانی لیژنە چاکسازییەکەی هەرێم، دیار نییە

هەستیار قادر

کۆبوونەوەی داهاتووی لیژنەی چاکسازیی هەرێم، دیار نییەو وتەبێژی حکومەتیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە چاوەڕوانی لایەنە سیاسییەکانن بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەی نوێ بۆ چاکسازیی.

لە پاش ئەوەی مانگی ئابی رابردوو، لیژنەی چاکسازیی هەرێم بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی حکومەت‌و نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی هەرێم، کۆبوونەوەیەکیان گرێدا بۆ باسکردنی پرسی چاکسازیی لە هەرێم، تا ئێستا کۆبوونەوەی بەدوادا نەهاتووەو لەوبارەیەشەوە د. زانا رەئوف، نوێنەری فراکسیۆنی گۆڕان لەو کۆبوونەوەیەدا، ڕوونیکردەوە کە سەرۆکی حکومەت، ئاماژەی بەوە داوە کە وەزیری ڕۆشنبیریی‌و وتەبێژی حکومەت رادەسپێرێت، وادەیەک دیاریی بکات بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی ئەو لیژنەیە، بەڵام تا ئێستا چاوەڕانن‌و ئەو وادەیە دیاریی نەکراوەو بە ڕۆژنامەشی راگەیاند: «رەنگە لایەنەکانی تریش، پرۆژەی چاکسازییان هەبێت بۆ هەرێم».

لیژنەی چاکسازیی هەرێم، لە دوای ئەوە پێکهات کە لە کۆبوونەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، بڕیاری لەسەر دراو سەرۆکی حکومەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە راسپاردو نوێنەری لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتی تیا بەشدارن.

لەبەرامبەردا، حکومەتیش چاوەڕوانی لایەنە سیاسییەکانە بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەی چاکسازیی لەو بارەیەوەو د.کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریی‌ولاوان‌و وتەبێژی حکومەتی هەرێم، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە چاوەڕێی لایەنە سیاسییەکانین، هەر کاتێک پرۆژەیەک، یان پێشنیازی نوێ بۆ چاکسازیی ئامادە بکرێت، حکومەت ئامادەیە لەگەڵ ئەو لیژنەیەو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆببێتەوە، مەبەستمانە دانیشتنەکان ئەنجامیان هەبێت، نەک دانیشتن لەپێناو دانیشتندا بێت».

وتەبێژی حکومەت، ئاماژەی بەوەشدا: «پرۆسەی چاکسازیی، مەسەلەیەک نییە کە کتوپڕ جێبەجێکرێت، ئەو لیژنەیەش شێوەیەکی بەردەوامی وەرنەگرتووە، واتە لەکاتی پێویستدا نەبێت پێویستی بە کۆبوونەوەی دەوری نییە، لەهەمانکاتدا حکومەتیش بەردەوامە لە هەوڵە چاکسازییەکانی‌و لەگەڵ ئەوانیش دادەنیشین بۆ هەماهەنگی‌و لەیەکتر تێگەیشتن».

لەلایەکی ترەوە، محەمەد فەرەج، نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامیی لەو کۆبوونەوەیەدا، ئاماژەی بەوەدا، کە پێویست بوو ئەو لێکنزیکبوونەوەیەی نێوان ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات لەناو خودی پەرلەماندا ئەنجام بدرایەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەبوو ئەو لێکنزیکبوونەوەیەی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن، لەناو پەرلەماندا بهاتایەتەدی، بەڵام پەرلەمان نەیتوانیوە ئەو ئاراستەیە جێبەجێبکات».

محەمەد فەرەج، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە «پێویستە چاکسازییەکان لەسەر ئامانجێک بن بۆ گەشەپێدانی هەرێم‌و پاراستی پانتایی ماف‌و ئازدییەکان، نەک قۆرخ‌و کۆنترۆڵکردنی یەکتری».

# کەسوکاری ئەنفالکراوەکان پشتگیریی پرۆژەی پەرلەمانتارێکی گۆڕان دەکەن

ڕۆژنامە

لە نووسراوێکیاندا کە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، کۆمەڵەی داکۆکیکار لە مافی قوربانییان‌و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان پشتگیریی پێشنیازی چارەسەرکردنی هەندێک لە گرفتە یاساییەکانی کەسوکارو خانەوادەی قوربانییانی ئەنفال دەکەن، کە لەلایەن پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕانەوە پێشکەشکراوە.

نووسراوەکەی کۆمەڵەی داکۆکیکار لە مافی قوربانییان‌و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان ژمارە(١٥٨)ی لەسەرەوە لە ٢٠١٠/١٠/١٠ دەرچووە، تیایدا هاتووە: «پشتگیریی تەواوی یاداشتەکەی بەڕێز (د.زانا رەئوف) دەکەین بەناوی (پێشنیازی چارەسەرکردنی هەندێک لە گرفتە یاساییەکانی کەسوکارو خانەوادەی قوربانییانی ئەنفال)، کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٠/٤ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانی کردووە».

د.زانا رەئوف، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٤ پرۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە یاساییەکانی کەسوکارو خانەوادەی قوربانییانی ئەنفال پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردو تیایدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی پەیوەندییان بە بەڵگەنامە رەسمییەکانی ئەو کەسانەوە هەیە، چەند پێشنیازێکی خستەڕوو.

ئەو پەرلەمانتارە یەکێک لە پێشنیازەکانی پرۆژەکەی بریتی بوو لە: پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست لەسەر کۆی گشتیی ئەو هاوڵاتییانەی کە لە خانەوادەی قوربانییان‌و کەسوکاری پاشماوەی کارەساتی ئەنفالن‌و گرفتی یاساییان هەیە.




# لەسەر شەریککردنەوەی حکومەتی هەرێم، (DNO) غەرامە دەکرێت

ڕۆژنامە

کۆمپانیای (DNO)ی نەرویژیی تایبەت بەبواری نەوت، لە ئۆسلۆ دادگایی دەکرێت‌و پێشبینی دەکرێت، بڕی (٧٥)ملیۆن دۆلار سزا بدرێت، بەهۆی شەریککردنەوەی حکومەتی هەرێم لە پرۆژەکانی نەوتدا.

هێلگی ئایدی، سەرۆکی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویژیی، بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی راگەیاند؛ بەهۆی ئەوەی لایەنی سێیەمی لە ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان لە کێڵگەکانی نەوتی کوردستاندا بەشداركردووە کە حکومەتی هەرێم بەو هۆیەوە ئاستی داهاتی بەرزبووەتەوە، بەم نزیکانە لە نەرویژ دادگایی دەکرێت‌و پێدەچێت زیاتر لە (٧٥)ملیۆن دۆلار سزابدرێت.

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەش، نیشاندەری پشکەکانی ئەو کۆمپانیایە لە نەرویژ، بەڕێژەی (٢٪) دابەزینی بەخۆوەبینی‌و بەوهۆیەشەوە بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ئەو کۆمپانیایە، لەچارەکی سێیەمی ئەمساڵدا، ئەو کۆمپانیایە، (٦٥)ملیۆن دۆلار زەرەر دەکات.

# کاتی هەڵبژاردنی پارێزگاکان نادیارە

چاوان عەلی

پەرلەمان‌و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم داوا لە حکومەت دەکەن وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریی بکات، سەرۆکی لیژنەی یاساییش جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە ئەو وادەیە پێویستە بەر لە (٦٠) ڕۆژ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە رابگەیەنرێت.

دوێنێ (١٠/١١) سەرۆک‌و ئەندامانی هەرسێ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان‌و ئەندامانی لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆی پەرلەمان کۆبوونەوەو جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، کە پێویستە گوشار بخرێتە سەر حکومەت، تا ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکە دیاریی بکات، شێروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان جەختی لەوە کردەوە؛ کە تائێستا حکومەت وادەیەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دیاریی نەکردووە، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «لەو کۆبوونەوەیەدا هەمووان کۆکبوون لەسەر پێویستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و دیاریکردنی وادەکەی لەلایەن حکومەتەوە، چونکە بەپێی یاسا ئەوە ئەرکی حکومەتە».

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوە کرد؛ کە لە کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ پەرلەمان جەختیان لەسەر پەلەکردن لە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن کردووەتەوەو پێشنیازیشیان کردووە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە ناکرێت، ئەوا یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم کاری پێبکرێت‌و ئەو بڕگەیەی لاببرێت، کە دەڵێت: «ئەم یاسایە بۆ ئەنجومەنی داهاتوو کاری پێدەکرێت».

# ڕاپرسییەک: ڕۆژنامەگەریی ئازاد، کاریگەریی لەسەر شەقامی کوردستان هەیە

بەرهەم خالید

زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسییەک، پێیانوایە کە لە هەرێمدا، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بوونی هەیەو ئەو جۆرە لە ڕۆژنامەگەرییش کاریگەریی زۆری لەسەر شەقامی کوردیی‌و بڕیاری سیاسیی هەیە.

ڕاپرسییەکە لەلایەن ڕێکخراوی پۆینت لە کوردستان ئەنجامدراوەو وێنەیەک لە ئەنجامەکەی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە کە (١٠٠٠) هەزار کەس لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک، موسڵ بەشدارییان تێیدا کردووەو تایبەت بووە بە پرسی (ڕۆژنامەگەریی ئازاد)و بۆ گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنێکی ئاشکرا بۆ ئەم ڕۆژنامەگەرییە.

لە وەڵامی پرسیاری بوونی ڕۆژنامەگەریی ئازاد لە کوردستان، زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوەو (٤٥,٢٪)ی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییە، پێیانوایە کە لە کوردستاندا ڕۆژنامەگەریی ئازاد هەیەو لەبەرامبەردا (٣٦,٥٪)ی بەشداربووان پێیانوایە کە لە کوردستاندا ڕۆژنامەگەریی ئازاد نییە.

دەربارەی ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش لە فەراهەمکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییدا لە کوردستان، ڕاپرسییەکە ئەوەی ئاشکرا کردووە، کە شەقامی کوردستان تا ئێستاش باوەڕ بە تواناو هەڵوێستەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ناکات‌و (٥٢,٧٪)ی بەشداربووان پێیانوایە، کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کارێکی وای نەکردووە لەپێناوی دابینکردنی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییدا لە کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە، (٤٩,٦٪)ی بەشداربووان پێیانوایە؛ کە ڕۆژنامەگەریی بە شێوەیەکی گشتیی‌و گۆڤارو ڕۆژنامە ئازادەکانی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی، لە راستیدا سەر بە چەند پارت‌و لایەنی سیاسیین، بۆیە زۆریی ژمارەیان نیشانەی ئەوە نییە کە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستاندا هەیە، چونکە ئەوان تەنیا چەند دیکۆرێکی سیاسین بە ناو و ناونیشانی جیاوازەوە.

دەربارەی کاریگەریی ڕۆژنامەگەریی ئازادیش لەسەر شەقامی کوردیی‌و بڕیاری سیاسیی لە کوردستان، (٤٥,١٪)ی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییە، پێیانوابووە، کە ئەم ڕۆژنامەگەرییە، کاریگەریی خۆی لەسەر شەقامی کوردستان هەیەو (٤٣,٢٪)ی بەشداربووان پێیان وابووە کە ئەم ڕۆژنامەگەرییە، هیچ کاریگەریی لەسەر شەقامی کوردستان نییە.

هەروەها ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی پێیانوابووە، ڕۆژنامەگەریی ئازاد کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر بڕیاری سیاسیی لە کوردستان، بە جیاوازییەکی کەم زیاتر بووە لەو رایەی کە پێیانوایە کاریگەریی نییە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە تەمومژێکی زۆر هەیە لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەو ڕۆژنامەگەرییە لەگەڵ دامەزراوەکانی بڕیاری سیاسییدا لە کوردستان.

# دەقی تێبینییەکانی کۆمسیۆنی بەغدا سەبارەت بە دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم

**سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**بابەت/ پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

لەدوای تاووتوێکردنی پرۆژەیاسای دەستـــەی بـــاڵای ســەربــەخــۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان- عێراق دەمانەوێت ئەم تێبینیانە بخەینە روو:

**یەکەم:**

**لایەنی یاسایی:**

بـــە پشتبەستن بـــە مـــادەی (١٠٢)ی دەســتـــووری کــۆمــاری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێکهێنراو بەپێی یاسای کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمـارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) تێبینی دەکرێت پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی هــەرێــم ناگونجێت لـەگـەڵ یاسای کۆمسیۆنی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی هەموارکراو بەپێی ئەم تێبینیانەی لای خوارەوە:

١- لە مادەی (٢) لە یاسای کۆمسیۆنی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) هاتووە:

«کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەستەیەکی پرۆفیشناڵی حکومیی ســەربــەخــۆو بێلایەنەو کەسێـتییەکی مەعنەویی هەیەو لەژێر چاودێریی ئەنجومەنی نوێنەراندایەو ئەم مافانەی هەیە:

أ- دانانی بنەماو بناغەی پشت پێبەستراو لە هەڵبژاردن و راپرسیيە فیدراڵیی و هەرێمیی و محەلییەکاندا لە سەرانسەری عێراقدا بۆ گرەنتی ئەنجامدانی بەشێوەیەکی دادپـــەوەرو نەزیهانە.

ب- سەرپەرشتیکردنی سەرجەم جۆرەکانی هــەڵــبــژاردن و راپرسیيە فیدراڵیی و هەرێمییەکان و پارێزگا رێـکـنـەخـراوەکـان لـە چـوارچـێـوەی هەرێمدا.

ج- بانگەوازکردن و رێکخستن و جێبەجێکردنی سەرجەم جۆرەکانی هەڵبژاردن و راپرسی فیدراڵیی و هەرێمیی و محەلی و پارێزگا نارێکخراوەکانی چوارچێوەی هەرێمێک کە لە دەستووردا ئاماژەی پێکراوە.

د- دەستەی هەڵبژاردنی هەرێمەکان بە هەمئاهەنگیی و هاوکاریی نووسینگەی نیشتمانیی ئـەرکـی بـەڕێـوەبـردن و رێکخستنی هەڵبژاردنی هەرێمیی و محەلییەکانی تایبەت بە هەرێم جێبەجێ دەکەن لەژێر سەرپەرشتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا.

هەروەها لە بڕگەی (ب) لە مادەی (٥) دا هاتووە:

«ئیدارەی هەڵبژاردن بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی سیستەم و بڕیارەکانی دەرچـوو لە ئەنجومەنی کۆمسیاران و سەرجەم چالاکییەکان لە ئەستۆ دەگرێت، کە سروشتی عەمەلی و جێبەجێکردن و رێوشوێن گرتنەبەر لەسەر ئاستی نیشتمانیی و هەرێمی لەخۆدەگرێت».

بەڵام لە بڕگەی دووەم لە مادەی (٨)دا هاتووە: کە «ئەگەر لە یاسای کۆمسیۆنی باڵادا نەهاتبوو، بە پێچەوانەوەی ئەوەوە ئەنجومەن دەسەڵاتی تایبەتی هەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە دەرهاویشتەکانی ئامادەکاریی و جێبەجێکردنی هەڵبژاردنە نیشتیمانیی و هەرێمییەکان یان لەسەر ئاستی پارێزگاکان، ئەمە لە کاتێکدایە، کە مادەی (١) لە پرۆژەیاسای دەستەی بـاڵای هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق دا هاتووە: کە «بەپێی ئەم یاسایە دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان و راپرسی هەرێمی کوردستان – عـێـراق دادەمـەزرێـت بەناو «دەسـتـەی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق) تا ببێتە دەسەڵاتێکی تایبەت کە ســەرجــەم هـەڵـبـژاردن و راپرسیيە محەلی و فیدراڵییەکان لە هەرێم ئەنجام بدات».

بـەڵام بڕگەی (٢) لە مـادەی (٢) ئاماژەی بەوە داوە، کە «دەستەکە بۆی هەیە سەرپەرشتی سەرجەم جۆرەکانی هەڵبژاردن و راپرسیی لە هەرێمدا بکات».

هەروەها بڕگەی (٦)ی مادەی (٢) ئاماژەی بەوەداوە، کە دەستەکە «بۆی هەیە بە گازندەو تانەکاندا بچێتەوە کە پەیوەندیی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە هەیەو بڕیارەکانیشی مایەی تانەلێدانە لە بەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێمی کوردستاندا».

ئەمەش پێکداچوونێکی ئاشکراو روون دروست دەکات لە کاری هەیەک لە کۆمسیۆن و دەستەکە.

ئەوەشی کە تەموومژی پەیوەندیی نێوان هەریەک لە کۆمسیۆن و دەستەکە زیاد دەکات ئەوەیە، کە لە بڕگەی (١٠) لە مـادەی (٣)ی پـرۆژەی دەستەکەدا هاتووە:

«هەماهەنگیکردن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بۆ رێکخستن و جێبەجێکردنی هەڵبژاردنەکان و راپرسیيە فیدراڵییەکان لە هەرێم».

٢-بابەتی راگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە گرنگترین و وردترین قۆناغەکانی ســەرجــەم پــرۆســەی هەڵبژاردنەو گرنگییەکی زۆری پێدراوە، هەر بۆیە پرۆژەکە لە بڕگەی (٧)ی مادەی (٩٣) دا گەڕاوەتەوە بۆ دەستوور کە دەسەڵاتە تایبەتەکانی دادگای باڵای فیدارڵیی ئەوەیە: «راستاندنی دەرئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ بەئەندامبوون لە ئەنجومەنی نوێنەراندا».

بــەڵام پــرۆژەیــاســای دەســتــەی بـاڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە بڕگەی (٧)ی مادەی (٣) ئاماژەی بە ئەرکی دەستەکە داوە، کە «راگەیاندنی دەرئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنەکانە».

بەڵام لە بڕگەی (٧) لە مادەی (٥) دا سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستەکەدا هاتووە: کە «راگەیاندنی دەرئەنجامی کۆتایی هــەڵــبــژاردن و راپرسییەکان لــەدوای راستاندنی لەلایەن دادگــای تێهەڵچوونەوە، جگە لە هەڵبژاردن و راپرسیيە فیدراڵییەکان ئەرکی ئەو دەستەیەیە».

**دووەم:**

**لایەنی هونەریی:**

پـــرۆســـەی هــەڵـــبـــژاردن بە راپرسییەکانیشەوە یەکێکە لە گەورەترین چالاکییە هونەریی و ئیدارییەکان و ئاڵۆزترینیانە، کە دەکرێت هەر وڵاتێک رێکی بخات و جێبەجێی بکات، لە رووی سەقفی کاتییەوە بێت، یان لە رووی زنجیرەیەک بڕیارەوە بێت، کە پێویستە بگیرێتە بەر لە ئامادەکاریی پلان و نەخشەی خشتەکاتی و دیاریکردنی ئەرک و دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکان و بــەدواداچـــوون و هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی لە رێگەی لێکۆڵینەوە لە واقیعی کرداریی بۆ جێبەجێکردنی دەبینین، کە پێکهێنانی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا کێشەیەکی سەرەکیی دەنێتەوە، کە ئەویش: (دووفاقی پێوەرەکان) لەنێوان ئەو شتانەی کە کۆمسیۆن و دەستەکە دەری دەکەن لە میانەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە:

١- تـۆمـارکـردنـی دەنــگــدەران و دۆزیــنــەوەی تۆمارێکی دەنگدەرانی سەرکەوتوو، کە میسداقیەت و ئاگاییەکی تـــەواوی هـەبێت بــە گواستنەوەی دەنگەدەران و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لە چوارچێوەی هەمان پێوەرو رێوشێنی یاسایی.

٢- تــۆمــارکــردنــی کــیــانــاتــی سیاسیی و راستاندنیان و راستاندنی هاوپەیمانێـتییەکان و پاڵێوراوان.

٣- بابەتی بانگەشەکانی هەڵبژاردن و رێکخستن و چاودێریکردنیان.

٤- دانــان و ئامادەکاریی رۆژی دەنگدان هەر لە سیاسەتی دامەزراندن و مەشقپێکردنەوە، ئەمە جگە لە کێشەکانی چاپکردنی فۆرمی دەنــگــدان و خشتە ئامادکراوەکان بۆ جیاکردنەوەی ژماردنی دەنگەکان و مامەڵەکردن لەگەڕ فۆرمی دەنگدان و کۆکردنەوەی دەنگەکان... هتد، لە وردەکاریی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

٥- پــرۆســـەی کــۆکــردنـــەوەو تۆمارکردنی دەرئەنجامەکان.

٦- مامەڵەکردن لەگەڵ شکاتەکانی هەڵبژاردندا.

٧- راگەیاندنی دەرئەنجامەکان و رێـوشـوێـنـەکـانـی راسـتـانـدنـی ئەو دەرئەنجامانە.

هەموو ئەم وردەکاریی و قۆناغانەی کە لەنێو لاپەڕەکانیدا دەیان سیستەم و بڕیارو رێنمایی لەخۆ دەگرێت، پێویستی زۆری بە یەکێتی پێوەرو یەکێتی بڕیاردان و دیاریکردنی بەرپرسیارێتییەکان هەیە.

**سێیەم:**

**لایەنی ئیداریی و دارایی:**

لە مافی کرداریدا چەندین کێشەی ئیداریی و داراییمان بۆ دەردەکەوێت، کە بــەر لە جێبەجێکردنی پرۆسەی هــەڵــبــژاردن لــە رووی پەیوەندیی نووسینەگەی پارێزگاکان و دەستەی ئێستای هەرێمەوە بێت بە کۆمسیۆنەوە، ئەگەر ( دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان و راپرسی) پێکهێنراو هەروەها کێشەی دارایی و ئیداریی لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

لەبەر ئەوانەی کە پێشتر باسمان کـــردووە، کۆمسیۆن لە ئێستادا کار بۆ کاراکردنی نووسینگەی دەستەی هەڵبژاردنەکان دەکــات لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لە رێگەی چەندین هۆکارەوە گرنگترینیان:

١- پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ.

٢- پاڵپشتیی و برەوپێدان و کاراکردنی دەستەکە لە رووی توانای مادیی و بەشەرییەوە.

٣- رێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەستەکەو پەرلەمانی هەرێم.

٤- کارکردن بۆ ئـەوەی دەستەکە وای لێبکرێت سەرپەرشتی کارەکانی نووسینگەی پارێزگاکانی هەرێم بکات.

٥- بەشداریی پێکردنی دەستەکە لە پلانی کـرداریـی و نەخشەی کاتی هەڵبژاردنە تایبەتەکان بە هەرێمی کوردستان- عێراق.

ئەمەش بۆ خۆی رۆڵ و کاریگەریی دەبێت لە دۆزیـنـەوەی بەدیلێک بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی سەربەخۆ کە ئەم دەرئەنجامانە بێنێتە دی:

١- گونجان لەگەڵ یاسای کۆمسیۆنی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧)

٢- نەمانی کێشە یاسایی و هونەریی و ئیدارییەکان، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا.

٣- فەراهەمکردنی کەشی پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی لە عێراقدا.

لەبەر رۆشنایی ئـەوەی باسمان کردووە، پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ناکۆکە لـەگـەڵ یـاسـای کۆمسیۆنی بـاڵای سەربـەخـۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (١١)ی هەموارکراوی ساڵی (٢٠٠٧).

**ئا: هەستیار قادر**

# «پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، مەسەلەیەکی سیاسییە»



**چاوان عەلی**

سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێیوایە؛ مەسەلەی پێکهێنانی دەســتــەی بـــاڵای ســەربــەخــۆی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان لەگەڵ ئەوەی مافی هەرێمە، بەڵام پێویستە ئاگاداری لایەنە سلبییەکانیشی بن.

فـــەرەج حـــەیـــدەری، ســەرۆکــی کۆمسیۆنی بـــاڵای ســەربــەخــۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێکهێنانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، رەهەندە سیاسییەکەی زاڵە بەسەریداو بە پێکهێنانی ئـەو دەستەیە لایەنە سیاسییەکانی هەرێم، دەیانەوێت کیانێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروست بکەن، کە ئەمەش مافێکی ئاسایی خۆیانە.

لـەکـاتـێـکـدا کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، چەند تێبینییەکیان لەسەر پرۆژەیاسای پێکهێنانی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کـوردسـتـان ئـاراسـتـەی پەرلەمانی کوردستان کردووە، ئەوەیان خستووەتە روو؛ کە پرۆژەیاساکە پێچەوانەو دژە لەگەڵ یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە لە عێراق.

ســەبــارەت بــە دوا سەرنجی کۆمسیۆن لەسەر پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە ئەوان وەک کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق مافی ئەوەیان نییە رێگەی پێبدەن، یان رێگریی لێبکەن و وتی: «پێکهێنانی ئەو دەستەیە لایەنی باش و خراپی هەیە، لایەنە باشەکەی ئەوەیە، کە زۆرێک پرۆژەو یاسا لە بیرۆکەی کوردا هەیە بەهۆی بوونی رەهەندی سیاسییەوە بۆ کورد سەر نەگرێت و ئەنجامی نەبێت، بەڵام ئەگەر خۆی کۆمسیۆنی هەبێت، ئەوا تەنیا پەرلەمان و حکومەت بڕیار لەو دەستەیە دەدەن و مەبەستەکانی کورد زیاتر پارێزراو دەبێت».

سەبارەت بە لایەنە خراپەکانیشی وتی: «رەنگە قورساییەک لەسەر حکومەتی هەرێم دروست بکات، کە نەتوانێت تەحەمولی بکات، چونکە دەبێت بیناو فەرمانبەری زۆری بۆ دابین بکات و ئەم خەرجیانەو خەرجی هەڵبژاردنەکانیش دەچێتە سەر بودجەی هەرێم و حکومەتی عێراقیی پەیوەندیی پێوە نابێت».

روونیشیکردەوە؛ کە پێکهێنانی ئەو دەستەیە بەپێی پرۆژەیاساکەی، تەنیا بۆ هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانەو هەڵبژاردنە گشتییەکان کۆمسیۆنی باڵای عێراق ئەنجامی دەدەن، کاریگەریی بۆ سەر مادەی (١٤٠)و ناوچەدابڕاوەکان نابێت، بەڵام جەختیشی کـردەوە، کە ئەگەر هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی بکرێت و هەرێمیش مامەڵە لەگەڵ کەرکوک، یان هەر ناوچەیەکی جێناکۆک وەک بەشێک لە کوردستان بکات و بیەوێت بەشدارییان پێبکات، ئـەوا ئـەوکـاتـە دەسـتـەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم رووبـەڕووی کێشە دەبێتەوە، چونکە لایەنەکانی دیکەی ئەو شارە رەنگە رازی نەبن».

# دەستەیەک بۆ بێماناکردنی هەڵبژاردن



**نەژاد جەلال**

زۆرجار قسەیەکی (د.دینیس نەتالی) مامۆستامم بە بیردێتەوە، دەیوت: «لە کوردستان هەڵبژاردن پێچەوانەی هەموو دنیایە، لە هەموو وڵاتێکدا دەزانرێت کەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام نازانرێت کێ براوە دەبێت، کەچی لە کوردستان کەس نازانێت کەی هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام هەموو کەس دەزانێت کێ دەیباتەوە».

دوای دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پـەرلـەمـان، بە هەڵەداوان لیستی کوردستانیی (پ.د.ک–ی.ن.ک) پـرۆژەیـاسـای (دەسـتـەی باڵای هـەڵـبـژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان)یان خستووەتە ناو هۆڵی پارلەمان بۆ گفتوگۆ، هەرچەند ئامانجی دەسـەڵات لەوەها دەستەیەک روونـە، بەڵام وەک کۆی کاروکردەوەکانی تریان بەرگێکی نەتەوەیی و نیشتمانییان بە بەردا کـردووە، ئەوەی ئەو بەرگەش دادەماڵێ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانن کە هاوهەڵوێست و بوێرانە نیازە شاراوەو ترسناکەکانی وەها دەستەیەکیان هێناوەتە ناو باس و خواسە گشتییەکانەوە.

چەند رۆژێکە سەرجەم کەناڵ و کەسایەتییەکانی دەسەڵات باس لە گرنگیی پێکهێنانی ئەو دەستە نەتەوەییە دەکـەن، چەمکی نەتەوەیی لای دەسـەڵاتـی کـوردی زۆر گشتگیرە، ئـەوان هەر لە شەڕی نـاوخـۆوە... تا ئاودیوکردنی نەوتیان بە موزایەدەی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ئێمە فرۆشتووە، بۆیە ئیدی لای تاکی هوشیار چەمکی نەتەوەیی و نیشتمانی یەکێتی و پارتی هیچ مانایەکی نییە.

کارو کردەوەکانی دەسەڵاتی کـوردی، کە هەموو ئان و زەمانێک رووپۆشی دەکەن بە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی جێی سەرنج و تێڕامانە، دەبێت لای ئەم دوو هێزە ئەو چەمکانە چی بگەیەنێت؟! دیارە لای ئەوان:

– نـەرمـی نـوانـدن و سـازشـکـردن لـەسـەر مافە دەستوورییەکان لە عێراق و جێبەجێ نەکردنی مادەی (١٤٠)، لەبری ئەوە وەرگرتنی پۆست و ئیمتیازاتی کەسی و حیزبیی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

– بوونی دوو هێزی چەکداری حیزبیی و دوو ئاسایش و دوو پۆلیس و دوو دەزگای هەواڵگری (پاراستن و زانیاری) سەد لە سەد ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

– سەرکوتکردنی ئازادیی کپکردنی دەنگی جیاواز و تۆقاندن و راونان و هەڕەشەکردن لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

– ناشەفافیی لە گرێبەستی نەوت و ئاودیوکردنی بەرهەمە نەوتییەکان و ونکردنی داهاتەکەی، بێگومان ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

– رێزلێنان و بەرێزەوە بەرێکردنی گەورە تاوانبارو سەرۆک جاشەکان بۆ هەندەران ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

– بە حیزبکردنی زانکۆو دادگاو کۆی دامەزراوەکان بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەزانن، بۆیە ناتوانن کەمتەرخەم بن لـەوەی کە کۆی کۆمەڵگە بکەن بە حیزبیی.

– هەموو ئەوەی ئەوان دەیانەوێت و دەیکەن و لە بەرژەوەندیی خۆیانە بێ سێ و دوو ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

ئەوان وای دەبینن نەتەوەو نیشتمان و سەروەریی یەکسانە بە سەرکردەو حیزب و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ئێمەش دڵنیاین لـەوەی کە ئـەوان نەتەوەو نیشتمان و هەموو پیرۆزییەکانیان خستووەتە خزمەتی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان.

ئێمە دڵنیاین لەوەی کە یەکێتی و پارتی هەرچۆن نەیانتوانیوە تائێستا بەڕێوەبەرێکی ناحیزبیی بۆ دایەنگەیەک و قوتابخانەیەک دابنێن، ئاواش جۆرە کەسانێک دەدۆزنەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو دەستەیە کە گوێڕایەڵی حیزب بن و نەک هەر بڕیار لە مەکتەب سیاسییەکانەوە وەربگرن، بەڵکو ملکەچی کۆمیتەو ناوچەکانیش بن.

دروستکردنی ئەو دەستەیەی یەکێتی و پارتی لە هەوڵدان بۆی، سەرەڕای ئەوەی دابڕانی تەواوەتی ناوچە کێشەلەسەرەکانە لە هەرێمی کوردستان، هەوڵێکیشە بۆ ئەوەی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا بە یاسایی و لە رێگەی وەها دەزگایەکەوە شەرعیەت پێ بدەن و ئیدی هیچ مانایەک نەمێنێت بۆ هەڵبژاردن، هاوکات دەیانەوێت دەستوورێکی پێ تێپەڕێنن و پەسەند بکەن کە هەموومان گوێڕایەڵ و ملکەچی خەونەکانی ئەوان بکات، دەیانەوێت لەم رێگەیەوە هەڵبژاردن بۆ ئەوەبێت کە وەلائی مێگەل و شەرعیەتدانەوەی دووبارە بۆ عەرشیان ناوە ناوە تازە بکەنەوە.

بێگومانین لەوەی ئەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەی کە دەسـەڵات لە ئێستادا بیری لێکردووەتەوە، بۆ کۆتکردن و بچووکردنەوەی ئۆپۆزسیۆن و لەباربردنی خەونی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە، بۆیە دەبێت یەقینیشمان هەبێت کە بەرەنگاربوونەوەی ئەو خەیاڵەی ئەوان و دروستکردنی دەستەیەک بەو شێوەو مانایانەی کە یەکێتی و پارتی دەیانەوێت، هەرچۆن بەرگریکردنە لە دیموکراسیەتێک کە ئەوان دەیانەوێت هەر بە ناکاملیی بمێنێتەوە، ئاواش ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

لەڕێی داواکاری گشتییەوە داوای لێکۆڵینەوە لە بەقاچاخبردنی نەوت دەکرێت 6

# بۆ دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم
# ئۆپۆزسیۆن: کشانەوە، یان تەوافوقی سیاسیی هەڵدەبژێرێت؟

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

کاردانـــەوەی پرسی دەســتـــەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هــەرێــم، ئۆپۆزسیۆن لەبەرەیەکدا بەرامبەر دەسەڵات کۆدەکاتەوەو لە ئەگەری ڕەنگڕێژکردنی حیزبیی ئەو دەستەیەشدا، هەڕەشەی کشانەوە لەکۆبەندی ئیئتیلافە کوردییەکەی بەغدا دەکرێت.

پڕۆژە یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژارنەکانی هەرێمی کوردستان، لەلایەن (١٣)پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی لــە (٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٠)دا ئامادەکراوە، ســەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو پڕۆژەیاسا، کەچی ئەم بیرۆکەیە تەنیا دوای (٤) ڕۆژ لە ئامادەکردنی، خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا.

لەگەڵ ئەوەی (٣) مادە، لەکۆی (١٦) مادەی پڕۆژەیاساکە پەسەندکراون، بەڵام مادەی (٤) دوو دانیشتنی پەرلەمان کە دواینیان بڕیاربوو یەکشەممەی ڕابردوو (١٠/١٠) ڕێکبخرێت، بۆ ڕۆژی چوارشەممە دواخــرا، ئەمەش دەریدەخات، ئەو مادەیە خاڵی ناکۆکیی نێوان فراکسیۆنی کوردستانییو ئۆپۆزسیۆن پێکدەهێنێت.

بەشی یەکەم لەمادەی (٤)، تایبەتە بە دیاریکردنی ئەنجومەنی دەستەو بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنو تێیدا هاتووە: «ئەنجومەنی دەستەی باڵا، لە (٩) کەس پێکدێت، لانیکەم دوانیان یاسایی بن، لەلایەن لیژنەیەک لە پەرلەمان دەپاڵێورێنو دواتر بە دەنگدانی زۆرینەی ڕەها (٥٠+١)ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن».

ترسی ئۆپۆزسیۆنیش ئەوەیە کە بەپێی ئەو یاسایە، فراکسیۆنی کوردستانیی، بەحوکمی ژمارەی کورسییەکانیان، دەنگ بەو کەسانە دەدەن کە بەقازانجی خۆیان دەشکێتەوە، ئـەمـەش بـەبـڕوای ئـــەوان، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دەنگو نەخشەی سیاسیی هەرێم دەبێت، بۆیە داوا دەکەن، دەستکاریی ئەو مادەیە بکرێت، بەشێوەیەک کە ڕێگەبدات ڕێژەی دەنگدان (٢/٣) بێت، واتە لەکۆی (١١١) پەرلەمانتار، پێویستی بە (٧٤) دەنگ هەبێت.

لەبەرامبەر هــەوڵــی پەراوێزخستنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان، ڕۆژی (٢٠١٠/١٠/٩) بـزووتــنــەوەی گـــۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی کۆبوونەوەو لە ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشدا، ئاماژەیان بەپێویستی ڕێزگرتن لەبیروبۆچوونە جیاوازەکانی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان کــردەوە، لەحالەتی بەردەوامی سیاسەتی پەراوێزخستنیان، هەڵوێستیان تا ئاستی کشانەوە لە ئیئتیلافی کوردستانییەکان بردەکات.

ڕاگــەیــەنــراوەکــەی ئــەم سێ لایەنە لە پەرلەمانی کوردستانو عێراق، تێپەڕاندنی دەستەی هەڵبژاردنەکان بەبێ ڕەچاوکردنی هەموو پێکهاتەو فراکسیۆنەکان، بە مەترسیدار دەزانــێــت لەسەر ئەزموونی سیاسییو دیموکراسی هەرێم.

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمان کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بڕوامانوایە، پێویست دەکات کە هەڵبژاردنی دەستەی کۆمسیۆنەکە بەدەنگدانی (٢/٣) پەرلەمانتاران بێت، لەبەرئەوەی بارودۆخی سیاسیی هەرێم پێویستی بە هاماهەنگی لایەنەکان هەیە، بەو ڕێگەیەش نەبێت، دڵنیایی هەموو کوتلەکان لەسەر کارەکانی ئــەو دەستەیە لەکاتی هەڵبژاردنەکان دروست نابێت».

ســـەرۆکـــی فـــراکـــســـیـــۆنـــی کـــۆمـــەڵ، ئاماژەی بەوەشکرد: لەدەستوورو یاسا جیهانییەکانیشدا، دەبینین کە ئەوەی گرنگو بـایـەخـدارە، دەنگی زۆریــنــەی پێویستە، ئەنجومەنی نــەتــەوە یەکگرتووەکان بۆ بڕیاری جەنگ، یان ئاشتی پێویستی بە (٢/٣) ی دەنگەکان هەیە، لەدەستووری عێراقی (٢/٣)ی سێ پارێزگا دەتوانن دەستوورێک ڕەتبکەنەوە، بۆیە ئۆپۆزسیۆن ئەم پرسە یاساییەی هەڵبژاردن بە گرنگ وەردەگرێت.

لای خۆشیەوە، بورهان ڕەشید، ئەندامی لیژنەی یاساییو پەرلەمانتاری گۆڕان، داوای زەمانەتی یاسایی دەکات بۆ پاراستنی ئەنجامی هەڵبژاردنو ڕاپرسییەکانی هەرێم، ئەوەش دەبەستێتەوە بە ڕێوشوێنی یاساییەوە، نەک بەڵێنی زارەکیو وتی: «ئەگەر ئەمە پڕۆژەیەکی نیشتمانییە، ئێمەش لەپەرلەمان، (٢٥٪)ی دەنگی خەڵکین، داوایەکی سادەمان هەیە، کە پێویستە ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەو دەستەیە، بە (٢/٣)ی دەنگدان بێت، هەرچەندە بۆمان دەرکەوتووە پەلەکردن لەو دەستەیە، جگەلە ئامانجی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ویستی ڕاپرسی دەستووری هەرێمیشی هەیە».



پێویستە ئەو نیگەرانییەی ئۆپۆزسیۆن بەجدیی وەربگیرێتو
دەستەکە هی هەموو خەڵکی کوردستان بێت



دوو حاڵەت هەیە، یان پەنابردن بۆ مەسەلەی زۆرینەو
کەمینە، یان گەڕانەوە بۆ مەسەلەی تەوافوق



لەگەڵ تەوافوقدا نیم، بەڵام پێموایە ئەم ڕێگایە باشترە لەوەی
لایەنێک لەژێر دیموکراتییەتی زۆرینەدا، کۆنترۆڵی دەستەکە بکات

فراکسیۆنی سۆسیالیست، ئاماژە بـەوەدەکــەن، پێویستە لەنێوان خواستی کوردستانی، کە داوای (٥٠+١) دەکــەنو ئۆپۆزسیۆن (٢/٣)، چارەسەرێکی ناوەند بۆ دامەزراندنی ئەو دەستەیە بدۆزرێتەوە.

عەبدوڵلا حاجی مەحمود، سەرۆکی فراکسیۆنی سۆسیالیست، بە ڕۆژنامەی وت: «باشترە ئەو دەستەیە نوێنەرایەتیو خواستی هەموو لایەنەکانی تێدا ڕەنگبداتەوەو پێویستیشە کوردستانییو ئۆپۆزسیۆن، بگەنە چارەسەری ناوەند، نەک گرفتەکانی ناوخۆ بچێتە دەرەوە کە کاردانەوەی خراپی لەسەر کۆدەنگی هەرێمو پرۆسەی سیاسیی دەبێت».

بەوپێیەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) دامەزراوەو سەر بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، دەستەکەی هەرێمیش پەیوەست دەبێت بە پەرلەمانی کوردستانەوە، بەشێوەیەک بۆ هەر (٥) ساڵێک دەستەی باڵاو ئەنجومەنی هەڵبژاردنی لەپەرلەمانەوە دەنگی لەسەر دەدرێت.

ســـەرەڕای ئـــەوەی بەپێی دەستووری عێراقییش، ئەم کۆمسیۆنانە سەربەخۆن، بەڵام ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشوو لەعێراقو هەرێم دەریخستووە، ئەگەرچی سەربەخۆن، بەڵام لە کاریگەریی سیاسیی بەدەرنەربوون، وەک چۆن زۆربــەی بەرپرسەکان لەسەر بنەمای حیزبیی لەپۆستەکانیان جێگیرکراون.

د. لەتیف شێخ مستەفا، پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەبارەت بە یاسای دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم، ڕایگەیاند: «ئەم یاسایە لەتوانایدا هەیە، لەژێر چەتری دیموکراسییەتدا، کۆی پرۆسەی سیاسیی قۆرخبکات بۆ لایەنێکی دیاریکراوو چارەسەر بۆ ئەو حاڵەتە ئەوەیە، دەستەی باڵاکەیو دامەزراوەکانی لەبەڕێوەبەری پارێزگاکانو نووسینگە فەرعییەکان بە میکانیزمێک بێت، کە پۆستەکانیان بە خەڵکی بێلایەنو سەربەخۆ پڕبکرێتەوە».

لەتیف شێخ مستەفا، کە پسپۆڕی یاسای دەستوورییە، پێیوایە: ئەگەرچی لەدەستووردا باسی دەســەڵاتــی هەرێمەکان کــراوە بۆ پێکهێنانی چەند دەستەیەک، بەڵام ئەو دەقەش تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێتو وتی: «پێویستە دادگای ئیتیحادی بڕیاربدات، ئایا هەرێمەکان بۆیان هەیە دەستەی سەربەخۆ هەڵبژێرن، یان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەستەیەکی سەربەخۆ هەبێت».

چاودێرێکی سیاسیی، ناکۆکییەکانی نێوان دەســەڵاتو ئۆپۆزسیۆن لەسەر دەستەی هەڵبژاردنەکان، بۆ نەبوونی متمانەی نێوانیان دەگێڕێتەوە.

فەرید ئەسەسەرد، چاودێری سیاسیی، وتــی: «دوو ڕێگەمان لەبەردەستە، یان ئەوەی کۆمسیۆنەکەی بەغدا وەک خۆی بهێڵینەوەو ئەو سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکات، یاخود دەستەیەک تایبەت بەهەرێم، بەمەرجێک وەک دەزگایەکی سەربەخۆ کاربکات، دابمەزرێنین، واتە ڕووخساری سەربەخۆبوونی دیاریی بکرێتو دوور لە دەستکاری هەر لایەنێک ئەرکەکانی جێبەجێ بکات».

ســەرۆکــی فراکسیۆنی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستان بەپێویستی دەزانێت کۆدەنگیەک لــەســەر یــاســای دەستەی هەڵبژاردنەکان هەبێتو لیژنەیەکی پەرلەمانی پێکبهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامانی دەستەکەو شێوە تەوافوقێکی لەسەر بکرێت.

ســۆزان شەهاب ئاماژەی بەوەشکرد ئێمە دەزانین لەناو هەرێمی کوردستاندا یەک لەسەر سێی پەرلەمان موعارەزەیەبۆیە لـەیـاسـای دەســتــەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، پێمانباشە هەمو لایەک ڕەزامەندبن لەسەری، بەڵام مەرج بەسەر یەکتریدا نەسەپێنین، وتیشی :» داوامانکردووەلیژنەیەکی پەرلەمانی دروست بکرێت کەنوێنەری هەمو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی تیادا دەبێت بۆ وەرگرتنی سی ڤی ئەو خەڵکانەی کەپێشکەشی دەکەن بۆ ئەو دەستەیە، بــەڵام مەسەلەی دوو لەسەر سێ مەسەلەیەکی دەستوریە، ئێمە دەستوری هەرێمان نیە، ناچار پەنا بۆ دەستوری عیراق بەرین بۆ هەمو شتێک ئێستا لەدەستوری عیراقیشدا حاڵەتەکانی دو لەسەر سێ جیاکراوەتەوە چیو چیە، واتە ئەو شتانەی کەئەو برادەرانە داوای دەکەن لەپێناوی متمانەدا کارێکی نادەستوریە».

لەحالەتی پێداگرتنی فراکسیۆنی کوردستانیی لەسەر دەنگدانی زۆرینەی ڕەهاو ئۆپۆزسیۆن جەختکردنەوە لەسەر ڕێــژەی (٢/٣)ی دەنگی پەرلەمانتاران، هەڵبژاردەی سێیەم دێتە ناو هاوکێشەکەوە کە بریتییە لەتەوافوقی سیاسیی.

لەتیف شێخ مستەفا، ڕایدەگەیەنێت: «تا دەکرێت، پێویستە میکانیزمێک بسازێت کە خەڵکی بێلایەن بۆ ئــەو دەسەتەیە هەڵبژێردرێن، هەرچەندە لەگەڵ تەوافوقدا نیم، بەڵام پێموایە ئەم ڕێگایە باشترە لەوەی لایەنێک لەژێر دیموکراتییەتی زۆرینەدا، ڕێگا خۆشبکات کە کۆنترۆڵی دەستەکە بکات، بۆیە هەبوونی ئەندام لە لایەنەکانی تر دەبێتە لەمپەر لەبەردەم خواستی زۆرینەدا».

فەرید ئەسەسەرد، وتی: «بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، دوو حاڵەت هەیە، یان پەنابردن بۆ مەسەلەی زۆرینەو کەمینە، یان گەڕانەوە بۆ مەسەلەی تەوافوق، وەک چۆن لەعێراقیش کاری پێدەکرێتو هــەردوو حاڵەتەکەش شەرعییەتیان هەیە».

لەلایەکی دیکەوە د. ڕەفیق سابیر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کوردستانیی، وتــی: هاوکارانمان لە ئۆپۆزسیۆن، بۆ شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەی هەڵبژاردن، داوادەکــەن بەدەنگی (٢/٣) بێت، لە ترسی ئەوەی فراکسیۆنی کوردستانیی کەسانێک لەو ئەنجومەنە دابنێت کە سەر بە یەکێتیو پارتی بــن، پێویستە ئــەو نیگەرانییەی ئۆپۆزسیۆن بەجدیی وەربگیرێتو دەستەیەکی باڵای هەڵبژاردن پێکبێت، هەموو خەڵکی کوردستان بەئۆپۆزسیۆنیشەوە، بە هی خۆیانی بزانو متمانەی پێبکەن، چونکە ئەگەر ئەم کۆمسیۆنە، جێگای متمانەی خەڵکی کوردستان نەبێت، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.



پێمانباشە لەدانانی ئەندامانی دەستەی هەڵبژاردنەکان
جۆرە تەوافوقێک هەبێت



بە دەنگدانی دوو لەسەر سێ نەبێت، دڵنیایی هەموو
کوتلەکان لەسەر کارەکانی ئەو دەستەیە دروستنابێت



پێویستمان بە زەمانەتی یاسایی هەیە بۆ پاراستنی ئەنجامی
هەڵبژاردنەکانو ڕاپرسییەکانی هەرێم



باشترە ئەو دەستەیە نوێنەرایەتیو
خواستی هەموو لایەنەکانی تێدا ڕەنگبداتەوە

# «لە کۆنگرەی پارتیدا، مەکتەبی سیاسیی‌و کۆمیتەی ناوەندی نامێنن»

## «پێویستە ناوەندی دادوەریی بێتە دەنگ کە ئێمە کار بەیاسای رۆژنامەوانی دەکەین یان نا»

سازدانی: رۆژنامە

**ئاری هەرسین بەرپرسی راگەیاندنی سەرکردایەتی پارتی لەپارێزگای سلێمانی، پێیوایە کۆنگرەی ١٣ی پارتی کۆنگرەیەکی زۆر نەوعیی دەبێت‌و گۆڕانکاریی بەسەر ستراکتۆری حیزبەکەدا دێنێت. ئاری کە نزیکە لە سەرۆکی پارتی‌و سەرکردایەتییەوە، سەبارەت بە شکاتەکانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی وتی: «ئەو مەبلەغەی کە لە دەعواکاندا داواکراوە سیمبولێکەو ئاستی تووڕەبوونی پارتی دەردەبڕێت، ئەگەر رۆژنامەو گۆڤارەکان داوای لێبووردن بکەن پارتی دەست لە دەعواکان هەڵدەگرێت».**


ئاری هەرسین

**رۆژنامە: ئێوە وەک کادیرێکی پارتی، چۆن دەڕوانـــنە کۆنگرەی (١٣)ی حیزبەکەتان، پێتانوایە، کۆنگرەیەکی نەوعیی دەبێت، یان هەر زیادکردنی رەقەمێکە لەسەر ئـەو کۆنگرانەی پێشووتر کراون؟**

* ئەم کۆنگرەیە، فەرقێکی تری لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکەی پارتیدا ئەوەیە کە پارتی تەجروبەیەکی باشی پەیدا کردووە لە بـواری بەڕێوەبردنی وڵاتـدا، واتە تائێستا حیزبێک نییە لە چیا بێت، حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن بێت بەرامبەر دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان شەڕ بکات، بۆیە ئەو تەجروبانەی لەم کابینانەی ئەخیردا بڵێین هەتا کابینەی پێنجەمی کاک نێچیرڤان، کە پارتی بەشێکی گەورەی دەسەڵاتی بەڕێوە بـردووە، لەم کابینانەدا تەمەتوع کردن‌و مومارەسەکردن بە ئیشی ناو پەرلەمانەوە، کە مومارەسەکردنی دیموکراسییەتە، کارێکی کردووە کە بە تەجروبەیەکی زۆر نوێوە ئەم کۆنگرەیە دەکرێت، ئەمە یەک، جا بۆیە نەوعیی دەبێت، هۆی دووەم: کە نەوعیی دەبێت ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا روویانداوە، هەموو حیزبێکی مۆدێرن بەرەو رووی خۆی دەکات، وەکو چۆن ئینسان سەیری ئاوێنەکە دەکـات، سەیری خۆی دەکات، حیزبە سیاسییەکانیش پێویستە بەرەو رووی خۆیان ببنەوە، بەخۆیاندا بچنەوە، کەموکوڕیی خۆیان ببینن، خاڵـی بەهێزی خۆیان ببینن، لەسەر ئاستی ئەوە پەیڕەوو پرۆگرامی خۆیان دابڕێژن، ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەر ئەوەی هەست بەوە دەکەین کە لە قۆناغێکی نوێ‌و زۆر تایبەتی مێژوویی خەڵکی کوردستاندا، لە ئێستادا دەژین، هەستمان بەوە کردووە کە پێویستە میتۆدی خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە تازانەی کە لە کوردستان روویانداوە.

**رۆژنامە: ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆنگرەدا دەکرێن، بەرچاوترینیان چین؟**

* بە رای من، لەم کۆنگرەیەی پارتیدا، لە دوو لاوە گۆڕانکاریی گەورە دەکرێت، یەکێکیان: پێداچوونەوەیە بە ئیدارەی حیزبدا، چونکە حیزبایەتی بریتییە لە دوو شت، هەر سیاسەت بە گشتی بریتییە لە دوو شت، یەکێکیان ئیدارەیە، یەکێکیان مومارەسەی سیاسییە لە چوارچێوەیەکی سایکۆلۆژیدا، ئیتر ئەمە لەگەڵ تاکەکەسدایە، یان لەگەڵ کۆمەڵگە، یەکێک لەو گۆڕانکارییانەی کە بە دڵنیایی دەکرێت لە ئەنجامی ئەم کۆنگرەیەدا، ئاڵوگۆڕییەو نوێکردنەوەیە لە ئیدارەی حیزبیدا، ئەگەر تێبینی بکەیت، لە ئێستادا سترەکتوری حیزبیی بە گشتی لە کوردستان، هەموو حیزبەکانمان مەکتەبی سیاسییە، لیژنەی مەرکەزی ئیتر دێتە خـوارەوە، ئەو سترەکتورە لەناو پارتیدا دەگۆڕێت بە ئاراستەیەکی مۆدێرن، ئەمە یەک، دووەم: لە بۆچوونەکان، تۆ پەیڕەوت هەیەو پرۆگرامت هەیە، لە پەیڕەوو پرۆگرامدا گۆڕانکاریی دەکرێت کە بەشێکی ئەو سترەکتورەیە کە من عەرزم کردی، ئیدارەی حیزبیی پەیکەرەکەی دەگۆڕێت، دووەم لە مەسائیلی مەنهەج‌و ئسلوبی سیاسەتکردندا، شت زۆر دەگۆڕێت، بۆچی؟

لەبەرئەوەی ئەو پەیڕەوو پرۆگرامەی کە ئێمە ئێستا هەمانە، تینوێتی سیاسیی ئێستای ئێمە ناشکێنێت، لە ئاست ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئێستا لەسەر ساحەی سیاسیی کوردستانە.

**رۆژنـامـە: لەسەر گۆڕانکاریی لە ستراکتۆرو هەیکەلی بەڕێوەبردنی سەرکردایەتیی پـارتـیـدا، بەپێی زانیارییەکانی تۆ، ئەو پۆستانەی کە گۆڕانکارییان بەسەردا دێن، کامانەن، پۆستی سەرۆک‌و سکرتێردەمێنن؟**

* من تەسەور دەکەم، پۆستی سەرۆکی حیزب وەکو چۆن لە زۆر شوێنی دنیادا باوە، لە شوێنی خۆی دەمێنێت، جێگرەکەی، سکرتێری حیزب، بۆ چونکە سکرتێری حیزب، نەک بەو مانا کلاسیکییەی کە ئێمە لێی حاڵی بووین، سکرتێری حیزب ئەرکێکی زۆر گرنگی هەیە لەناو سەرکردایەتیی حیزبدا، ئینجا ئەگەر ئەمە ناوی مەکتەبی سیاسیی بـێـت، یـان ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی بێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، تۆ پێویستت بە سکرتێر هەیە.

**رۆژنـامـە: ئـەی پۆستی مەکتەبی سیاسیی‌وکۆمیتەی‌ناوەندی، گۆڕانکارییان بەسەردا دێت؟**

* بـەڵـێ، ئـەوە ئـەو دوو پۆستە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

**رۆژنامە: ئەو تایتڵە دەمێنێتەوە، یان دەبێت بەشتێکی دیکە؟**

* تەسەور ناکەم، ئەم تایتڵە بمێنێتەوە.

**رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت، پارتی دیموکراتی کوردستان دروشمەکەشی بگۆڕێت، یەکێک لە دروشمەکانی فیدراڵییەتە، بیگۆڕێت بۆ کۆنفیدراڵیی، ئەمە چۆنە؟**

* وەڵڵاهی ئەوە دەبێت کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدات.

**رۆژنـامـە: پـارتـی دیموکراتی کوردستان، وەکو حیزبێکی سەنتراڵ دەردەکـەوێـت، چـاوەڕێ دەکرێت کە لە حیزبێکی سەنترالەوە بگۆڕێت بۆ حیزبێکی لامەرکەزیی، بۆ نموونە مەکتەبی ئیعلامی هەیە، مەکتەبی رێکخراوەکانی‌هەیەو‌هەرلەپارێزگایەکدا سەرکردایەتییەکی‌و ئیعلامێکی خۆی هەبێت؟**

* من چـاوەڕێ دەکـەم، حیزبی ئێمە لەدوای ئەم کۆنگرەیە، حیزبێکی کە بە زۆر میتۆدی لامەرکەزیی ئیش بکات، چونکە تۆ لە بەرامبەر سەنترالیزمدا لامەرکەزیت هەیە، بەڵێ، من تەسەور دەکەم، لەدوای کۆنگرە حیزبی ئێمە بە میتۆدی لامەرکەزیی ئیش بکات.

**رۆژنامە: ئایا، رێژەی کۆتای ئافرەتان بۆ سەرکردایەتیی ئیقرار کراوە؟**

* تەسەور دەکەم، دانرابێت.

**رۆژنامە: هەر تەسەور دەکەیت، یان زانیاریت هەیە؟**

* لەبەرئەوەی من لە لیژنەی تەحزیریدا نیم، ئەوەندەی کە من بە نزیکی گوێم لە بۆچوونی سەرکردایەتیی حیزب بووبێت، بەڵێ.

**رۆژنـامـە: لە سنووری پارێزگای سلێمانی، جۆرێک لە حەزەرو ترس هەیە لای کادیرانی پارتی، کە لەم کۆنگرەیەدا ئەوانەی خەڵکی سلێمانین نەچنە ناو سەرکردایەتییەوە، ئەمە چۆنە؟**

* ئەوەم نەبیستووە، سەیرم لێدێت لەو قسەیە.

**رۆژنامە: لە پارێزگای سلێمانی ترسی کادیرەکان ئەوەیە کە لە سنووری پێنج لقدا، کەمتر لە (١٠٠) کادیر دەرچوون بۆ کۆنگرەو کەمترە (١٠٪)ی ئەندامانی کۆنگرە، بۆیە ترسیان لە دەرچوون بۆ سەرکردایەتیی هەیە؟**

* بۆچی نابێت، خۆ تۆ ناوچەگەریی ناکەیت، لەوانەیە من بۆ خـۆم خەڵکی سلێمانیم، ئەگەر هەڵبژێردرێم لە بەینی کادیرێکی لێهاتووی ناوچەی بادینان، یاخود هەولێر، یا کەرکوک، ئەوم پێ باشتر بێت‌و بۆ سەرکردایەتیی دەنگ بدەم بەو، دەنگ نەدەم بە یەکێک کە خەڵکی سلێمانییە، لەبەر ئەوە ئەساسی مەبادیئی دیموکراسی ناو کۆنگرە، لەسەر ئەوە نییە تۆ خەڵکی کوێیت؟ لەسەر ئەساسی ئەوەیە کە چەند دڵسۆزیت، ئایا کەفائەتت هەیە.

**رۆژنـامـە: پێویست نییە، لـەدوای کۆنگرەوە پارتی بیر لەوە بکاتەوە کە جۆرێک لە گۆڕانکاریی لە میدیاکەیدا بکات، ئێستا میدیای پارتی بە میدیایەکی داخراو لە قەڵەم دەدرێت‌و ئەم میدیایە جۆرێک لە کرانەوەو شەفافییەتی زیاتری پێوە دیاربێت؟**

* بە تەئکید، راستییەک هەیە کە ئێمە دەیزانین، ئەویش ئەوەیە کە راگەیاندنی ئێمە وەکو حیزب، لە ئاستی پێویستدا نەبووە، وەکو هەموو کەموکوڕییەکی دیکە کە تۆ لەناو حیزبەکەتدا ببینیت، پێویستە بەوەدا بچیتەوە هۆکارەکانی دیاری بکەیت، چارەی بۆ بکەیت، بۆیە من چاوەڕوان دەکەم کە گۆڕانکاریی سەوریی‌و پێشکەوتووخوازانەو مۆدێرن، نەک هەر لە راگەیاندن، لە هەموو لایەنەکانی دیکەی حیزبدا بکرێت.

**رۆژنامە: لە سەرکردایەتیی پارتییەوە نزیکیت، سەبارەت بە کێشەی شکاتەکانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی لە کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤار، دوایین گۆڕانکاریی‌و بۆچوونی سەرکردایەتیی پارتی، لەمبارەیەوە چییە؟**

* دوایین گۆڕانکاریی ئەوەیە کە هەر کاتێک ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە هەواڵی نادروست‌و بوختانیان بڵاوکردووەتەوە، بە رەسمیی لە گۆڤار، یان جەریدەکەی خۆیاندا، داوای لێبووردن بکەن لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێمە ئەو دەعوایانە دەکێشینەوە.

**رۆژنامە: ئەمە بۆچوونی شەخسی خۆتە، یان بۆچوونی سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسییە؟**

* ئەمە بۆچوونی جەنابی سەرۆکە.

**رۆژنامە: رەخنە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگیرێت کە ئەو یاسایەی سەرۆکی هەرێم ئیمزای لەسەرکردووە «یاسای رۆژنامەوانی» کاربەیاساکە ناکەن؟**

* ئینجا ئەوە دەبێت جەنابت ئەو پرسیارە ئاراستەی دادوەرەکانی کوردستان بکەیت، چونکە ئەوان لایەنی جێبەجێکاری قانوونی لە هەرێمی کوردستان، ئەرکی مەسائیلی قانوونییە، بۆیە بە بۆچوونی من، ئەوە ئەوان دەگرێتەوە، داواکـاری گشتیی بۆ نموونە، ناوەندی دادوەریی کوردستان.

**رۆژنامە: پێتوانییە کە پێویستە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش کار بەم قانوونە بکات، من نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٨)، بەڕێز تاڵەبانی دەعوای لەسەر رۆژنامەی هاوڵاتی تۆمار کرد لەسەر وەرگێڕانی راپۆرتێکی مایکل رۆبن، بەڕێز تاڵەبانی بە قانوونی رۆژنامەگەریی داوای لەسەر هاوڵاتی تۆمار کردو بردییەوەو رۆژنامەی هاوڵاتی بە (١٣) ملیۆن سزا درا؟**

* ئاخر بەم ئسلوبە قسەکردن لەسەر ئەو وەزعە، کەمکردنەوەیە لە شەئنی نیزامی دادوەریی لە کوردستان، بە بۆچوونی من، ئەگەر بێت‌و ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، خوانەخواستە بێڕێزیمان کرد بە قانوونێک لە قانوونەکانی کە پەرلەمانی کوردستان، با بڵێین دەنگی پێدابوو، جەنابی سەرۆک ئیمزای کردووە، پێویستە ئەوان بێنە دەنگ، چونکە ئیشی ئەوانە، بۆیە من ئەم پرسیارەی جەنابت، ئاراستەی ئەو بەڕێزانانە دەکەم کە دادوەرن لە کوردستان.

**رۆژنامە: وەکو رای بەڕێزت، وەکو رای شەخسی، پێویست نەبوو بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسیی، بەو قانوونە دەعوای تۆمار بکردایە؟**

* ئەگەر پێویست بوایە، بەو قانوونە تۆماری دەکرد.

**رۆژنامە: یەکێکی دیکە لەو رەخنانە کە هەر لەم چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە، مەسەلەی داواکـردنـی ئەو مەبلەغە زۆرەیـە کە هەندێک لە میدیاکان‌و رۆژنامەوانان پێیانوایە؛ کە ئەمە بۆ وشککردنی سەرچاوەی دارایـی ئەو میدیایانەیە؟**

* نـا، بە بۆچوونی مـن، وا نییە، بە بۆچوونی من، ئەو مەبلەغە سیمبولێکەو ئاستی تورەبوونی پارتی دەردەبڕێت، ئاستی تورەبوونی ئێمە دەردەبڕێت.

**رۆژنامە: ئاخر دەعوای وا، بە درێژایی مێژووی عێراق لەسەر هیچ رۆژنامەو رۆژنامەنووسێک تۆمار نەکراوە؟**

* ئینجا قەیدی چییە، با ئێمە یەکەم کەس بین، نابێت؟

**رۆژنـامـە: ئیشوکاری ئێوە، وەکو بـەرپـرسـی ئۆفیسی راگەیاندنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی، چییە، بە نیازی چین؟**

* ئێمە بە نیازین، بەرنامەیەکی مۆدێرنی سیاسیی جێبەجێ بکەین لە بواری میدیای حیزبیدا، ئەمە زۆر بەربڵاوە، هەم لە میدیای ئەلیکترۆنی دەگرێتەوە هەتا میدیای نووسین، وەک رۆژنامەو گۆڤار، رادیۆو تەلەفزیۆن، ئەمەش بەشێوەیەکی مۆدێرنیزەکراو، نەک بەو شێوە کلاسیکییەی کە میدیا تەنیا بلندگۆیەکەو تەنیا پڕوپاگەندە بۆ حیزبەکەی خۆی دەکات، میدیا پێویستە رەنگدانەوەی راستییەکانی ناو کۆمەڵگە بێت، ئێمە ئیش بەوە دەکەین، ئەو میدیایەی کە ئێمە ئیشی پێدەکەین لە پارێزگای سلێمانیدا کە وەکو ئەزموونێکی زۆر زۆر نوێیە لە کوردستان، هەتا ئێستا هیچ حیزبێکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان‌و لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی کوردستانی گـەورەدا، هیچ حیزبێکی سیاسیی ئەو میتۆدەی بەکار نەهێناوە.

**رۆژنامە: ئەم سەڵاحییەتە بە ئێوە دراوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی تا بەو شێوەیە ئیش بکەن؟**

* ئەی ئەگەر نەدرابێت، چۆن دەتوانین ئیش بکەین.

**رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت، رادیۆو تەلەفزیۆن لەدەرەوەی ئیشەکانی تۆ بێت، ئیشەکانی تۆ لە چوارچێوەی دیکەدا بێت، ئەمە تاچەند وایە؟**

* ئەمە زۆر ناڕاستە، لەبەر ئەوەی کە پێیانوتووم، ئیشی من سەرپەرشتیکردنی راییکردنی حیزبە لە پارێزگای سلێمانی، پێیان نەوتووم بەس رۆژنامە، یان بەس گۆڤار، هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە راگەیاندنی پارتییەوە هەیە لە پارێزگای سلێمانیدا، ئێمە سەرپەرشتی دەکەین.

**رۆژنامە: ئێوە پرۆژەیەکتان هەیەو دەتانەوێت ئەو میدیایانەی کە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا لەلایەن پارتییەوە وەک میدیای سێبەر، یارمەتی دارایی دەکرێن، رێکیبخەنەوە، یاخود بیبڕن، دەتانەوێت چی بکەن لەم رووەوە؟**

* ئێمە هەر شتێکمان هەبێت لەسەر هەر کەسێک، یان هەر بۆچوونێکی سیاسییمان هەبێت، بەدەنگی بەرز، بەناوی خۆمانەوە دەیڵێین، لەبەر ئەوە میدیای سێبەر زیادەیە، ئێمە بە تەئکید پێداچوونەوە دەکەین بەوەی کە جەنابت ناوی دەبەیت راگەیاندنی سێبەر، یان میدیای سێبەر، ئیتر رۆژنامەیە، گۆڤارە، یان هەرچییەکی دیکەیە، ئێمە پێداچوونەوە بەوە دەکەین، چونکە پێویستمان بەوە نییە، ناڕاستەوخۆو بەدزییەوە قسە بکەین، هەر شتێک هەبێت، بەدەنگی بـەرزو بەناوی حیزبەکەی خۆمانەوە دەیڵێین، ئیتر چ پێویست بە راگەیاندنی سێبەر دەکات.

**رۆژنامە: بێگومان، ئەوە واقیعێکی سیاسیی هەیە کە یەکێتی‌و پارتی، هەردوولایان کۆمەڵێکی زۆر میدیای سێبەریان هەیە...؟**

* ئەی بە بۆچوونی تۆ، گۆڕان نییەتی؟

**رۆژنامە: گۆڕان، وەکو ئەوەی تەمویل بدرێت بە رۆژنامەیەک، یان گۆڤارێک، ئەوەندەی من ئاگادار بم، نییەتی.**

* ئینجا، بە رەسمیی هیچ حیزبێک نییەتی، ئەگەر بە رەسمیی بێت.

**رۆژنامە: گۆڕان، هەیەتی؟**

* بەڵێ، بە بۆچوونی من هەیەتی، یەککگرتووش هەیەتی، کۆمەڵیش هەیەتی، ئینجا بۆیە دەبێت هەمووومان نەمانمێنێت، ئەمە شتێکە شمولییە، ئێمە دەبێت بۆ ئەوەی خزمەتی رۆژنامەنووسی ئازادو ئەهلیی بکەین لە کوردستان، پێویستە بە هەموومانەوە، بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە، واز بێنین لەم پارە سەرفکردنەو مەشغولیەتی عەقلی خۆمان لە بواری میدیای سێبەردا.

**رۆژنامە: من، زۆرم پێخۆشە کە لەم رۆژنامەیەوە رەخنە لە گۆڕان دەگریت، دەتوانیت ناوی هەندێک لەو گۆڤارو رۆژنامانەم پێبڵێیت، کە سێبەری گۆڕانن‌و لەلایەن گـۆڕانـەوە تەمویلی دارایـی دەکرێن؟**

* نازانم، لەبەر ئەوەی بەدواداچوونم نـەکـردووە، بـەڵام بـە بۆچوونی من، هەیەتی. میدیای سێبەر بەهەموویەوە خراپە، ئێمە بۆچی نەتوانین راستەوخۆ بە یەکەوە قسە بکەین، کێشەیەکی تر هەیە کە تۆ ئەم هەموو میدیا سێبەرەت دروستکرد، سەرت لێتێکدەچێت، ناونانی رۆژنامەنووسە ئەسلیەکە کامەیەو ئەوەی کە تەزویرە کامەیە، جگە لەوەی پارەیەکی زۆری سامانی گشتیی هی هاوڵاتییان سەرفدەکرێت‌و لەوەدا بە هەدەر دەدرێت.

> سەرۆک بارزانی دەڵێت ئەگەر داوای لێبووردن بکرێت دەست لە شکاتەکان هەڵدەگرین

> میدیای سێبەر پارەی گشتیی بەهەدەردەدات

پارێزەرە سەربەخۆکان سلێمانییان بردەوەو لە هەولێرو دهۆک و کەرکوک کشانەوە 8

# «ئـازادیـی نـاسـووتـێـت»

راپۆرتی: سیروان عەول

**چالاکییەکانی کەمپەینی ئازادیی رادەربڕین لە سەرتاسەری کوردستان بە تەواویی شارو شارۆچکەکانەوە، درێژەی هەیەو لەو میانەیەشدا هەزاران هاوڵاتیو نووسەرو رۆژنامەنووسو سیاسەتمەدار، پشتیوانیی خۆیان بۆ ئازادیی رادەربڕین دووپاتدەکەنەوە.**



## بەهادین نوری: تاوانباران لەسەر پێشێلکردنی ئازادیی بیروڕا، دادگایی ناکرێن

عەلی کەریم، نووسەرو رۆشنبیر، پێیوایە: «ئازادیی، ئەگەر بە لاشەو بە جەستە قۆرخ بکرێت، بە بیرو هزر قۆرخ ناکرێت»، چونکە بە بڕوای ئەو، دوای رووخاندنی رژێمی بەعس، کوردستان گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە تامو چێژی ئازادیی کردووەو مەحاڵە هەروا بە ئاسانیی بتوانرێت دەستەمۆ بکرێت.

بۆچوونی ئەم رۆشنبیرە لەکاتێکدایە کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانو ئازادیخوازان کەمپەینێکیان دژی سووتاندنی ماڵی بەختیار شێخ عوسمان لە ناوچەی قەرەداغ پێکهێنابوو، کە بۆ جاری دووەم خانووەکەی لە قەرەداغ سووتێنراو پێشتریش لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا لەسەر بیروڕای جیاواز تەقەی لێکرابوو.

ئەو رۆشنبیرە، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە گرتنو کوشتنی رۆژنامەنووسان، چەند هەوڵێکی ترسنۆکانەنو لە داهاتوودا ئەنجامدەرانی پەشیمان دەبنەوە، «ئەگەر پەشیمانیش نەبنەوە، میللەت پێشیان پێدەگرێت».

عەلی کەریم، دەڵێت: «دەسەڵات، بەم هەوڵانەی دەیەوێت نیمچە دیکتاتۆرییەتێک لە کوردستان دابمەزرێنێت»، لە کاتێکدا بە وتەی ئەو، هێشتا دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد دەستەبەر بکات.

رۆشنبیرانو سیاسەتمەداران، سەرەڕای پشتیوانییان بۆ ئازادیی رادەربڕینو لابردنی لەمپەرەکانی بەردەم کاری رۆژنامەنووسی، جەخت لەوەش دەکەنەوە کە پێویستە چیتر رێگە نەدرێت بە بیانوو، پاساوی جۆراوجۆر، ئازادیی لە کوردستاندا بسووتێنرێت، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە جدیی هەوڵی دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارانە بدەن کە لە رێگەی ترسو تۆقاندنو کوشتنەوە، رێگریی لە ئازادیی رادەربڕین دەکەن.

بەهادین نوری، سیاسەتمەدار، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر یاسا سەروەرەو بەڕاستی کوردستان بەرەو دیموکراسی هەنگاوی ناوە، ئەوا پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان، لیژنەیەک پێکبهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنو گرتنو لێدانی رۆژنامەنووسانو سووتاندنی ماڵو ئۆتۆمبێلو سەروەتو سامانەکانیان.

بەڵام بە وتەی ئەو، لەم وڵاتەدا هیچ رێزێک بۆ یاسا دانانرێت، بۆیە تا ئێستا نەتوانراوە تەنیا تاوانبارێکیش لەسەر مەسەلەی پێشێلکردنی ئازادیی بیروڕا دادگایی بکرێت.

بەهادین نوری، دەڵێت: ئەوسا دوژمنایەتی لەناو عەشایرو دەرەبەگو فەلاحەکاندا هەبوو لەسەر موڵکو ماڵ، کە زەوییوزاری یەکتریان دەسووتاند، بەڵام بەداخەوە کە دەبینین تا ئێستاش، ئەو دابونەریتە دواکەوتووە ماوە لەناوماندا، بەڵام ئەمجارە لە جیاتی زەویی جوتیارێک، ماڵی رۆژنامەنووسێک، یان ئازادیخوازێک دەسووتێنرێت.

ئەو سیاسەتمەدارە، وتیشی: «ئەگەر خەڵک لەسەر بیروڕا سزابدرێن، مانای وایە کە زۆرمان ماوە بگەینە دیموکراسییەتی راستەقینەی پێگەیشتوو».

لەبارەی هەوڵەکان بۆ بەرگرتن لە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین، کوێستان محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات: ئەوان لە دوای کوشتنی سەردەشت عوسمانەوە، کۆمەڵێک هەنگاویان ناوە بۆ بەیاساییکردنی کێشەکان، «هەوڵمان دا، لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام لیژنەکە بەبێ ئاگاداری پەرلەمان دانراو هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا، بۆیە جارێکی دیکە داوامان کردووە، لیژنەکە بێتەوە ناو پەرلەمانو راستەخۆ پەرلەمانتاران ئاگاداری کاروبارەکانی بن».

کوێستان محەمەد، ئەوەشی خستەڕوو: یاداشتێکیان داوەتە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، تا کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان تەرخان بکرێت بە قسەکردن لەسەر رەوشی ئازادییو راگەیاندن، وتیشی: «هەوڵەکانمان بەردەوام دەبن تا دوا مەنزڵ، تا ئازادیی لەم هەرێمە دەچەسپێتو هەروەها لە هیچ کەسێکیشی قبووڵ ناکەین ئازادیی کپ بکاتەوە».




ئەو خانووەی چەندجارێک سووتا

فۆتۆ: سیروان عەول

# لەڕێی داواکاریی گشتییەوە داوای لێکۆڵینەوە لە بەقاچاخبردنی نەوت دەکرێت

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

**کەمپەینی «نا بۆ بەقاچاخبردنی نەوت»، بەڵگەی پێویست دەداتە داواکاری گشتیی بۆ گرتنەبەری رێکاری یاساییو وتەبێژی کەمپەینەکەش دەڵێت: «ئەگەر وەڵام نەدرێینەوە پەنا بۆ دادگای فیدراڵو چالاکیی مەدەنی دەبەین».**

دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر وروژاندنی پرسی بەقاچاخبردنی نەوت لەلایەن میدیا ناوخۆییو بیانییەکانو ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کوردستانەوە، دوای کۆبوونەوەی وەزیری سامانە سروشتییەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، کەمپەینی نا بۆ بەقاچاخبردنی نەوت، کە لە ژمارەیەک رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهاتووەو لە سەروبەندی وروژاندنی پرسەکەدا خۆی راگەیاند، داوا لە داواکاری گشتیی دەکات بۆ ئاشکراکردنی داهاتی ئەو نەوتەو لێپێچینەوە لەو کەسانەی لەپشت بە قاچاخبردنی نەوتەوەن، داوای یاسایی لەوبارەیەوە بجولێنێت.

ئاکۆ خەلیلزاد، وتەبێژی کەمپەینی نا بۆ بەقاچاخبردنی نەوت، ئەوە دەخاتە روو؛ لەو کاتەدا ئەوان وەک رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو گرووپێکی فشار بە دەستپێشخەری تۆڕی بەرگریی لە مافەکانی خەڵک، کەمپەینێکیان سازکرد بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە لەسەر ئەو دۆسیەیەو وروژاندنی، ئێستا بەڵگەنامەکانیان کۆکردووەتەوەو پاش ئەوەش بە سیفەتی هەواڵدەر لە رێی پارێزەرەوە لە رێی یاداشتێکەوە ئاراستەی داواکاری گشتیی سلێمانی-یان کردووە.

وتیشی: «بە بیانووی نەبوونی دەستەی مافی گشتییو دەسەڵاتیان ئامادەنەبوون دۆسیەکەمان لێوەربگرن، دواتر سەردانی دەستەی تۆمارکردنی داوا بە مافی گشتیمان کرد لە داواکاری گشتیی هەولێرو بەڵگەنامەو یاداشتەکەیان لێوەرگرتینو ئامادەییان نیشاندا چی لە توانایاندا هەبێت بیکەن لەسەر ئەو دۆسیەیە».

خەلیلزاد، ئاماژەی بەوەشکرد: «دوای کۆبوونەوەی خۆیان ئەگەر باوەڕیان هێنا نووسراو بکەنەوە بۆ سامانە سروشتییەکان، ئێمە تەنیا داوای جوڵاندنی داوای یاساییمان کردووە لەلایەن داواکاری گشتییەوە، لەبارەی ئەو بەڵگەنامانەی پێمان داون، بۆ ئەوەی ئەگەر راستو دروستیی تێدایە لایەنی پەیوەندیدار کە تۆمەتبارە بە قاچاخبردنی نەوت، لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا بکرێت».

وتیشی: «ئامانجی کەمپەینەکەمان ئەوەیە راستییو دروستیی ئەوە بڵاوبێتەوە، هەرچەندە ئێمە پێمانوایە؛ ئەو بەڵگەنامانەی کۆمانکردوونەتەوە راستن، لایەنی دیکەش هەیە کە بەڵگەنامەیان لایە لەبارەی ئەو پرسەوە، بەڵام لەبەر هەستیاریی مەسەلەکە نەیانتوانی کۆمەکمان بکەن لە پێدانی زانیارییو بەڵگەنامەکان».

لەلایەکی دیکەوە، هیلال ئیبراهیم، پارێزەری کەمپەینەکە بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو بەڵگەنامانەی پێشکەشمان کردووە شایەنی ئەوەن کە داواکاریی گشتیی داوای یاسایی لەسەر بجولێنێتو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەلایەن دادگاوە بانگ بکرێتو پرسیاریان ئاراستە بکاتو وەڵام بدەنەوە».

وەک پارێزەرەکە باسی دەکات، لیژنەیەکی (٥) کەسی لە دەستەی داواکار لە مافی گشتیی هەیە، کە ئەوان دوای لێکۆڵینەوەی خۆیان ئەگەر گەیشتنە بڕوا، ئەوا داوای پێدەجولێنن، ئەوەش دەخاتە روو کە کەمپەینەکە وەک ئاگادارکەرەوەو هاوڵاتی داواکاری گشتییان لەو کەیسە ئاگادارکردووەتەوە، کە بەپێی ئەو زانیارییانە لە بەقاچاخبردنی نەوت دوای یاسایی بجولێنن، وتیشی: «ئەوەش داواکردنو ئاشکراکردنی سەرچاوەی دارایی ئەو پارانەیە، کە لە فرۆشتنی نەوت دەستکەوتووە بۆ کوێ چووە؟ ئایا ئەو پرۆسەیە بەردەوامەو چۆن رێگەی لێبگیرێتو ئێستاش چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین، بزانن ئایا داواکە دەجولێنن».

ئەوەی تاڕادەیەک جێی نیگەرانیی کەمپەینەکەیە وەڵامنەدانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانو وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە بۆ نووسراوێکی دەستەی داوا لە مافی گشتیی، کە پێنج مانگ لەمەوبەرو دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێک لەسەر پرسی بەقاچاخبردنی نەوت لە رۆژنامەی رۆژنامە ئاراستەی وەزارەتی دادو لەوێوە ئاراستەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کراوە.

هیلال، لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە (٥/٢)ی ئەمساڵ داواکاری گشتیی بە نووسراوی رەسمیی وەزارەتی دادی ئاگادار کردووەتەوە، کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاگادار بکاتەوە لەسەر ئەوەی کە لە رۆژنامەی رۆژنامە بڵاوکرایەوە، کە مانگانە (٢٥٠) هەزار دۆلار بۆ یەکێتیو پارتی دەڕوات لە بەقاچاخبردنی نەوت، بەڵام تائێستا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەڵامی داواکاری گشتیی نەداوەتەوە، ئەگەر لەم کەیسە وەڵامی ئێمە نەدرێتەوە، ئەوا ناوەستینو پەنا بۆ لایەنی دیکە دەبەینو داوا لە دادگای فیدراڵیی دەکەین داوایەکی لەوجۆرە بجولێنێتو بەپێی یاسا مافی ئەوەمان هەیە».

کەمپەینەکە ئومێدیان وایە ئەو پرسە یەکلایی بکرێتەوەو لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو کەسو لایەنانە بکرێت، کە دەستیان لە بەقاچاخبردنی نەوتدا هەیە لە کوردستان، کاری یاسایی داواکاری گشتیین، کە ئەگەر کرچو کاڵی نواند، یا ئەگەر دەستێوەردان هەبوو دەچنە پەرلەمانو دواتر پەنادەبەنە بەر دادگای فیدراڵ، هەروەک رای گشتیی دەوروژێنـنو چالاکیی مەدەنی ئەنجام دەدەن.

ئاکۆ خەلیلزاد، وتەبێژی کەمپەینەکە ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکرا کرد: چاوەڕێی دوا هەڵوێستی داواکاری گشتیین، ئەگەر ئەوان بە ئەرێنیی وەڵامیان داینەوە، ئەوا هاوکارییان دەکەین بە دەستخستنی بەڵگەی زیاتر بۆ پاڵپشتی ترو بەدواداچوونی زیاتر بۆ چۆنێتی چوونەدەرەوەی ئەو نەوتە، ئەگەر نا چالاکیی مەدەنیو پەنابردن بۆ یاسا بەردەوام دەبێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی دەستیان هەیە لە پرسی بەقاچاخبردنی نەوتدا».

بۆ بەدواداچوونی زیاترو رای داواکاری گشتیی رۆژنامە، پەیوەندیی بە ئەندامێکو سەرۆکی دەستەی داوا لە مافی گشتیی کرد، بەڵام رایانگەیاند لە وەزارەتی دادەوە لێدوانیان لێ قەدەغەکراوە.




بردنە دەرەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە

فۆتۆ: ڕۆژنامە

# (١١)هەزار عەرەبی هاوردەی کەرکوک قەرەبوو کراونەتەوەو زیاتر لە (١٠)هەزاریان نەگەڕاونەتەوە

راپۆرتی: رێباز محەممەد

**بە بڕیارێکی حکومەتی عێراق، چەندین ئەفسەری عەرەب رەوانەی کەرکوک دەکرێن، سەرەڕای ئەوەی نەتوانراوە ئەو عەرەبەهاوردانە بگەڕێنرێنەوە کە قەرەبووی مادەی (١٤٠) کراونەتەوە**

لەماوەی چوار ساڵی رابـردوودا، زیاتر لە (١١)هـەزار عەرەبی هاوردەی کـەرکـوک، قـەرەبـووی مـادەی (١٤٠) کراونەتەوەو زیاتر لە (١٠)هەزاریان تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیانو لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی سەرژمێریشدا، حکومەتی عێراق ژمارەیەک ئەفسەری عەرەب دەگوازێتەوە بۆ کەرکوک.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، لەماوەی دوو مانگی رابـردوودا، (١٨)ئەفسەری عەرەب بە پلەکانی موقدەمو رائیدو نەقیبو مولازمی یەکەمو مولازمو مفەوەزو نائیب عەریف، گوازراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای کـەرکـوک، کە واژۆی قبوولکردنیان لەلایەن پارێزگای کـەرکـوکو سـەرۆکـی ئەنجومەنی پارێزگاو بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک لەسەر فۆرمی گواستنەوەکەیانەو چاودێرانی سیاسیش هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ لاوازیی دەسەڵاتی کوردی لە شارەکەدا.

هاوڵاتییانی عەرەبی هـاوردەش، ئاماژە بە جێنەهێشتنی کەرکوک دەکەنو پێیانوایە: «کەرکوک، شارێکی عێراقییەو مەیدانەکە جێناهێڵن».

کامیل سالەیی، قایمقامی ناوەندی کـەرکـوک، بـە رۆژنـامـەی راگەیاند: «نیشەجێبوونی بـرا عـەرەبـەکـان لە شاری کەرکوک، بەهۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی شارەکانیان لە ناوەڕاستو خـوارووی عێراقەوەیەو بڕیارێکیان بۆ دەرچووە کە بەشێوەیەکی کاتیی نیشتەجێبن تا بـارودۆخـی ناوچەکەیان ئاسایی دەبێتەوەو ناویان لە وەزارەتـی کۆچو کۆچبەران تـۆمـاردەکـرێـت وەک هاوڵاتییەکی کەرکوک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت».



قایمقامی نـاوەنـدی کـەرکـوک، ئـەوەشـی خستەڕوو: ئەو عەرەبانەی کە ناویان لە لیستی مادەی (١٤٠) دایەو داوایانکردووە، بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، (٢٠)ملیۆن دیناریان وەرگـرتـووەو نزیکەی (١١)هـەزار ماڵی عەرەبن کە دەبێت لە ماوەی (٤٠)رۆژدا کەرکوک بەجێبهێڵن، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، تا ئێستا نزیکەی هەزار ماڵە عەرەب گەڕاونەتەوەو بەشێکی زۆریشیان لە کەرکوک خانوو و زەوی دەکڕنو ناگەڕێنەوە.

سەبارەت بەوەی تا چەند دەتوانن لێپرسینەوە لەو ماڵە عەرەبانە بکەن، کامیل سالەیی، وتی: «ئێمە دەتوانین ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵدا بکەین، چونکە بەڵێنیان داوە کە لەماوەی دیاریکراودا بگەڕێنەوە، بەڵام لەگەڵ لایەنی بەرپرس بۆ ئەو مەبەستە، قسەمان کردووەو دەڵێن، بـــارودۆخو ئـاسـایـش لە شـارەکـانـیـان جێگیر نییە و چا و پۆ شییا ن لێکراوە».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، تا دێت هاتنی ماڵە عەرەبەکان بۆ کەرکوک لە زیادبووندایەو بەرێژەیەک لە چەند گەڕەکێکی شاری کەرکوک، جێگایان بە ماڵە کوردەکان لێژکردووە.

هاوڵاتی، ئەبو عەبدوڵڵا جاسم، کە خەڵکی سەلاحەدین (تکریت)ەو ماوەیەکە لە شاری کەرکوک نیشتەجێ بووە، بە رۆژنامەی وت: «ئێمە، کەرکوک وەکو شارێکی عێراقی سەیر دەکەینو بەجێی ناهێڵین، بۆیە پێویستە لایەنی کوردی بەناوی هیچ مادەیەکەوە تەعریبمان نەکات، راستە خەڵکی کەرکوک نین، بەڵام بارودۆخی شارەکانی نەینەواو سەلاحەدینو شارەکانی تر وێرانکاریی و بێکاریی و ناسەقامگیرییە، بۆیە لێرە نیشتەجێ بووین».

چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، کە لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە، بە پیلانێک هاوڵاتییانی عەرەب رەوانەی شاری کەرکوک دەکرێن، بەڵام بەهۆی لاوازیی دەسەڵاتی کوردییەوە، نەتوانراوە رێگریی لەهاتنی ئەو ماڵە عەرەبانە بکرێت بۆ کەرکوک.

حەمدی گلیی، چاودێری سیاسیی، بـە رۆژنـامـەی راگەیاند: لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە، هاتنی عـەرەب بۆ کەرکوک بە پیلان بووە، چەند بەرپرسێک بە هۆکاری مادیی لە پشتی هاتنی ئەو عەرەبانەوەنو تا ئێستاش سەرکردایەتیی کـورد، نـەیـتـوانـیـوە دەسـەڵاتـێـکـی دادپـەروەرانـە نیشانی نەتەوەکانی کەرکوک بدات تا ئەوانیش هاوکاربن لە ئاساییکردنەوەو جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠).

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە، قایمقامی کەرکوک، ئاماژە بە نەبوونی هیچ جۆرە بڕیارێکی یاسایی دەکات کە بتوانن بەکاری بهێنن تا رێگریی بکات لەهاتنی عەرەب یان مامەڵەکردن بە خانوو و زەوییەوە: «ئەو هاوڵاتییە عـەرەبـانـەی کـە دێـنـە کـەرکـوک، بە شێوەیەکی نایاسایی خانوو دەکڕن، بەهۆی ئەوەی هیچ یاسایەک نییە رێگر بێت لە هاوڵاتییانی عەرەب بۆ کڕینی خانوو، بۆیە مامەڵەیەکی ئێجگار زۆر دەکرێت لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە».

# سەرژمێری، چارەنووسی ناوچەدابڕاوەکان دەخاتە مەترسییەوە...!



دەرباز محەممەد*

وابڕیار بوو، (٢٤)ی ئەم مانگە سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لەعێراق ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی پەکخستنی کارەکانی سەرژمێریی لەلایەن پارێزگاری نەینەواو رازی نـەبـوونـی سوونەکانەوە، پرۆسەکە بۆ (٥) کانوونی یەکەم دواخرا.

لایـەنـە سـوونـەکـان بەگشتیی، پرۆسەی سەرژمێریی رەتدەکەنەوە، بەبیانووی بوونی پێشمەرگە لەهەندێک ناوچەی جێناکۆکو تەواونەبوونی ئامادەکارییەکان، لایەنی کوردیش جەخت لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێریی دەکاتەوە، شیعەکانیش تا ئێستا بێدەنگن لەو بارەیەوە، بەڵام حکومەتی عێراق، کە سەرۆکەکەی شیعەیە، ئەنجامدانی پرۆسەکە دووپات دەکاتەوە.

مەترسییەکانی ئەم سەرژمێرییە لەوەدایە کە بەهێزترین بەڵگە (دیکۆمێنتی)ی رەسمییە کە حکومەتی عێراقو نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامەکانی بەهەند وەردەگرن بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر پرسو کێشەیەک، بەڵام گرەنتی چییە، رێژەی کورد لە ناوچەجێناکۆکەکان لە بەرژەوەندیی نەتەوەییماندا بێت...؟

بەبڕوای ئێمە، ئەنجامی سەرژمێرییەکە لە بەرژەوەندیی کورد کۆتایی نایەت، تەنانەت ئەگەر بێ ساختەو کەموکوڕییش بێت، لەبەر چەند هۆکارێک:

لەساڵانی شەستەکانی سـەدەی رابـردووەوە، پرۆسەی راگواستنی کوردو نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەیان تا ساڵی (٢٠٠٣)بەردەوام بوو، بەڵام کەمترین کوردی دەرکراو گەڕاونەتەوە زێدی خۆیانو کەمترین ژمـارەی خێزانی عەرەبی هاتوویش گەڕاونەتەوە ناوچەکانی پێشوویان.

کێشەکە لەوەدایە کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار (یەکێتیو پارتی) ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان کردووە بەپێوەرێک بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی، لەکاتێکدا خۆیان زۆر باش دەزانـن، سندووقەکانی دەنگدان چۆن پڕکراونەتەوە لەدەنگی ساختە.

هەڵەی گەورەی دەسەڵاتی هەرێم لەحەوت ساڵی رابردوودا، ئەوە بوو کە پشتی بەگواستنەوەی فۆرمی خۆراکی ئاوارەکان بەستبوو، بۆ ناوچەجێناکۆکەکان، نەک خودی خێزانەکان، بۆیە لەکاتی سەرژمێرییدا، ئەو ئاوارانە لەکوێ نیشتەجێبن، بە دانیشتووی ئەوێ ئەژمار دەکرێن، نەک فۆرمی خۆراکەکەیان لەکوێیە، ئەم کارە بۆ خۆی گەورەترین هەڵەی ستراتیژییە لەبرادووودا کراوەو لەئێستادا چارەسەرەکەی مەحاڵە.

من تەنیا یەک نموونەی سادە دەهێنمەوە، هیچ گومانێک نییە لەکوردبوونی ئێزدییەکان، بەڵام لەم سەرژمێرییەدا، سێ ئاراستە جیاوازیان هەیە، بەشێکیان خۆیان بە کورد دەزانن، بەشێکیشان بە عەرەبو بەشێکی دیکەیان خۆیان بە ئێزدی دەزانن، نە کوردو نە عەرەب، کەواتە لەشەنگار، زۆر ئەستەمە کورد وەکو نەتەوە زۆرینە بێتو بەهەمانشێوەش، کوردی شەبەک بوون بە سێ بەشەوە.

بەبڕوای ئێمە، ئەم سەرژمێرییە دابەشبوونی نەتەوەیی کورد لەو ناوچانەدا دیاریدەکاتو بەڕوونی لەئێستاوە دیـارە، بەلانی کـەم، لەنیوەی زیاتری خاکی ناوچە جێناکۆکەکاندا، کورد کەمینەیە، چونکە لەحەوت ساڵی رابروودا، پلانێکی تۆکمەمان نەبوو بۆ گەڕانەوەی ئەم بەشە لەخاکی نیشتمان.

کەواتە، رێـژەی کـورد لەناوچە دابـڕاوەکـان، بـەراورد بە ساڵی(٢٠٠٣)، یان هەر نەگۆڕاوە، یان ئەوەتا لەهەندێک ناوچەدا کەمیکردووە، یان لەهەندێک ناوچەی دیکەدا بەرێژەیەکی زۆر کەم زیادی کردووە، بۆیە بۆ هەتا هەتایە دەسەلمێنرێت کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەم ناوچانە، کورد نین، لەکاتێکدا هەموو بەڵگە جوگرافیاییو مێژووییەکان، کوردستانیبوونی ئەم ناوچانە دەسەلمێنن.

ئەم سەرژمێرییە، دەبێتە گەورەترین بەڵگە بۆ چۆنێتیی دابەشبوونی نەتەوەیی کورد، بەڵام ئەو دابەشبوونە لەبەرژەوەندیی ئێمەدا نییەو دەبێت بۆ هەتا هەتایە دەست لەکوردبوونی (مەندەلی، بەدرە، جەسان، سەعدییە، جەلەولا، قەرەتەپە، سلێمان بەگ، ئامرلی، شاری دووزو بەشی خۆرئاوای پارێزگای کەرکوک، دەشتی نەینەواو تەلەعفەرو چەندین ناوچەی دیکە) هەڵبگرین.

زۆر بەداخەوە، هێندەی پرسی ئەم ناوچانە بۆ وروژاندنـی هەستی نەتەوەیی بەکارهێنرا لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە، هێندە کار نەکرا لەئەرزی واقیعدا بۆ چارەسەر، بۆیە دەبێت ئەوانەی کەمتەرخەمبوون، باجی هەڵە گەورەکانیان بدەنو وەک دەوترێت مێژوو رەحم بەکەس ناکات.

* مامۆستای زانکۆی سلێمانی

# عەرەبو تورکمان، بە دواخستنی سەرژمێریی خۆشحاڵن

ئارام جەمال- کەرکوک



دیمەنێک لە شاری کەرکوک

عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک داوای دواخستنی زیاتری سەرژمێریی دەکەنو چاودێرێکی سیاسیش ئەوە بە دۆڕاندنێکی دیکەی کورد دەزانێت لە پرۆسەی سیاسیدا.

بـڕیـاربـوو مـانـگـی (تشرینی یـــەکـــەم)ی ساڵی رابردوو پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لـە تـــەواوی پارێزگاکانی عێراقدا ئەنجامبدرێت، بـەڵام لەژێر فشارو کاریگەریی عـەرەبو تورکمانەکانی ناوچە دابڕاوەکان پرۆسەکە بۆ ماوەی یـەک سـاڵ دواخـــرا، جارێکی دیکە هەمان ئەو لایەنانە کەوتنەوە دژایەتی پرۆسـەکـە بە بـیانـووی ئـەوەی لە کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان گۆڕانکاریی دیمۆگرافیا لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد کراوە، کەوتنەوە دژایەتی پرۆسەکەو لەژێر کاریگەریی ئەو هەڵوێستانەدا جارێکی دیکە ئەنجومەنی وەزیـرانـی عێراق پرۆسەکەی لە ٢٠١٠/١٠/٢٤-ەوە بۆ ٢٠١٠/١٢/٥ دواخست.

محەمەد خەلیل جبوری، سەرۆکی کوتلەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک جەخت لەوەدەکاتەوە، ئەو بڕیارە لەژێر کاریگەریی نیگەرانییەکانی ئـەوانـدا بـووەو بـۆ رۆژنـامـە وتـی: «خـۆشـحـاڵـیـن بـەدواخـسـتـنـی پرۆسەکە، هەرچەندە ماوەیەکی کەم دواخراوە، بەڵام دەکرێت لەم ماوەیەدا هەندێک ئامادەکاریی لە کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکان بکرێت سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی لە دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەدا کراوە، لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد».

تورکمانەکانیش بەو دواخستنە خۆشحاڵنو پێیانوایە؛ ماوەکەی کەمەو داوای لابردنی ناسنامەی نەتەوە لە فۆرمی سەرژمێریدا دەکەن.

حەسەن تۆران، ئەندامی کوتلەی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو ماوەیەی کە دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی ماوەیەکی کەمەو ناتوانرێت، پێداچوونەوە بەو گۆڕانکارییانەدا بکرێت، کە لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد لە زیادکردنی رێـژەی ژمارەی دانیشتووان لە کەرکوک کراوە»،

وتیشی: «پێشنیازمان کـردووە، یاخود ماوەکە زیاتر درێژ بکرێتەوە تاکو ئەو کاتەی بەندەکانی مـادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، کە خۆی لە پێداچوونەوە بە تۆماری رەگەزنامەو دەنگدەراندا دەبینێتەوە، یاخود باری نەتەوەیی لەناو فۆرمی سەرژمێریدا هەڵبگیرێت».

لە بەرامبەردا ئەندامێکی لیستی برایەتی کورد لە ئەنجومەنی پارێزگای کـەرکـوک بیانووەکانی دواخستنی سەرژمێریی بە لاواز وەسفدەکاتو ئەو هەنگاوە وەک هەوڵێک بۆ شاردنەوەی راستییەکان دەبینێت.

لەوبارەیەوە ئەحمەد عەسکەری، بـە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: «بناغەی بیناکردنەوەو پلاندانانی هەر وڵاتێک ئەنجامدانی سەرژمێرییە، بـەڵام لە عێراقدا دژایەتی ئەو پرۆسەیە لەلایەن هەندێک هێزی شۆڤێنییەوە دەکرێت، چونکە لەکاتی ئەنجامدانی سەرژمێریدا ژمـارەی راستەقینەیان دەردەکەوێت لە ناوچەدابڕاوەکانی کوردستاندا، کە پێشتر ژمارەی نەتەوەکانیان زۆر زیاتر لە ژمـارەی راستەقینە وتبوو، یان لە پارێزگای موسڵ ئەو هەموو زیادکردنە ناسروشتییە لە رێژەی دانیشتوواندا بە ئامانجی زیادکردنی رێژەی کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا کرابوو».

عەسکەری، هیچ بیانوویەک بۆ دواخستنی ئەو پرۆسەیە نابینێتو دەڵێت: «تێناگەم کامەیە هۆکاری دواخستنی سـەرژمـێـریـی، ئـەگـەر پەکخستنی پرۆسەی سیاسییو ئاوەدانکردنەوەی عێراق نەبێت».

چاودێرێکی سیاسیی کوردیش دواخستنی سەرژمێریی، بە دۆڕانێکی دیکەی کـورد دەزانـێـت لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا.

نووسەرو رۆژنامەنووس عارف قوربانی، بە رۆژنـامـەی راگەیاند: «لەوکاتەوەی بڕیاردراوە سەرژمێریی گشتیی لە عێراقدا ئەنجام بدرێت لە ناوچەدابڕاوەکانی کوردستان، عەرەب سەرقاڵی فێڵو تەڵەکەبازینو دەیـانـەوێـت ئـەو پرۆسەیە ئەنجام نەدرێت، لەکاتێکدا کاری جدیشی بۆ دەکـەنو رۆژانـە رێـژەی عەرەب دوو هێندەی کورد لەو ناوچانە زیاد دەکاتو کۆچی پێچەوانەی کوردیش بەردەوامە، ئێستاش کە پرۆسەکە بۆ دووەمجار دواخرا، سیاسییەکانی کورد بە خوێن ساردییەوە تەماشای دەکەنو پێیانوایە؛ مادام لە هەموو عێراق دواخراوە خۆیان لێ بێدەنگ کـردووە، کە مەترسییەکە لەوەدایە تاکو زیاتر دوابکەوێت بە زیانی کورد دەشکێتەوە».

لـە بـەرامـبـەر پابەند نەبوونی حکومەتی عێراق بە یاساو دەستوور بـە یـەکـلایـیـکـردنـەوەی پرسی ناوچەدابڕاوەکان، عـارف قوربانی، پێیوایە؛ «تاکو ئەمریکا لە ناوچەکەدایەو هـێـزی پێشمەرگە بـەهـێـزە، کـورد دەستبگرێت بەسەر ناوچەدابڕاوەکانداو دواتر لەسەر واقیع گفتوگۆ بکات، نەک ئـەوەی بەدیار دەسـتـوورەوە دۆش دابمێنێتو چاوەڕوانی قەدەر بکات».

«(٪١٧)ەکەی هەرێم، بە رێککەوتنی سیاسیی دانراوەو سەرژمێریی یەکلایی دەکاتەوە» 10

# پارێزەرە سەربەخۆکان سلێمانییان بردەوەو لە هەولێرو دهۆکو کەرکوک کشانەوە

## «ئەم ئەنجامە زەنگی مەرگە بۆ ئەو شێوازە حیزبایەتییەی لە سەندیکادا رەچاو دەکرێت»

راپۆرتی: بەرهەم خالید

لیستی سەربەخۆکان، هەڵبژاردنی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەران لە لیستی تەبایی سەر بە یەکێتیو پارتی دەبەنەوەو لە شارەکانی دیکەش پاش کشانەوەی لیستەکانی دیکە بەهۆی پەیرەونەکردنی لیستی کراوەوە، لیستی تەبایی بێ رکابەر هەڵبژاردنی ئەو لقانەی بردووەتەوە، جێگری سەرۆکی لقی سلێمانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە لە ئاست متمانەی پارێزەراندا دەبنو کار بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان دەکەن.

لە ماوەی رابردوودا لقەکانی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان هەڵبژاردنی خۆیان ئەنجام دا بۆ دیاریکردنی سەرۆکی لقو جێگرەکانی، لەو میانەشدا لە هەڵبژاردنی لقی سلێمانیدا (لیستی سەربەخۆکان) لە بەرامبەر لیستی (تەبایی- یەکێتیو پارتی)، بە جیاوازیی (٦٨) دەنگ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

هاوکات لە هەڵبژاردنی لقی هەولێردا بەهۆی پەیرەونەکردنی لیستی کراوەوە، لە کۆی (٦) لیست، (٥) لیست بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کرد، بەو هۆیەشەوە تەنیا لیستی تەبایی مایەوە.

ئاری جەزا مەحمود، سەرۆکی هەڵبژێردراوی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەران لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: یەکێتیو پارتی پێکەوە بە ناوی (لیستی تەبایی)ەوە بەشدارییانکرد لە بەرامبەر (لیستی سەربەخۆ)، کە گرووپێکە لە پارێزەرانو پێشتر رامانگەیاندووە، وتیشی: «منو دوو پارێزەری دیکە پالێوراوی لیستی سەربەخۆبووینو لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتنمان بە دەستهێناو توانیمان (٣١٢) دەنگ بەدەستبهێنینو ئەوانیش (٢٣٤) دەنگیان هێنا».



پارێزەران رۆڵی راستەقینەیان بینی

فۆتۆ: سیروان عەول

بەپێی سیستمی هەڵبژاردنەکەش سەرکەوتنی (لیستی سەربەخۆ) لە هەڵبژاردنی لقی سلێمانیدا سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەرانو هەردوو جێگرەکەی لەم لیستە دەبنو لیستی تەبایی (یەکێتیو پارتی) هیچ پۆستێکیان نابێت.

سەرۆکی لقی سلێمانی راشیگەیاند: کاری سەندیکا پیشەییەو پێویستە هەموو سەندیکاکانی دیکە چاو لە لقی سلێمانی بکەنو لەژێر هەیمەنەی حیزب بێنە دەرەوەو سەربەخۆیانە کار بکەنو نوێنەری خۆیان هەڵبژێرنو بەرەو سەربەخۆیی خۆیان هەنگاو بنێن.

لەلای خۆیەوە، سیروان خدر میراودەلی، جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، هۆکاری سەرکەوتنی لیستی سەربەخۆکان بەسەر لیستی دەسەڵاتدا لە لقی سلێمانی، بۆ هۆشیاریی ئەندامان گەڕاندەوە، کە بڕیاریان دا ئەو سیستەمەی پێشوو بگۆڕێتو ئەو بەکارهێنانە نەمێنێت کە پێشتر هەبووە، هەروەها کارنامەی لیستی بێلایەنەکانو کەسایەتی کاندیدەکانیان بە خاڵێکی دیکەی بەهێزی سەرکەوتنی ئەوان زانیو باسی لەوەشکرد؛ کە ئەوان بەڵێنی ئەوەیان داوە کە دەیانەوێت پارێزەر بنو لە خزمەتی پارێزەراندا کار بکەن بەبێ دەستوەردانی هیچ لایەنێک، وتیشی: «گۆڕانکاریی ریشەیی لە کاری پارێزەریدا دەکەین لەم شارە، بە تایبەت لە بواری مادییو شەفافیەت لە سەندیکا، کە تائێستا شاراوە بووەو هەروەها لە ماوەی سێ ساڵی کارکردنماندا کار بۆ بەدیهێنانی مافی سەرجەم پارێزەران دەکەین بەبێ جیاوازیی».

سەرکەوتنی لیستی سەربەخۆکانو شکستی لیستی دەسەڵات لە هەڵبژاردنی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەراندا پێشهاتێکی نوێیە لە ژیانی رێکخراوەییو پیشەیی لە کوردستاندا، بەوپێیەی تائێستا سەرجەم سەندیکاو رێکخراو و کۆمەڵەکان بە دەست حیزبەکانی دەسەڵاتەوە بوون.

لەو سۆنگەیەوە پارێزەر کامیل ژیر، هەڵبژاردنی پارێزەران بە یەکەم زەنگی مەرگی پارتایەتی لە قەڵەمدەداتو باس لەوە دەکات؛ کە ئەو پێشدەستییو پێشەڕەوێتییە لە پارێزەران وەشاوەتەوەو گەر دەستوەردان نەبوایە، نەک تەنیا لە سلێمانی، لە شارەکانی دیکەش هەمان ئەنجام دەبوو، هەروەک لەو بارەیەوە وتی: «ئەم ئەنجامە، زەنگی مەرگە بۆ ئەو شێوازە پارتایەتییە، کە (٣١٢) دەنگ سەربەخۆ گرەوەکەیان لە (٢٣٤) دەنگی دوو زلهێزە دەسەڵاتدارەکە بردەوە بەبێ چەورکردنی دەمو پڕکردنی گیرفان. رووداوەکە بچووکە، بەڵام واتاکەی گەورەیە، سەرەتای رەهێڵەیەک قەترەیەک بارانە هەرچۆنێک بوو تەلیسمەکە شکا، نوخشەبێ لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانو سەرجەم رێکخراوو سەندیکاو پەرلەمانی داهاتوو».

هەمان رۆژ لە ژووری پارێزەرانی شاری هەولێر، هەڵبژاردنی لقی هەولێری سەندیکای پاێزەرانی کوردستان ئەنجامدرا، بەڵام بەهۆی پەیرەونەکردنی لیستی کراوەوە، لە کۆی (٦) لیستی هەڵبژاردنەکە (٥) لیستیان بڕیاری کشانەوەیان داو بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کردو بەوهۆیەوە لیستی تەبایی بێ رکابەر هەڵبژاردنەکەی بردەوە.

ئەیاد کاکەیی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی لقی پارێزەرانی هەولێر لەوبارەیەوە رایگەیاند: لە هەڵبژاردنی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەران، لە کۆی (٦) لیست، (٥) یان خۆیان لە هەڵبژاردن کشاندەوەو تەنیا لیستی (تەبایی) مایەوە، کە لە پارتیو یەکێتی پێکدێت.

هەروەها لە لقەکانی کەرکوکو دهۆکیش بەهۆی کشانەوەی لیستەکانی دیکەو نەبوونی لیستی رکابەرەوە، لیستی تەبایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان بردووەتەوە.

دەربارەی رۆڵی لقی سلێمانیش، کە تەنیا لقە بە دەست لیستی سەربەخۆکانەوەیە سیروان میراودەلی، رایگەیاند: ئەوە شتێکی نوێیە کە لقێک بە دەست لیستی دەرەوەی دەسەڵات بێتو رەنگە کێشەیان بۆ دروست ببێت، بەڵام هیوادارن بە هەموو لایەک لە خزمەتی پارێزەرانی کوردستاندا کار بکەن لەبەر ئەوەی نەقیبی سەندیکا سەردانی کردوونو بەڵێنی پێداون، کە هاوکارییان بکاتو پێکەوە کار بکەن.

### کۆمیتەی سەردەشت عوسمان بۆ ئازادیی:

# ناوەندە هۆڵەندییەکان هۆشدارییان داوەتە دەسەڵاتدارانی کوردستان

سازدانی: رۆژنامە

**ئەمیر قادر، ئەندامی کۆمیتەی سەردەشت عوسمان، بۆ ئازادیی کە لە هۆڵەندا پێکهێنراوە ئاشکرای دەکات؛ کە ناوەندە هۆڵەندییەکان تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانو بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕینیان لە کوردستان مەحکومکردووەو لەمبارەیەوە هۆشدارییان داوە بە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان. لەم دیدارەی رۆژنامەدا ئەمیر قادر، باس لەوە دەکات؛ کە ئەوان وەک ئەوەی دژی دەوڵەتانی داگیرکەرو سەرکوتکەری خەڵکی کوردستان کار دەکەنو لێیان بێدەنگ نین، لە هەمانکاتدا لە تاوانەکانی دەسەڵاتی کوردیش بێدەنگ نەبوونو نابن.**

**رۆژنامە: کۆمیتەکەتان مانگی رابردوو رای گشتیی هۆڵەندای لە دۆسیەی شەهید سەردەشت عوسمان، ئاگادار کردەوە، ئایا کاردانەوەی کۆمەڵگەی هۆڵەندیو دامەزراوەکان چۆنە لەوبارەیەوە؟**

* کۆمیتەکەی سەردەشت عوسمان بۆ ئازادیی، هەر دوای تیرۆرکردنی سەردەشتو لەگەڵ، یان پێش نارەزایەتییەکانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد، لە هەڵوێستی یەکەمدا راگەیاندنی بڵاوکردەوەو خوازیاری ئەوەبوو کە دەسەڵاتدارانی کوردستان رێز لە ئازادیی سیاسییو مافەکانی مرۆڤ بگرن، بکوژانی سەردەشت بدۆزنەوەو لە دادگایەکی عادیلانەو کراوەدا سزایان بدەن، بەداخەوە وەختێک وەڵامی دەسەڵاتداران هەڕەشەو بەکارهێنانی میدیا حیزبییەکان بوو بە هۆکار بۆ پێچەوانە سەلماندنی گومانەکانو هەڕەشە لە دەنگە ئازادەکان، ئێمە خۆپیشاندانمان بۆ بەردەم سەفارەتی عێراق سازداو ژمارەیەکی باش لە جالیەی کورد بەشداربوونو ئەو تاوانەیان مەحکوم کرد، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە سەفیری عێراقی کە ئەوکات کورد بوو، سەر بە یەکێک لەم حیزبە دەسەڵاتدارانەیە، ئەمادە نەبوو پێشوازیمان بکاتو یاداشتەکەمان لێوەربگرێت، جێگرەکەی کە لە سەفارەتەو عەرەب بوو پێشوازیی کردین!

دواتر ئێمە تا چلەی سەردەشت، زۆربەی ناوەندە هۆڵەندییەکانمان ئاگادارکردەوە لە رێکخراوەکانی رۆژنامەنووسانو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لە رۆژی یادەکەدا، (٦) کۆمەڵەو رێکخراوی رۆژنامەنووسی هۆڵەندی هاوخەمی ئێمەبوونو مۆمیان بۆ مەرگو رۆحی سەردەشت داگیرساندو لەسەر بوارەجیاجیاکانی ئازادییو میدیاو نرخی ئازادییو میدیای ئازاد پانێڵ گفتوگۆیان کردو ئەم تاوانە قێزەونەیان مەحکوم کرد، وەک ئاگادارین لە رێگەی خۆیانەوە دەسەڵاتدارانی کوردستانیان لەم تاوانە ئاگادارکردووەتەوەو هۆشدارییان پێداون، لەم یادەدا کەسایەتی کوردیش بەشداریی بەشێکی تری پانێڵو یادەکە بوون، دواتر هەر لەو یادەدا کۆمەک بۆ مۆنومێنتی ئازادیی کۆکرایەوەو گەیەنرا بە خێزانی سەردەشت عوسمان، لام وابێت بەپێی پێویستو توانای خۆمان کاری باشمان کردووەو خەڵکیش هاوکاریی باشیان کردو بە راستی هەموو وەک کەسوکاری سەردەشت، دلبەخەمو بەرپرسانە ئامادەبوون.



ئەمیر قادر

**رۆژنامە: ئایا هەست دەکەن هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ پێشێلکردنی ئازادیی رادەربڕینو بەرتەسککردنەوەی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، ئێوە وەک جالییەی کوردی لە ئەوروپا چی دەکەن لەم بارەیەوە؟**

* بێگومان نەک تەنیا هەڵمەت لە ئارادایە، مێژووی ئەم هێزە دەسەڵاتدارانە تێکەڵ بەکوتەککارییو هەڕەشەو تیرۆری ئازادیی بووە، کە گۆشەیەک لەوانە ئازادیی رادەربڕینە، رۆژانە بە پێچەوانەی قەڵەم کێشکردنو جوانکردنی دەسەڵاتی ئەم حیزبانە، ئێمە شایەدی قەڵدڕیو هەڕەشەو پێشێلکردنی ئازادییو حورمەتی مرۆڤو مافەکانیانین، ئێمە هیچ رۆژێک بەشێکی جیانەبووین لە کۆمەڵگەی خۆمان، بەتایبەت لەو بەشو کاتانەدا کە هەستدەکەین خەڵکی کوردستانو کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی پێمانە، ئەو دەستکەوتانەی کە ساڵانێک خوێنمان بۆ رشتووەو گەنجێتی خۆمان خستووەتە پێناوی، ئێستا بە ناوی کوردایەتیو فەوزای رۆژنامەکانەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشە، ئێمە وەک ئەوەی دژی دەوڵەتانی داگیرکەرو سەرکوتگەری خەڵکی کوردستان کار دەکەینو لێیان بێدەنگ نین، لە هەموو تاوانەکانی دەسەڵاتی کوردیش بێدەنگ نەبووینو نابین!

ئێمە لە کۆمیتەی سەدەشت بۆ ئازادیی لە هەفتەی رابردوو کۆبوونەوەمان کرد، وێڕای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بە گشتیی نەخشەکارێکمان بۆ خۆمان دیاریکرد، کە لە چەند خاڵدا چڕ بووەوە، کە بەسەرکردنەوەی هەموو ناوەندە هۆڵەندییەکانە لەسەر دۆزی سەردەشتو بارودۆخی ئازادیی رادەربڕین لە کوردستاندا، ژمارەیەک سەردانی مەیدانی بۆ زۆر ناوەندی نێودەوڵەتیی، لەوانەش: ئەمنستیو پەرلەمانی ئەوروپاو لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی ئەوروپا، سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەریی لەم بارەیەوە جالییەی کوردو ئاگادارکردنەوەیان لەم بارودۆخەو هەنگاونانی جدیی بۆ بەرپێگرتنی، لە بەرنامەی ئێمەدانو هەر ئێستا کاریان لەسەر دەکەین.

**رۆژنامە: ئێستا لە هەرێمی کوردستان کۆدەنگییەکی ئازادیخوازان هەیە بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕین، لەم پێناوەشدا چەندین کەمپینو هەوڵی جدیی هەیە، داواش لە جالیەی کوردی کراوە لە دەرەوە پشتیوانیی لە ئازادیی رادەربڕین بکەن لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئێوە لەمبارەیەوە چ هەنگاوێک دەنێن؟**

* ئێمەش راستەوخۆ بەشێکین لەو کەمپەینەو بێدەنگ نەبووینو نابین، خوازیارین بکوژانی ئازادیی هەرکەسێکنو لە هەر پلەیەکدان دەبێت سزابدرێنو دۆزەکەیان بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێت، بەڵام تێبینییەک کە هەبێت ئەوەیە، کەمپینی ئازادیی دەبێت بە لقو پۆپەکانییەوە بێت، بە باسی شەهیدە رۆژنامەنووسەکانییەوە بێت، ئەوانەی پەنجەی تۆمەتیان بۆ رادەکێشرێت کە تیرۆری هاوڕێ رۆژنامەنووسەکانی ئێمەیان کردووە بێشەرمانە خەریکی سیناریۆسازین، چۆن دەبێت ئێمە باسی ئازیزو هاوڕێکانمان نەکەینو داوای مافیان نەکەین.

خاڵێکی تر ئەوەیە، ئازادیی رادەربڕین پاوانی دەستەبژێرێک لە خەڵکو سەرنووسەری رۆژنامەی ئەهلیی نییە تا هەمیشە چاو لەدەستو قسەی ئەوان بین، ئەوان وێڕای ئەوپەڕی دەستخۆشی، بەڵام هێشتا زۆرجار خۆشیان لە هێڵە سوورەکانی ئازادیی دەدەن، لانی کەم لە بڵاوکردنەوەو جیاوازیی نێوان دۆستو ئەغیاردا، بە کورتی پانتایی ئازادیی رادەربڕین زۆر فراوانەو دەبێت بەو پانتاییەش خەڵک تیایدا بەشداربێتو ببێتە کارو خەمی رۆژانەی، پێچەوانەکەی کەمپەینێکی بێهێزی ئیمزاکردن دەبێتو لە باشترین بارودۆخیشدا پەرلەمان، یان حکومەت لیژنەیەکی بۆ دادەنێت وەک ئەو سەدان لیژنانەی تری ساڵانی رابردوو، لە لیژنەی فایلدارەکانەوە هەتا لیژنەی تاوانبارانی ناوخۆو بێسەرشوێنەکانی شەڕی ناوخۆ، کە ئێستاش هەر لیژنەنو باڵۆنێک بوون نارەزایەتییەکانیان پێ بێ هێزکراو لە تەوقیتو کاتی خۆیدا نارەزایەتییەکانیان پێ لەباربران.

بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئێمە لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ کۆمیتەکانی وڵاتانی تردا لە پەیوەندیدانو هاوکاریی یەکتر دەکەین، بێگومان لەگەڵ کەمپەینەکانی کوردستانیش پەیوەندیی دەگرینو پێشتریش گرتوومانەو هاوکار دەبین.



## بەڕێوەبەری پرۆژەی مافەکانی مرۆڤی کورد لە بەریتانیا:

# چارەسەری کێشەی پەکەکە پەیوەندییەکی زۆری بە هەولێرەوە هەیە



کەریم یەڵدز

سازدانی: ڕۆژنامە

**کەریم یەڵدز، بەڕێوەبەری پرۆژەی مافەکانی مرۆڤی کورد، ئاماژە بەوەدەکات، گۆڕانە دەستوورییەکانی تورکیا، هیچ مافێکی وای بە کوردەکان نەبەخشیوە، ئەوەش بە دوور دەزانێت کە یەکێتیی ئەوروپا فشار بخاتە سەر تورکیا بۆ بەخشینی مافی ئۆتۆنۆمیی بە کورد لەو وڵاتە.**

**کەریم یەڵدز، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە کێشەی کورد و پەکەکە لە تورکیا، پەیوەندیی زۆریان بە هەولێریشەوە هەیەو دەشڵێت: «پێویستە، پەکەکە بەشێک بێت لە چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا».**

**ڕۆژنامە: پێتوایە، ئێستا هیچ مەترسییەکی دەوڵەتیی قووڵ لە تورکیادا نەماوەو ڕێکخراوەکان کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە نابێت؟**

* پێموایە، کێشەکە ئێجگار ئاڵۆزە، کێشەی دەوڵەتیی قووڵ لە تورکیا، هێندە ئاسان نییەو نووسینی کتێبی دەوێت بۆ ڕوونکردنەوەی. کێشەی دەوڵەتیی قووڵ لە تورکیادا پەیوەستە بە سوپاوەو دەیانەوێت لەو ڕێیەوە دەستبخەنە ناو چارەسەری کێشە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتەوە، وەک کێشەی کوردو ئەرمەن‌و جینۆسایدو کێشەی دراوسێکان، هەموو ئەمانەش کێشە بۆ حکومەتی تورکیا دروست دەکەن، هەربۆیە لەماوەی ئەم هەشت ساڵەدا، حکومەت هەولیداوە، هێزی ئەم ڕێکخراوانە کەمبکاتەوە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە، مافی کوردەکان لە دەستووری نوێدا جێگیر دەکرێت بە ماف، مەبەستمان لە مافی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی دیموکراسییە؟**

* هەمواری دەستووری تورکیا، کۆمەڵێک مافی بە کەمینەکان بەخشیوە، بەڵام دەمەوێت، بڵێم کە تا ئێستا گۆڕانە دەستوورییەکان، هیچ مافێکی لەوجۆرەیان بە کوردەکان نەبەخشیوەو پێموایە، دەستووری ئامادەکراویش مافی لەوشێوەیە لەخۆناگرێت، بەڵام کەشێکی لەبار بۆ ئەو جۆرە دەخولقێنێت بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو مافانە، بەڵام هێشتا پێموانییە کە ئەو مافانە بە کوردەکان ببەخشرێن.

**ڕۆژنامە: بەرپرسیارێتیی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەوروپا بەرامبەر کوردەکان‌و کەمینەکان نییە، بەتایبەت کە تورکیا بەنیازە ببێتە ئەندامێکی یەکێتیی ئەوروپا؟**

* بەشێوەیەکی گشتیی قسەبکەین، دادگای یەکێتیی ئەوروپا بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی بەرامبەر بە کێشەی کوردەکان هەیەو ئەمەش کوردەکانی تورکیاو بەشەکانی دیکەش دەگرێتەوە، چونکە ئەوان لەڕووی مێژووییەوە بەرپرسیارن لەم کێشەیە، بەڵام پێموانییە کە یەکێتیی ئەوروپا فشار بخاتە سەر تورکیا بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمیی بە کوردەکان. ئەوان، داوا لە تورکیا دەکەن کە مافی سیاسیی زیاتر ببەخشرێت لەو هەرێمە، بەڵام لەو گفتوگۆیانەدا بەشداری ناکەن کە پەیوەندییان بە ئۆتۆنۆمییەوە هەیە.

**ڕۆژنـامـە: دەربـارەی هـەوڵـە دیبلۆماسییەکانی ئەم دواییەی ئەنکەرە کە چەند سەردانێکی دەرەوەی وڵاتی لەخۆگرت، پێتوایە، ئەنکەرە زیاتر پێویستیی بە دەرەوە هەیە، یاخود ناو خودی وڵاتەکەی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد؟**

* لەم دواییانەدا، هەوڵێکی دیبلۆماسیی زۆر دراوە لەلایەن تورکیاوە، هەروەک سەردانی بەرپرسانی ئەنکەرە بۆ واشنتۆن‌و هەولێر، کێشەکەش پێویستی بە هەموانە بۆ چارەسەرکردن، پێویستی هەم بە واشنتۆن، هەم بە هەولێر، هەم بە ئامەد هەیە، بەڵام خاڵی هەرە سەرەکی کێشەی نێوان پەکەکەو دەوڵەتی تورکیا ئەوەیە کە دەبێت تورکیا دان بە پەکەکەدا بنێت وەک بەشێک لە چارەسەرو دەبێت دان بەوەشدا بنێن کە ململانێیەکی سەربازیی هەیە لەنێوان دەوڵەت‌و بەشێک لە هاوڵاتییانداو دوای ئەوەی دانپێدانان ڕوویداو ئیدی پرسیار دەبێتە ئەوەی چۆن کێشەکە چارەسەر بکرێت. پێموایە، ئەوە دروستە کە تورکیا بچێتە واشنتۆن، بچێتە بروسلس بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە کێشەکە پەیوەندییەکی زۆریشی بە هەولێرەوە هەیە، بۆیە پێموایە، چارەسەرەکە ئێجگار ئاڵۆز دەبێت، بەڵام ئێستا هەنگاوەکان ڕێڕەوێکی ڕاستیان وەرگرتووەو دەبێت واشنتۆن‌و بروسلس‌و ئەنکەرەو هەولێرو ئامەدیش بەیەکەوەو بەشێوەیەکی بەرهەمهێنەرانە هەولی چارەسەرکردنی کێشەکە بدەن، نەک هەولی خراپترکردنی بدەن.

**ڕۆژنامە: مەبەستت ئەوەیە کە دەبێت پەکەکەو ئۆجالانیش، ڕاستەوخۆ بەشێک بن لەو چارەسەرییە؟**

* پێویستە پەکەکە بەشێک بێت لە چارەسەر، لەبەرئەوەی پەکەکە بەشێکە لە کێشەی ئەو وڵاتەو چەکیان هەڵگرتووەو شەڕدەکەن بۆ ئەو کەیسە، بۆیە ئەوە سرووشتییەو مەنتیقییە ڕوو لە پەکەکە بکرێت. پێموایە، دەکرێت بەدەپە بتوانێت کێشە مەدەنییەکان چارەسەر بکات، بەڵام ناتوانرێت بەبێ پەکەکە، کێشەی ئەمنیی لە تورکیادا چارەسەربکرێت. بەڵام، پەکەکە دەبێت بەشێک بێت لە چارەسەر، چونکە بەشێکە لە ململانێکە.

**ڕۆژنامە: کێشەی بـەردەم دەوڵەتی تورکیا چییە بۆ قبووڵکردنی پەکەکە وەک لایەنێکی فەرمیی چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە، لەکاتێکدا دەزانن کە کێشەکە بەبێ پەکەکە چارەسەری قورسە؟**

* پێموایە، ئەمە بۆ تورکیا تەواو نۆرماڵە کە نەیەوێت ڕێگە بە پەکەکە بدات ببێتە بەشێک لە چارەسەر، چونکە بەشێوەیەکی ئاشکرا چەکی لە دژی هەڵگرتووە، ئەمەش قابیلی تێگەیشتنە، بەڵام تورکیاش دەبێت لەوە تێبگات‌و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، پەکەکە بەشداریی پێبکات.

> یەکێتیی ئەوروپا بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی بەرامبەر بە کێشەی کوردەکان هەیەو ئەمەش کوردەکانی تورکیاو بەشەکانی دیکەش دەگرێتەوە



## مایکڵ سینگ:

# عێراق دەبێتە مۆدێلێکی پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ بۆ ناوچەکە

ئا: شاڵاو فەتاح



مایکڵ سینگ

**لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا، مایکڵ سینگ، بەڕێوەبەری پێشووی کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە خوێندنگەی (جەی.ئێف)ی کەنەدی لە زانکۆی هارڤارد، باس لە بارودۆخی هەنووکەیی عێراق‌و پێشهاتەکان‌و دواجار چارەسەری کێشە هەرە بنەڕەتییەکانی عێراق دەکات.**

ئەو لە ئیمەیلە شەخسییەکەی خۆیەوە لە ئەمریکا ئامادەبوو وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە دەربارەی ئەو سێ تەوەرەی دیاریمان کردبوو.

سەرەتا ویستمان بۆچوونی ئەو سەبارەت بە ئاستی دیموکراسی‌و کێشەو بەربەستەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیە بزانین‌و بەگشتیی دۆخی هەنووکەیی عێراق هەڵبسەنگێنین، سینگ پێیوایە: «عێراق هەنگاوی باشی ناوە لەم ساڵانەی دواییدا»، بەڵام ئەوەی نەشاردەوە کە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی، هێشتا «کاتی زۆری پێویستە»و ماوەیەکی درێژتری دەوێت بۆ ئەوەی دیموکراسییەکی ماوەدرێژو گەشەکردوو لە عێراق ببینین.

بۆ بەربەستەکان سینگ هێشتا تایفەگەریی بە گەورەترین بەربەست دەزانێت‌و پێشیوایە: «ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی» بنەڕەتیترین ئەرکی عێراقییەکانە بۆ سەرکەوتنیان، وەک وتی: «بەوجۆرە تایفەگەریی ڕێگر نابێت لە پێکهێنانی دیموکراسییەکی حەقیقی‌و پێکهێنانی ئەو دامودەزگایانەی دەتوانرێت پشتیان پێببەسترێت».

مایکڵ سینگ، باس لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق‌و کاریگەریی کشانەوەی ئەو هێزانە دەکات، بە بڕوای ئەو، کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق دەبێتە هۆی «دەستپێکی قۆناغێکی نوێ» لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، واتە ئەمریکاو عێراق، سینگ گەشبینە بەم پەیوەندییە نوێیەی نێوان عێراق‌و ئەمریکاو پێیوایە: ئەم پەیوەندییە لە دوو ڕووەوە دەکرێت، «بەرهەمهێنەر»بێت. یەکەمیان پەیوەندییە نوێیەکە دەبێتە هۆی «بنیادنانی دیموکراسییەکی بەردەوام» لە عێراق، هەر ئەوەی کە ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکرد لە سەرەتای دەستپێکی جەنگدا، ئەمە جگە لەوەی دەبێتە هۆی بنیادنانی پەیوەندیی‌و «هاوکاریی هەرێمیی» نوێ لەنێوان هەردوو وڵاتداو باڵانسی دیبلۆماسی هێز دەگۆڕێت، بەڵام پێیوایە: ئەمە هەر وا ڕووناداو بۆ ڕوودانی پێویستە ئەمریکا هەمیشە سەرنجی لەسەر عێراق بێت‌و «تەرکیز بخاتە سەر عێراق»و چاوی لەسەر گرنگییەکانی عێراق لانەدات، ئەو گرنگییەی کە دەیکاتە مۆدێلێک لە داهاتووی ناوچەکەداو وڵاتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چاوی لێدەکەن.

لە دوایەمین تەوەرماندا باسمان لە دیموکراسییەتی عێراق‌و ئەگەری «بوون بە مۆدێل»ی ئەو وڵاتە کرد، پرسیارمان دەربارەی ئەوە کرد، کە ئایا هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە عێراق ببێتە ئەو مۆدێلەی کە ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکرد لە وڵاتێکی دیموکراسی، کە دەتوانرێت گشت وڵاتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چاوی لێبکەن، سینگ لە بەرامبەردا دڵنیا نییە لەوەی کاریگەریی عێراق «پۆزەتیڤ دەبێت یان نێگەتیڤ»، بەڵام ئەو دڵنیایە لەوەی کە «بەهۆی گرنگیی عێراقەوە دەبێتە مۆدێلێک بۆ ناوچەکە»، هەربۆیە سینگ وای دەبینێت کە ئەوە لەسەر خەڵکی عێراق‌و شەریکەکانیەتی کە بڕیاربدەن چ جۆرە مۆدێلێک بۆ ناوچەکە دروستبکەن، وەک سینگ ئاماژەی بۆ دەکـات؛ لەنێوان دۆستەکانی عێراقدا بەتایبەت ئەمریکا ڕۆڵ دەبینێت لەوەی کە ئەو مۆدێلەی عێراق بۆ ناوچەکە «پۆزەتیڤ» بێت‌و وانەکات کە مۆدێلێکی نێگەتیڤی دیکە لە ناوچەکەدا دروستبێت.

> عێراق هەنگاوی باشی ناوە لەم ساڵانەی دواییدا، بەڵام دامەزراندنی دیموکراسی، هێشتا کاتی زۆری پێویستە

### پرۆفایل

- مایکڵ سینگ، بەڕێوەبەری پێشووی کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی «ئەمنیی قەومیی» ئەمریکا.
- یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە خوێندنگەی (جەی.ئێف)ی کەنەدی لە زانکۆی بەناوبانگی هارڤارد.
- سێ ساڵ بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی بووە لە واشنتۆن‌و بەرپرس بووە لە چەندین کەیسی هەستیاری وەک ئیسرائیل–فەلەستین‌و ڕێگرتن لە ئێرانێکی ئەتۆمیی.
- پێشتر ڕاوێژکاری تایبەتی هەریەکە لە کۆندۆلیزا ڕایس‌و کۆلن پاولی وەزیرانی دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا بووە.
- هەشت ساڵ خزمەتی لە بەشی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ئەمریکادا کردووەو لەساڵی (٢٠٠٨)دا وازی لە کاری حکومیی هێناوە.
- نووسین‌و بابەتەکانی لە گۆڤاری ئیکۆنۆمیست‌و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهاندا دەردەکەون‌و زیاتر لەسەر کێشەی ئەتۆمیی ئێران‌و ئاشتیی ئیسرائیل–فەلەستین‌و «حکومەتی سێبەر» دەنووسێت.
- ڕاوێژکاری نافەرمیی پەیمانگەی واشنتۆن بۆ خۆرهەڵاتی ناوینەو ڕانان بۆ بابەت‌و لێکۆڵینەوەکانیان دەکات.

# ئەمساڵ بەغدا (٣٨٧) کارمەندی حکومیی لەسەر گەندەڵیی دادگایی کردووە

رۆژنامە

بەپێی راپۆرتێکی دەستەی نەزاهەی عێراقی لە ماوەی هەشت مانگدا (٣٨٧) کەس لە پلە جیاوازەکانی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق بە تۆمەتی گەندەڵیی دادگایی کراون‌و هەریەک لە وەزارەتەکانی بەرگریی‌و بازرگانیی‌و ناوخۆو کارەباو دارایی پارێزگاکانی نەینەواو بەغداو واست‌و کەرکوک پشکی شێریان لەو گەندەڵییانەدا هەیە.

بەپێی راپۆرتێک کە دەستەی نەزاهەی عێراقی لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە لەنێوان ٢٠١٠/١/١ بۆ ٢٠١٠/٨/٣١دا (٣٨٧) کەس لە عێراق دادگایی کراون، کە لە پۆستە جیاوازەکانی وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیی بەرەو سەرەوەو پاڵێوراوی هەڵبژاردن‌و کەرتی تایبەت دەگرێتەوەو جۆری گەندەڵییەکانیش بریتین لە؛ بەرتیل وەرگرتن، تاوانی دارایی، زیانگەیاندن بە سامانی گشتیی، هەڵەی گەورەو زیادەڕەویکردن لە سنووری کارەکەیانداو ساختەکردن، بەپێی ئەو ئامارە، وەزارەتی بەرگریی (٦٦) حاڵەت‌و بازرگانیی (٢١)و ناوخۆ (١٩) حاڵەت‌و هەریەک لە وەزارەتەکانی کارەباو داراییش (١٧) حاڵەتی دادگاییکردنی گەندەڵکارانیان تیادا تۆمارکراوە هاوکات پارێزگای بەغداش لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە ریزبەندیی یەکەمی دادگاییکردنی گەندەڵکارانەوەیە بە هەردوو بەشەکەی کەرخ‌و رەسافەوە (٢٠٦) کارمەند لە دامودەزگا جۆراوجۆرەکانیدا دادگایی کراون‌و بەدوایدا پارێزگای نەینەوا دێت، کە (٤٥) حاڵەت‌و دوای پارێزگای واستیش پارێزگای کەرکوک دێت، کە (٢٧) حاڵەتی دادگاییکردنی گەندەڵکارانی تیا تۆمارکراوە، ئەمە جگە لەوەی خودی دەستەی نەزاهەش پشکێکی لەو دادگاییکردنە هەیەو (٨) کەس لەو دەستەیەش بە تۆمەتی گەندەڵیی دادگایی کراون.



خشتەی دادگایی کراوان بەپێی پارێزگاکانی عێراق

# پەیوەندیی نێوان مادەی (١٤٠)و سەرژمێریی دەبرێتە دادگای فیدراڵیی

هەستیار قادر

حکومەتی عێراق کێشەی پەیوەندیی نێوان مادەی (١٤٠)و سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق دەباتە بەردەم دادگای فیدراڵیی‌و وەزیرێکی کوردی ئەو حکومەتەش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە پەیوەندیی لەنێوان ئەو دوولایەنەدا نییەو بەستنەوەیان کارێکی بێمانایە.

عەلی دەباغ، وتەبێژی حکومەتی عێراقی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئاشکرایکرد؛ کە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پرس بە دادگای فیدراڵیی عێراق دەکات سەبارەت بەوەی ئایا سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی داهاتووی عێراق بۆ مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بەکاردەهێنرێت، یان نا.

ئەم هەنگاوەی حکومەتی عێراقی لە کاتێکدایە کە لەنێو مادەی (١٤٠)دا پرۆسەی سەرژمێریی لەدوای قۆناغی گەڕاندنەوەی قەزاو ناحیەکان بۆ سەر پارێزگا کێشەدارەکان باسی لێوەکراوە.

لەوبارەیەوە د.عەلی محەمەد، وەزیری دەوڵەتی عێراقی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە لایەنەکانی تری غەیرە کورد لە عەرەب‌و تورکمانەکان تێبینیان هەیە لەسەر ئەوەی، کە ئایا پەیوەندیی هەیە لە نێوان سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان‌و مادەی (١٤٠)؟ بەڵام وەزارەتی پلاندانان جەختی لەوە کردووەتەوە، کە ئەو دوو لایەنە پەیوەندییان پێکەوە نییەو سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان زیاتر رەهەندی بووژاندنەوەی هەیە تا لەسەر بنەمای ئەو سەرژمێرییە بودجەی بووژاندنەوەی پارێزگاکانی عێراق دیاریی بکرێت‌و پەیوەندیی بە مەسەلەی سیاسییەوە نییە، وتیشی: «پەیوەستکردنی سەرژمێریی گشتیی‌و مادەی (١٤٠) بەیەکەوە بێمانایەو ئەوانەی ئەو تێڕوانینەیان هەیە، بێئاگان لە مادەی (١٤٠)، چونکە ئەو مادەیە سەربەخۆیەو دەستوورییەن بڕیاری لەسەر دراوە».

راگەیاندنی ناردنی راوێژێکی لەوجۆرە بۆ دادگای فیدراڵیی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان مادەی (١٤٠)و سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە لە کاتێکدایە، کە تائێستا بە رەسمیی ئەو داوایە نەگەیشتووەتە دادگای ناوبراو.

لەوبارەیەشەوە محەمەد نەقشبەندی، ئەندامی دادگای فیدراڵیی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا ئەو داوایەی حکومەتی عێراقیمان بە رسمیی پێنەگەیشتووە، بەڵام لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە هەنگاوی لەو جۆرەمان بیستووە».

ناردنی ئەو پرسە بۆ دادگای فیدراڵیی‌و ئەگەری یەکلاییکردنەوەی دژ بە بەرژەوەندیی کورد هەیە، بەوپێیەی بەپێی مادەی (٩٤)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بڕیارەکانی داگای ناوبراو مولزەمن لەسەر هەموو لایەنەکانی حکومەت‌و پەرلەمان‌و دەبێت جێبەجێ بکرێت‌و هاوکات پێکهاتەی دادگاکەش، کە بەشێوەی تەوافوقی تائیفی‌و نەتەوەیی دابەشکراوە، هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو پرسە، بەوپێیەی لە کۆی (٩) ئەندامی دادگای فیدراڵیی، سیانیان کوردن‌و چواریان شیعەن‌و دووانەکەی تریش عەرەبی سوننەو تورکمانن‌و کورد تەنیا سێیەکی پێکهاتەی ئەو دادگایە پێکدەهێنێت، کە تیایدا کێشەکان بە دەنگدان یەکلایی دەکرێنەوە.


ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق

سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق بۆ رۆژنامە:

# (١٧٪)ەکەی هەرێم، بە رێککەوتنی سیاسیی دانراوەو سەرژمێریی یەکلایی دەکاتەوە

راپۆرتی: کاروان عومەر

**د. مەهدی عەلاق، سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق، ئاشکرای دەکات کە پێشتر بەرپرسانی هەرێمیان لە دواخستنی سەرژمێریی دانیشتووان ئاگادارکردووەتەوەو دان بەوەشدا دەنێت کە هەندێک لایەن داوای دواخستنیان کردووە.**

**د. مەهدی عەلاق، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە رێژەی (١٧٪)ی هەرێم، بەپێی رێککەوتنێکی سیاسیی دانراوەو دەرەنجامی سەرژمێریی، یەکلایی دەکاتەوە.**


د. مەهدی عەلاق

بڕیاری دواخستنی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق لە (٢٠١٠/١٠/٢٤)ەوە بۆ (١٢/٥)ی ئەمساڵ، گومانی لەسەر ئەو بڕیارە دروستکرد، بەتایبەت کە ئاماژەکان بۆ ئەوە بوون، ئەو دواخستنە، هێندەی سیاسیی بووە، تەکنیکی نەبووەو لەو بارەیەوە د. مەهدی عەلاق، سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرژمێریی لە عێراقدا کە هاوکات سەرۆکی دەزگای نیشتمانی سەرژمێرییەکانە لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق، ئەوەی رەتکردەوە، کە بڕیاری دواخستنی وادەی سەرژمێریی، لەژێر فشاردا درابێت‌و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەشێوەیەکی شەفافانە ئەو پرسەی تاوتوێ کردووەو ئەو بڕیارە، بڕیارێکی حکومیی بووە بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەندێک کێشە، بەڵام بە رۆژنامەی راگەیاند: «هۆکاری ئەو بڕیارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەندیک لایەن داوای دواخستنی سەرژمێرییان کردووەو حکومەتی عێراق‌و دەزگاکەمان وەکو لایەنێکی هونەریی، هەوڵدەدات سەرجەم پێکهاتەکانی‌و ناوچەکانی عێراق بەشداربن لە پرۆسەی سەرژمێرییدا، بێئەوەی هیچ لایەن‌و پێکهاتەو پارێزگایەک، یان چەند پارێزگایەک، بایکۆتی بکەن، تا ئامانجی ئەنجامدانی ئەو سەرژمێرییە بپێکێت‌و کەموکورتی نەبێت».

یەکەم لایەنی نیگەران لە بڕیاری دواخستنی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، هەرێمی کوردستانە، بەوپێیەی بەرپرسە ئیدارییەکانی موسڵ‌و هەندێک لایەنی عەرەبی‌و تورکمانی کەرکوک، لەگەڵ ئەوەدا بوون، ئەو سەرژمێرییە دوا بخرێت تا ئەو کاتەی بە تێڕوانینی ئەوان، گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانی دوای ساڵی(٢٠٠٣) لە ناوچە دابڕاوەکان چارەسەر دەکرێن، بەڵام د. مەهدی عەلاق، ئاماژە بەوە دەکات: پێشتر حکومەتی هەرێمیان لە بڕیاری دواخستنی سەرژمێریی ئاگادار کردووەتەوەو وتی: «پێش چەند رۆژێک لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمman ئاگادارکردەوە کە نیازێک هەیە بۆ دواخستنی سەرژمێریی، کۆبوونەوەم لەگەڵ وەزیری پلاندانانی هەرێم سازداو لەو خاڵانەم ئاگادارکردەوە کە لە میانی کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا تاوتوێ دەکرێن، سەرەڕای ئەوەی وەزیری پلاندانانی هەرێم، نیگەرانیی خۆی نیشانداوە لەوبارەیەوە، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئەگەر حکومەتی ناوەندی بڕیاری دواخستنی سەرژمێریی بدات، ئەوا ئەوان ریزی لێدەگرن».

دواخستنی نۆیەم سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا کە لە پاش سەرژمێریی ساڵی(١٩٥٧)ەوە، چاوەڕاون دەکرێت کە شەرعیرتین سەرژمێریی بێت، گومانی لە دووبارە دواخستن، یان هەر ئەنجام نەدانی دەکرێت، بەڵام د. مەهدی عەلاق، خۆی لەو ئەگەرانە لادەدات‌و دەڵێت: «ئێمە لایەنی حکومیی جێبەجێکارین‌و حکومەتی ناوەندی بڕیاری ئەنجامدانی سەرژمێریی دەدات‌و پابەندن بە بڕیارەکانی حکومەت‌و ئەگەر حکومەتی ناوەندی بڕیاری دووبارە دواخستنی دا، ئەوا ئەوان پێوەی پابەند دەبن».

مادەی(١٤٠)و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی، دەبەسترێنەوە بە بڕیاری دواخستنی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانەوە، بەوپێیەی ئەنجامدانی سەرژمێریی رێژەی نەتەوەکان لەو پارێزگایانەدا دیاریدەکات کە کێشەیان لەسەرە، سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق، بوونی پەیوەندییەکی لەو جۆرە رەتدەکاتەوە، بەڵام ئاماژە بەوەدەکات: هەندێک لە وەزیرەکان داوای یەکلاییکردنەوەی ئەو پرسەیان لە دادگای فیدراڵی کردووەو دەڵێت: «سەرژمێریی دانیشتووان کە یەکێکە لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە، هیچ پەیوەندییەکی نییە بە پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق، چونکە هەریەک لە دوو پرۆسەیە بە میکانزمێکی جیاواز ئەنجامدەدرێن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەندێک لە وەزیرەکانی حکومەتی عێراقی، پێشنیازێکیان بەرزکردەوە کە دادگای فیدراڵی، ئەو پرسە یەکلایی بکاتەوە».

چاوەڕواندەکرێت رێژەی (١٧٪)ی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا، بەپێی دەرئەنجامی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، لە رووی کەمبوونەوە، یان زیادکردنییەوەو لەوبارەیەشەوە د. مەهدی عەلاق، ئاشکرای کرد: «رێژەی (١٧٪) کە بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە، بەپێی رێککەوتنێکی سیاسیی ئەنجامدرابوو، تەنیا ئەنجامەکانی سەرژمێریی ئەوە یەکلایی دەکەنەوە کە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، لەو رێژەیە زیاترە، یان کەمترە».

ناوهێنانی هەندێک لە کەمایەتییەکانیش، بەتایبەت ئێزدییەکان وەک نەتەوەیەکی جیا لە کورد لە فۆرمی سەرژمێرییدا، کێشەی لێکەوتەوەو سەبارەت بەو کێشەیەش، عەلاق رایگەیاند: «ئەو پرسە یەکێک بووە لە کێشەکان‌و ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریداوە کە لیژنەیەکی نیشتمانیی پێکبهێنرێت بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەی دەستنیشانکردنی نەتەوەکان».

«بەرپرسانی هەرێمman لە دواخستنی سەرژمێریی، ئاگادارکردەوە»




روانە سوودمەند بە لە :
وەنی هێڵێکی ئینتەرنێتی بێبەرامبەر لە شوێنە گشتییەکاندا
وە0535111000 یان بە ناردنی نامەیەك بۆ info@gorannet . net (


www.gorannet.net
بە کڕینی هێڵێکی ئینتەرنێتی گۆران نێت دەبیتە خاوەنی خێراییەکی بێ ڕکابەر 512
تەنها بە 15000 ! خێرایی 512 کیلۆبیت !
دابەزاندنی کرێی مانگانە بۆ تەنها 40000 دینار
ببە بە خاوەنی هێڵێک و بەم ز
Gnet Hotspot بەشداربووانی کۆن و نوێی گۆران نێت دەبنە خا
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیی بکەن بە : (لە نۆرماڵەوە 5111000 لە مۆبایلە

## تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوە

# حکومەت دۆسیەی نەوت دیزە بەدەرخۆنە دەکات

راپۆرتی: هیوا جەمال

**تائێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنەکانی سەبارەت بە نەوت نەهێناوەتە دیو بەردەوامە لە سەرپێچیی بەڵێن‌و بڕیارەکانی‌و یاسای نەوت‌و گازی هەرێمی کوردستانیش پێشێلدەکات‌و بەردەوام لەرێی تانکەرەوە نەوت رەوانەی دەرەوە دەکات.**

### شکاندنی بەڵێنەکان

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژی ٢٠١٠/٨/٧ لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانییدا لە سلێمانی بەڵێنی دا دوای کۆتاییهاتنی پشووی پەرلەمان «بە داتـا» شەفافییەت لە نەوتدا لە پەرلەمان رابگەیەنن، هەروەک وتی: «پاش کۆتاییهاتنی پشووی پەرلەمان، کۆمەڵێک باس‌و خواس لەوبارەیەوە ورووژێنراون، دەبێت بە وردیی قسەو گفتوگۆیان لەسەر بکەین بە داتاو ئامار، وەڵامی پرسیارەکان دەدەینەوە». وتیشی: هەندێک لەو پرسیارانەش جدیی‌و بەجێن، هەرچەندە هەندێکیان بۆ شێواندنی ناوی هەرێمی کوردستانە».

ئەم بەڵێنەی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، لە کاتێکدایە کە پشووی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٠/٩/١ تـەواو بـووەو جگە لە دوو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان، هیچ داتـاو وردەکـاریـیـەک لە پەرلەمان نەخراوەتە روو.

لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان‌و ئەنجومەنی وەزیـران جارێک‌و وەزیـری سامانە سروشتییەکان جاری دووەم، گفتوگۆ لەبارەی نەوتەوە کرابوون، گفتوگۆکان زیاتر باسی جێبەجێ نەکردنی بڕگەو مادەکانی یاسای نەوت‌و گاز بوون، جگە لە باسی ئەو پاڵاوتگانەی کە بە نارەسمیی لە هەرێمی کوردستان دامەزراون.

بەپێی زانیارییەکان زیاتر لە (٨٠) پاڵاوتگەی بێ مۆڵەت لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، بەڵام ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانییدا رایگەیاند: (٤٠) پاڵاوتگەی بچووک لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.

لە بڕیارێکدا بە ژمـاره (٨١٢٧) لە ٢٠١٠/٧/١٩، سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیاری داخاوەن (پاڵاوتگە بچووکەکان) بۆیان هەیە بە هەماهەنگیی‌و هاوکاریی وەزارەتی (بازرگانی‌و پیشەسازیی) پاڵاوتگەکان بگۆڕن بۆ بەکارهێنانی لە کەرتێکی تری پیشەسازیی، یان بیگوازنەوە بۆ دەرەوەی هەرێم، یان بە تەواویی لادەبرێن.

نووسراوەکە جەختی لەوە کردووەتەوە لەکاتی جێبەجێ نەکردنی ئەو داواکارییانە لەلایەن خاوەن پاڵاوتگەکانەوە تا کۆتایی ئەمساڵ، وەزارەتی ناوخۆ ئیجرائاتی یاسایی وەردەگرێت بۆ لابردنی گشت پاڵاوتگەکان.

ئەوەی تێبینیی دەکرێت، ئەوە نزیکەی (٧٥) رۆژ بەسەر ئەو بڕیارەدا تێپەڕیوە، بەڵام تائێستا هیچکام لەو پاڵاوتگە نایاساییانە دانەخراون‌و ئەوانەی کە مۆڵەتیشیان هەیە کاریان بە بڕیارەکە نـەکـردووە، ئـەوە لە کاتێکدایە بە وتەی د.ئاشتی هەورامی، پاڵاوتگە هەیە کە رۆژانە تەنیا توانای پاڵاوتنی (١٠) بەرمیل نەوتی هەیە.

بوونی پاڵاوتگەی نەوتیی، کە رۆژانە (١٠) بەرمیل نەوت بپاڵێوێت پێچەوانەی یاساکەیەو ساڵیی (٣٦٠٠) بەرمیل نەوت دەکات، بەڵام بەپێی مادەی یەک، بڕگەی بیست‌و شەشی یاسای نەوت‌و گازی هەرێم، بەرهەمهێنانی بازرگانی: بەرهەمهێنانی رۆژانەیە کە لە (٥٠٠٠) بەرمیل کەمتر نەبێت لە ماوەی (١٢) مانگدا، ئایا ئەمە پاڵاوتگەش دەگرێتەوە؟ ئەی هیچ یاسایەک هەیە بۆ پاڵاوتگەکان؟

هەر لە کۆبوونەوەی حکومەت‌و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، حکومەت‌و پەرلەمانیش دانیان نا بـەوەی کە کەموکوڕیی هەیە لەڕووی کردنەوەی پاڵاوتگەکان، کە هیچ مۆڵەتێکی یاساییان نییە، یاخود لە شوێنی دیکە مۆڵەتیان وەرگرتووە، لە کاتێکدا کە بەپێی مادەی (٢٢) لە یاسای نەوت‌و گاز دەبێت مۆڵەتی پاڵاوتگەکان لە وەزارەتـی سامانە سروشتییەکان وەربگیرێت.

لە بڕیارێکی تردا کە ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٨١٢٨) لە ٢٠١٠/٧/١٩ دەریکردووە، بڕیاردراوە وەزارەتی ناوخۆ هێزێکی تایبەت بۆ پاراستنی دامەزراوەکانی نەوت‌و گازو چالاکییەکانی نەوت لە هەرێم دروست بکات.

بڕیارەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو؛ کە لە رۆژی ٢٠١٠/١٠/١وە کۆمپانیاکانی پاراستنی ئاسایشی کەرتی تایبەت بۆیان نییە بەردەوامبن لە کارکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت.

سەبارەت بەم بڕیارەش جـەلال شێخ کەریم، بریکاریی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو هێزانە دروست بوون‌و دەستبەکار بوون، ئـێـسـتـا نزیکەی (٨٠٪)ی شوێنەکانیان وەرگرتووەو ئەوانی دیکەش وەردەگرن.

### جێبەجێ نەکردنی یاسا

یاسای نەوت‌و گازی هەرێمی کوردستان–عێراق، بە ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) لە خولی دووەمـی پەرلەماندا دەنگی لەسەر دراوە، ئەگەرچی لەبارەی ئەم یاسایەوە حکومەتی بەغدا گرفتی لەگەڵ هەولێر هەیە، بەڵام حکومەتی هەرێمیش ئەو یاسایەی جێبەجێ نەکردووە.

لە یاساکەدا ئاماژە دەکات، بە دامەزراندنی هـەریـەک لە کۆمپانیاکانی (کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت KEPCO)، (کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نـەوت KNOC)، (کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت KOMO)، (کۆمپانیای کـوردسـتـان بـۆ پرۆسەکانی پـاڵاوتـن‌و پاشکۆکانی KODO) لەگەڵ (سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان KOTO).

بەپێی وتەی شارەزایان بە دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایانە پرۆسەی نەوت‌و گاز لە هەرێمی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.

عەبدوڵڵا مەلا نوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی‌و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی وت: «لـەڕووی ئابوورییەوە ئەو کۆمپانیا خۆماڵییانە بەشێک لەو داهاتانە دەگێڕنەوە بۆ هەرێمی کوردستان کە کۆمپانیا بیانییەکان لە بـوارەکـانـی وەبەرهێنان‌و پاڵاوتن‌و هاوردەکردنی نەوتی هەرێم تائێستا بۆ خۆیانی دەبەن، چونکە بەپێی یاساکە ئەو کۆمپانیایانە دەتوانن ببنە شەریک لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان».

یاساکە ئەرکی رێکخستنی ئەو چوار کۆمپانیایەی خستووەتە سەر وەزارەتـی سامانە سروشتییەکان‌و دامـەزرانـدنـی سەرۆک‌و ئەنجومەنی کارگێڕی سەرجەم ئەو دەزگایەنەشی خستووەتە سەر ئەنجومەنی وەزیـران، بە مەرجێک زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان پەسەندی بکەن.

بایەخێکی تری گرنگی دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایانە ئەوەیە، کە کارەکانیان لەژێر چاودێریی پەرلەماندا دەبێت، ئەمەش شەفافیەت لە کەرتی نەوتدا دەستەبەر دەکات.

ئاریان محەمەد، پسپۆڕی یاسای فیدڕاڵی بەپێویستی دەزانێت؛ کەرتی نەوت‌و پرۆسەی نـەوت لە هەرێم بخرێتە ژێـر چاودێریی پەرلەمانەوەو هاوڵاتییانیش ئاگاداری وردەکاریی داهـات‌و شێوازی دەرهێنان‌و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بن.

چاودێران لەو بڕوایەدان، کە هۆکاری دانەمەزراندنی ئـەو کۆمپانیایانەو سـنـدووقـی داهاتەکان بۆ ئەوەیە: «حکومەتی هەرێم نایەوێت پرۆسەی نەوت لە چوارچێوەیەکی یاساییدا بەڕێوەبچێت»، هـەروەک عـەبـدوڵـڵا مـەلا نـوری، وتـی: «هەستدەکەین کە ئیرادەیەک هەیە کار لەسەر ئـەوە دەکـات هەموو کارەکانی پرۆسەی نەوت لە دەسەڵاتەکانی وەزیـری سامانە سروشتییەکاندا حەسر بکرێت».

هەر بەپێی یاسای نەوت‌و گاز، مادەی (١٥) پێویستە پرسی داهات ملکەچ بێت بۆ بەدواداچوونی پەرلەمان، بـەڵام تائێستا ئەم مادەیە جێبەجێ نەکراوە، هەرچەند حکومەت لەوبارەیەوە چەند جارێک بڕیاری دەرکردووە.

بەپێی مادەی (١٥)ی یاساکە سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان دادەنرێت (کە وەک باسکرا دانـەنـراوە) کەسایەتی مەعنەویی‌و سەربەخۆی لە بواری کارگێڕیی‌و داراییدا هەیە.

بەپێی بڕگەی سێی مادەکە پێویستە وەزارەت هـەمـوو زانـیـاریـیـە داراییـە پێویستەکانی پەیوەست بە مۆڵەتەکان‌و گرێبەستە نەوتییەکان بە سندووقی (koto) بدات.

بەپێی بڕگەی پێنجەمی هەمان مادە، سندووقەکە دەکەوێتە ژێـر چاودێریی پەرلەمانەوە، لەبڕگەیەکی تردا پێویستی دەکات هاوڵاتیانیش ئاگادری بن.

هەروەها بەپێی مادەی (١٧) کارەکانی سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان لەژێر چاودێریی پەرلەماندا دەبێت.

لە چەند شوێنێکدا لە یاسای نەوت‌و گاز جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە پێویستە پەرلەمان چاودێریی داهاتەکانی نەوت‌و گاز بکات، بەڵام تائێستا ئەوە جێبەجێ نەکراوە.

### نەوتەکە هەر دەروات

تائێستا لە رێی تانکەرەکانی نەوت لە مەرزەکانی هەرێمی کوردستانەوە نەوت ئاودیو دەکرێت، ئەوە لەکاتێکدایە یاسای نەوت‌و گازی هەرێمی کوردستان بە روونی باسی «نەوت»و «نەوتی خاو»ی کردووە.

مـادەی یەکەمی یاساکە بەم شێوەیە پێناسەی نەوت‌و نەوتی خاوی کردووە: بڕگەی یازدەیەم، نەوت: هەر هیدرۆکاربۆناتێکی سروشتیی، یان هیدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵاوی سروشتیی چ لە دۆخی گازیی، یان شلیی بێت ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ حەشارگەکە.

دوازدەیـــەم، نـەوتـی خـــاو: هەموو هـیـدرۆکـاربـۆنـاتـەکـانـی شل لـە دۆخـە سروشتییەکەی، یان لە گازی سروشتییەوە بەهۆی خەستکردنەوە، یان هەر هۆکارێکی پوختکردنی دیکە بەرهەمهێنرابن.

بۆ یەکەمجار، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران لە رۆژی ٢٠١٠/٧/١٥ رێنوێنی بە ئەنجومەنی وەزیران دا، کە «بە هیچ شێوەیەک نابێت پاشماوەی بەرهەمە پاڵێوراوەکانی نەوت بە شێوەیەکی نایاسایی لە هەرێمی کوردستان دەربچن و داواشی لێکردن کە بە توندترین شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بکرێت».

بەپێی بـڕیـاری ژمـاره (٨١٢٩) لە ٢٠١٠/٧/١٩، کە واژۆی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی لەسەرە، جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە «بـە هیچ شێوەیەک نەوتی خـاو بـە تانکەر دەرنـەچـێـت لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمەوە»، هەروەها ئاماژە بەوە دراوە؛ کە دەبێت نەوتی خاو لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان تەنیا لە رێگەی بۆری گواستنەوەی (کەرکوک–جەیهان) بێت.

لـە بەشێکی تـری نـووسـراوەکـەدا، هاتووە: «بە هیچ شێوەیەک نابێت بەرهەمی پاڵاوتگەکانی هەرێم دەرچـێـت لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێم، بەبێ رەزامەندیی وەزارەتـــی سامانە سروشتییەکان‌و بە رەچاوکردنی رێگە یاساییەکان».

د.ئاشتی هەورامی، وەزیـری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هـەرێـم لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە هەولێر سەبارەت بە بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە، وتی: «نەوتی خاومان رەوانەی دەرەوەی هەرێم نـەکـردووە، ئـەوەی کە دەنێردرێتە دەرەوە، بە تەنیا پاشماوەی پێکهاتەکانی نەوتە، کە دوای سوود وەرگرتن لێی، لە رێگەی کۆمپانیاکان‌و دوای موزایەدە دەنێردرێتە ئـێـران‌و لـەوێـوە رەوانــەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێت».

وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەوەشی روونـکـردەوە، کە داهاتەکەی بۆ پـارەی گواستنەوەی نەوتی خاو لە بیرەکانەوە بۆ پاڵاوتگەکان‌و ئەرکی کرێکاران دەبێـت، وتیشی: «بەپێی مەزەندەی ئێمە هەر تەنێک لەم پاشماوەیەی کە دەنێردرێتـە دەرەوە بە نرخی (٤٠٠) دۆلار دەبێـت، ئەگەر بەم شێوەیەش بێت مانگانە بڕی (٢٠) ملیۆن دۆلار قازانجی دەبێت، بەڵام ئەگەر نرخی تەنێک بە (٣٠٠) دۆلار بێت، ئەوا هیچ قازانجێک نامێنێتەوە».

وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک ناڕواتە دەرەوەی هەرێم، ئەوەی رەوانەی دەرەوەی هەرێم دەکرێت، تەنیا بەرهەمی نەوتەو بەشێوەیەکی رەسمیی‌و بە مۆڵەتی ئێمە رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت.

بەڵام بەپێی یاسای نەوت‌و گاز نەوتی خاو هەموو هیدرۆکاربۆناتەکانی شل لە دۆخە سروشتییەکەی، یان لە گازی سروشتییەوە بەهۆی خەستکردنەوە، یان هەر هۆکارێکی پوختکردنی دیکە بەرهەمهێنرابن، ئەی ئەوە پێی ناوترێت نەوتی خاو؟

پێشتر د. ئاشتی هەورامی وای بڵاوکردەوە کە بۆ دەستکەوتنی گازوایل نەوت دەپاڵێون بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، بەڵام خۆ ئێستا گازی سروشتی بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت، لە ناوخۆشدا قەیرانی سووتەمەنی هەر بەردەوامە، ئەی ئێستا بۆچی نەوتە خاوەکە دەپاڵێون؟

### رەخنە لە بەغدا، هیچ لای خۆمان

حکومەتی هـەرێـمـی کـوردسـتـان بـەردەوام رەخنە لە بەغدا دەگرن بەوەی کە سیاسەتێکی شکستخواردووی لە بواری نەوتدا هەیە، لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا د.ئاشتی هەورامی، دووبـارەی کردەوەو وتی: سیاسەتی نەوتی عێراق سیاسەتێکی شکستخواردووبووە، بۆیە حکومەتی هەرێم نەیانویستووە سیاسەتی نەوتی هەرێمیش فاشیل بێت‌و بڕیاری راگرتنی نەوتەکەیان داوە، لە دوایین لێدوانیشیدا بۆ گۆڤاری (TIME)ی ئەمریکی د.بەرهەم، سەرۆکی حکومەت، سیاسەتی نەوتی بەغدا بە «شکستخواردوو» لە قەڵەمداو دەڵێت: «عێراق داهاتێکی گەورەی زۆر پێویست بەفیڕۆ دەدات».

کەچی هەر بەپێی وتـەی هەورامی، تائێستا هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ ماوەی چوار مانگ نەوتی خاوی ناردووەتە دەرەوە، ئەویش لە دوای پەسەندکردنی یاسای نەوت‌و گاز بووە لە ساڵی ٢٠٠٨.

ئەوە لەکاتێکدایە کە بەپێی وتەی فەلاح عامریی، سەرۆکی خستنە بازاڕی نەوتی عێراق، ناسراو بە (سۆمۆ)، لەماوەی مانگی ئەیلولی رابـردوودا هەناردەکردنی نەوتی خاو لە عێراقەوە گەیشتووەتە (٢) ملیۆن‌و (٢١) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

لەلایەکی دیکەشەوە حسێن شەهرستانی، لە نوێترین چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئەلعێراقییە، رایگەیاند: گرفتی گەورە لەنێوان بەغداو هەولێردا سەبارەت بە نەوت هەیە، وتیشی: حکومەتی هەرێم بۆی نییە بە هیچ شێوەیەک نەوت بفرۆشێت‌و هەموو مامەڵەکانی لەوبارەیەوە نایاساییـن.

لـە مـــاوەی سـێ ســاڵــی رابـــردوودا پرسی نەوت لە میدیای ئەهلیی‌و ئازاد لە هەرێمی کوردستان قسەو باسی زۆری لەبارەوە کراوە، بەڵام دوای راپۆرتەکەی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکایی، کە لە ژمـارەی رۆژی (٨)ی تەممووزی ئەمساڵدا بڵاویکردەوەو تایبەت بوو بە بردنەدەرەوەی نەوت لە رێگەی تانکەرەوەو بێ ئاگاداریی حکومەتی ناوەندی، پرسەکە زیاتر وروووژێنراو نارەزایی جەماوەریی لێکەوتەوە.

نەبوونی شەفافییەت‌و ونبوونی داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستانداو رێنەدان بە پەرلەمان‌و رۆژنامەنووسان لەلایەن حکومەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە، لەکاتێکدایە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا (٣٢) کۆمپانیای بیانیی بـەدوای نەوتدا دەگەڕێن.

د.عەلی حەسەن بەلو، راوێـژکـار لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە رایگەیاند: لە ئێستادا (٣٢) کۆمپانیای جیهانیی، کە لە (١٧) وڵاتەوە هاتوون گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم ئیمزا کردووە تا بەدوای نەوتدا بگەڕێن.

لەلایەکی دیکەشەوە، کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی یەکێک لەو کۆمپانیایانەی کە لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی لە نەوتدا ئەنجامداوە، بە بڕی (٧٥) ملیۆن دۆلار غەرامە کـراوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە لایەنی سێیەمی لە ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنانی لە هەرێم بەشدار کردووە، کە حکومەتی هەرێمە.

بەپێی لێدوانە رەسمییەکان هەرێمی کوردستان شوێنێکی گرنگە لە جیهاندا لە بواری نەوت‌و گازداو پێشبینیی دەکرێت، نزیکەی (٤٥) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگو لەنێوان (١٠٠ تا ٢٠٠)تریلیۆن پێ سێجا، گـازی یـەدەگ، لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت.



مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ، رۆژی ٢٠١٠/١٠/٥، تانکەرەکان بەردەوامن لە بردنەدەرەوەی نەوت لە هەرێم

فۆتۆ: هیوا جەمال

دەستی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە پەیمانگەکان دوور دەخرێتەوە 16

ڕاڤەی بودجە

## حیزب لە مووچەی فەرمانبەردا



عەلی حەمەساڵح

بە چەندین ڕێگەی جیاواز، حیزب پەلیهاویشتووەتە ناو بودجەوەو زۆرترین پارەی میللەتی خستووەتە بەرژەوەندیی خۆیەوە، بەدەر لەو بودجەیەی کە لەدەرەوەی یاسا مانگانە دەدرێتە حیزبەکان، مانگانە بە ناوی مووچەی خانەنشینو فەرمانبەرانەوە بە سەدان ملیۆن دینار دەچێتە خزمەتی حیزبەوە.

حیزب لە سێ ڕێگەوە مووچەی فەرمانبەرانو خانەنشینەکانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارهێناوە، چۆن؟

یەکەم: ژمارەیەک زۆر کادیری حیزبی خانەنشینکراونو مانگانە لەناو بارەگا حیزبییەکانەوە لەسەر بودجەی گشتیی مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو (٧٢٦) ملیارو (٩٦٢) ملیۆن دینار بۆ مووچەو موکافەئەی خانەشینان تەرخانکراوە، لەو پارەیە (٤٣) هەزار کەس کە لە ڕێگەی مەڵبەندەکانی یەکێتییەوە خانەنشینکراون (١٢) ملیارو (٩٠٠) ملیۆن دیناریان وەرگرتووە، ئەمانە تەنیا ڕۆژێکیش خزمەتیان نەبووە، وەک کارمەندی حکومەت.

دووەم: سەرجەمی کادیرە حیزبییەکانی یەکێتیو پارتیو پاش ئەوانیش بە ژمارەیەکی زۆر کەمتر گۆڕانو کۆمەڵی ئیسلامیی، فەرمانبەری وەزارەتی داراییین بەبێ ئەوەی تەنیا ڕۆژێکیش وەک فەرمانبەر دەوامیان کردبێت، ئەم کادیرە حیزبییانە مانگانە لە بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکانەوە مووچەیان دەدرێتی لە بارەگا حیزبییەکان، ئەو کادیرە حیزبییانەش کە بەبێ دەوامکردن مووچەخۆری حکومەتنو مووچەکەشیان مووچەیەکی شیاوە، بۆ نموونە ئەندام مەڵبەند فەرمانبەرە بە پلەی بەڕێوەبەری تەنفیزی، کارگێڕ مەڵبەندو ئەندام مەکتەب هەیە بە پلەی ڕاوێژکار مووچە وەردەگرێتو لە تەنیشت ئەو مووچەیەشدا وەریدەگرێت واژۆی ڕاوێژکار دەکات، نەک کارگێڕ مەڵبەند، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ساڵانە مووچەیەکی زۆر بۆ وەزارەتی دارایی بێت، چۆن؟

ئەمساڵ وەزارەتی دارایی (٣٧) هەزارو (٧٨٨) مووچەخۆری هەیە، وەک وتم؛ بەشێکی زۆریان کادیری حیزبین، لە ساڵێکدا (٥٥٩) ملیار دینار مووچەیانە، کە (٤٦٩) ملیۆن دۆلار دەکات، ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیش وەربگرین هەر فەمانبەرێکی سەر بەم وەزارەتە لە ساڵێکدا (١٢) هەزارو (٤٢٩) دۆلار وەردەگرێت، لەکاتێکدا ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیی بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە وەربگرین (٦) هەزارو (٤٢١) دۆلارە، چونکە (١٤٣) هەزارو (٣١٤) فەرمانبەری هەیەو مووچەی ساڵێکی هەموویشیان ترلیۆنێکو (١٤١) ملیار دینارە، بەپێی ئەم شیکردنەوەیەی سەرەوەش مووچەی هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتی دارایی دوو ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی وەزارەتی پەرەوەردەیە، ئەگەر مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی بەراورد بکەین بە مووچەی کارمەندو پێشمەرگەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، سێ ئەوەندە دەکات، بۆ؟

حکومەت بۆ ئەمساڵ (٥٩٦) ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ (١٢٢) هەزارو (٤٧١) مووچەخۆری وەزارەتی پێشمەرگە، ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیی وەربگرین، ساڵانەی هەر مووچەخۆرێک (٤) هەزارو (٦٥) دۆلارە، لەکاتێکدا ڕێژەی تێکڕایی بۆ مووچەخۆرێکی وەزارەتی دارایی (١٢) هەزارو (٤٢٩) دۆلارە.

بۆچی مووچەی کارمەندانی وەزارەتی دارایی دوو ئەوەندەی کارمەندانی وەزارەتی پەرەوەردەو سێ ئەوەندەی پێشمەرگە دەبێت؟

چونکە بەشێکی زۆر ئەو مووچەخۆرانە کادیری حیزبینو ئێستا دەیان کەس کە بڕوانامەیان نییەو کادیری حیزبین، مووچەی ڕاوێژکار وەردەگرن، بە سەدان کادیری حیزبیش مووچەی بەڕێوەبەر وەردەگرن.

سێیەم: ئەمساڵ (٤) ترلیۆنو (٩٩٩) ملیار دینار، بۆ مووچەی فەرمانبەرانو خانەنشینو کادیری حیزبییو موکافەئەو دەرماڵە تەرخانکراوە، کە (٤٣٪) بودجەی گشتیی دەکات، بەشی هەرە زۆری ئەم مووچەیەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چووەتە خزمەتی حیزبەوە، چۆن؟

ئەمیش لە ڕێگەی چەندین دەزگاو وەزارەتی جیاوازەوە کە تاوەکو ئێستا لەژێر هەیمەنەی حیزبدایە، تاوەکو ئێستا دوو دەزگای ئاسایش هەیەو هەردوو دەزگای زانیارییو پاراستنیش وەک کارمەندی ئاسایشی گشتیی هەولێرو سلێمانی ئەژمار کراون،

ژمارەی فەرمانبەرانی ئاسایشی گشتیی سلێمانی (١٧) هەزارو (٦٧٨) فەرمانبەرەو مووچەی ساڵێکی هەموویان (١٢٥) ملیار دینارەو ژمارەی فەرمانبەرانی ئاسایشی هەولێریش (١٨) هەزارو (٨١٩) کەسەو مووچەی ساڵێکی هەموویان (١٤٠) ملیار دینارە.

هەرچەندە وەزارەتی ناوخۆ ئێستا یەکیگرتووەتەوە، بەڵام زۆر ئەستەمە لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتیدا ئێستا کەسێک وەک کارمەندی ئەم وەزارەتە دابمەزرێتو یەکێتی نەبێت، چۆن هەمان شت لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتیشدا ئەستەمە، ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆش (٩٥) هەزارو (٩٨٣) کەسەو مووچەی ساڵێکیان (٧٠٥) ملیار دینارە.

وەک وەزارەتەکانی دیکە، تاوەکو ئێستا وەزارەتی پێشمەرگەش لەژێر هەیمەنەی حیزبدایە، ژمارەی مووچەخۆرانی وەزارەتی پێشمەرگەش (١٢٢) هەزارو (٤٧١) کەسەو مووچەی ساڵێکیشیان (٥٦٦) ملیار دینارە.

حکومەتی هەرێم، ئەمساڵ (٦٢٥) هەزارو (٨٤٩) مووچەخۆری هەیە، بەشێکی هەرە زۆریان ئەوانەنن کە لەژێر دەسەڵاتی حیزبدان، بە ئاسایشو دەزگای زانیارییو پاراستنو وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆو داراییەوە (٢٩٢) هەزارو (٧٣١) مووچەخۆرییان هەیە، لەو مووچەیەش کە بۆ فەرمانبەران تەرخانکراوە، بەشێکی هەرە زۆری بۆ ئەم دەزگایانەیە لە (٤) ترلیۆنو (٩٩٩) ملیار دینار، (٢) ترلیۆنو(١٢٥) بۆ ئەو وەزارەتو دەزگایانەیە، کە ئاماژەم پێدا، بەم پێیەش (٤٢,٥٪) مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەچێتە خزمەتی حیزبەوە لە ڕێگەی ئەم دەزگاو وەزارەتانەوە.

# سەدان ملیار دینار لە بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم بەگەڕ نەخراوە

ڕۆژنامە

حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە لە (١٠) مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا تەواوی ئەو بودجەیە بەگەڕ بخات، کە لە ساڵی (٢٠١٠)دا پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کرد، کە بڕەکەی (١١) ترلیۆنو (٤٣٦) ملیار دینار بوو، بەم هۆیەشەوە بە سەدان ملیار دینار لە بودجەی ئەمساڵ دەمێنێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو.

ئەگەرچی وادەی خەرجکردنو بەکارهێنانی بودجەی ساڵی (٢٠١٠) لە کۆتایی نزیک دەبینەوە، بەڵام تائێستا بودجەی سندووقی نیشتەجێبوونی ساڵی (٢٠١٠) خەرج نەکراوە، کە بڕەکەی (٢٠٠) ملیار دینارە، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانیش ئاشکرای دەکات، «ئەوان ناتوانن کاتێک دیاریی بکەن بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکانی سندووقی نیشتەجێبوون».

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە بە سایتی سبەی ڕاگەیاند: «بڕێک لە بودجەی سندووقی نیشتەجێبوون چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە ئەویش (٣٥) ملیۆن دۆلارەو تەرخانکراوە بۆ گوندنشینەکان».



ئیسماعیل گەڵاڵەیی



هێرش عەبدولرەحمان

لەبارەی بەشەکەی تری بودجەی دەستەی وەبەرهێنانەوە، هێرش موحەڕەم، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ڕێنمایی قۆناغی یەکەمی سندووقی نیشتەجێبوون نزیکەی (٢٥) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، کە ئەوەش کارێکی گەورە بوو، کاتێکیش دەستەی وەبەرهێنان داوای ئەو بودجەیەی کردووە مەرج نییە ئەو بودجەیە لە ساڵێکدا خەرجبکرێتو خەرجیش ناکرێت، بەڵکو ئیلتیزامی ئەو پارەیە دەکەین لە ساڵێکدا، هاوکات ئێمە نزیکین لەوەی کە بڕیاری پابەندبوونەکە بدەین بە شێوازێک کە ئەمجارە جیاوازبێت لە قۆناغی پێشوو.

سەبارەت بە دواکەوتنی بودجەی سندووقی نیشتەجێبوونیشەوە، موحەڕەم، ڕوونیکردەوە: ئەو بودجەیە ئەگەر لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵیشەوە خەرج بکرایەو دەستمان بکردایە بە پرۆژەکان، لە کاتێکدا کە بودجە لە مانگی (نیسان)دا پەسەندکراوەو لە مانگی (ئایارو حوزەیران) دەستمان کردووە بە کارکردن، بەڵام بودجەکە هەر خەرج نەدەکرا، چونکە بەرنامەی خەرجکردنی بودجەکە بەو شێوەیەیە، کە لە قۆناغی کۆتایی پرۆژەکەدا خەرجدەکرێت، بەپێی یاسای بودجەش ئێمە ئیلتیزامی پارەکە دەکەین، لە هەمانکاتدا ئەو پارەیە وەک پارەی ئەو پرۆژە بەردەوامانە سەیر دەکرێت، کە پارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو.

لەلایەکی دیکەوە، هەر لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا سەدان ملیار دینار لە بودجەی بەکارخستنو وەبەرهێنان بەگەڕنەخراوەو نزیکەی (٣٠) ملیار دیناری دیاریکراوە بۆ بانکی پیشەسازییو دەستی لێنەدراوە.

ئیسماعیل گەڵاڵەیی، ئەندامی لیژنەی داراییو کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: «چەندین پرۆژە هەیە لە ناوچەی بادینانو لە شاری سلێمانیش کە تائێستا دەستی بۆ نەبراوەو بودجەشی بۆ تەرخانکراوە، بۆیە لە ئێستادا ئێمە بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانە دەکەین».

لەومیانەدا ئەوەی ئاشکرا کرد: نزیکەی (٣٠) ملیار دینار دیاریکراوە بۆ بانکی پیشەسازیی، بەڵام دەستی لێ نەدراوە.

## ئەمریکا پێشوازیی لە ڕۆڵی کورد دەکات لە نابوکۆدا

# هەورامی: دەتوانین ببینە تاکە سەرچاوەی نابوکۆ

ئا: شاڵاو فەتاح

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان لە ئەستەنبوڵ ڕایگەیاند: «کێڵگە گازییەکانی باکووری عێراق (٣-٦) ملیار مەتر سێجا گازی تێدایە، ئەمەش لە بەکارهێنانی ناوخۆو ناوخۆی تورکیاش زیاترەو تەواوی پێداویستییەکانی هێڵی نابوکۆش پڕدەکاتەوە».

پرۆژەی گازی نابوکۆ، کە لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپاوە پشتگیریی دەکرێت، هەر لە سەرەتاوە بەدەست کەمیی سەرچاوە گازییەکانەوە دەناڵێنێت.

دوایەمین دۆزینەوە گازییەکانی هەرێمی کوردستان سەرنجی گشت ڕێکخەرانی پرۆژەکەی بۆ ئەم هەرێمە ڕاکێشا، لە سەرەتاوە عێراق بە گشتیی وەک لایەنێکی پشکداری پرۆژەکە خەمڵێنرابوو، بەوەی سەرچاوە گازییەکانی ئەم وڵاتە دەتوانن بەشێکی پێداویستییەکانی ئەوروپا بۆ گاز پڕ بکەنەوە، بەڵام لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە زاری باڵاترین بەرپرسانی وزەوە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەتوانن تەواوی پێداویستییەکانی پرۆژەکە پڕبکەنەوە.



د. ئاشتی هەورامی، وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەدوای مونتەدا سێ ڕۆژییەکەی وزەو ئابووریی دەریای ڕەش لە ئەستەنبوڵ بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: ئەوان وای دەخەمڵێنن کە کێڵگە گازییەکانی باکووری عێراق (١٠٠-٢٠٠) ملیار پێ سێجا گازی تێدابێت، کە دەکاتە (سێ-شەش) ملیار مەتر سێجا، ئەمەش دەتوانێت پێداویستییەکانی ناوخۆ بۆ گاز پڕ بکاتەوەو بگرە زیاتریش، وەک دەڵێت: «ئەمە لە بەکارهێنانی ناوخۆو ناوخۆی تورکیاش زیاترەو تەواوی پێداویستییەکانی هێڵی نابوکۆش پڕ دەکاتەوە».

ساڵی پار نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق دووپاتی کردەوە؛ کە عێراق ئامادەی بەشداریکردنی پرۆژەی نابوکۆیە، بەڵام کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بوونە ڕێگری بەردەم هەر هەناردەکردنێکی نەوت لە هەرێمەوە.

هەورامی، لە مونتەدای وزەو ئابووریی دەریای ڕەش لە ئەستەنبوڵ، گەشبینیی خۆی بە چارەسەربوونی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا پیشانداو گلەیی ئەوەشی کرد، کە هەرچەندە دەستووری عێراق پرەنسیپەکانی دابەشکردنی سامانو دەسەڵاتی دیاریکردووە، بەڵام هەندێک لە بەغدا دان بەو دۆخەدا نانێنو هێشتا خەون بە هێشتنەوەی دەسەڵات لە دەستی یەک کەسدا دەبینن.

لەو مونتەدایەدا کە شارەزایانو سیاسەتمەدارانو وەبەرهێنانی ئەمریکی، ئەورووپی، تورکی، قەزوینیو عێراقی لەخۆ گرتبوو، هەورامی، داوای لە بەشداربووان کرد، کە: «ئاگایان لە نیگەرانییەکانمان» بێتو داوای لێکردن، هەنگاوبنێن بۆ گرەنتیکردنی مافەکانی کورد، کە لە دەستووردا هاتووە.

هەرچەندە ناوی حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق لە لیستی بەشدارانی مونتەداکەدا بوو، بەڵام بەشدار نەبوو.

لەلایەکی دیکەوە، ڕیچار مۆرنینگستاری نوێنەری تایبەتی هیلاری کلنتۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئۆراسیا لە کۆتایی هەمان مونتەدادا بە ڕۆژنامەنووسانی وت: «ئەگەر بتوانین گازی کوردەکان وەدەستبێنین، ئەوە شتێکی زۆر پۆزەتیڤ دەبێت».

مۆرنینگستار، پێیوابوو؛ کە ئەوانو تورکیاش بەلایانەوە گرنگە گازی کوردستان بگوازرێتەوە، بەڵام دواتر مۆرنینگستار، باسی لەوە کرد؛ کە بەبێ ڕازیبوونی بەغدا قورسە بتوانرێت هەرێمی کوردستان بکرێتە پرۆژەکەوە، «ئێمە دان بەوەدا دەنێین بەشداریکردن لەو پرۆژەیەدا نابێتو باشیش نییە بەبێ ڕێککەوتنێک لەنێوان هەولێرو بەغدادا».

**سوود لە پێگە ئەلکترۆنییەکانی (تودەیس زەمانو ئاسیا تایمز ئۆنلاین) وەرگیراوە.**

## پێویستە داواکاری گشتیی لەو مەسەلانەدا بێتە دەنگ

# «دەربازبوونی قاسم ئاغا، بێڕێزییە بە خوێنی شەهیدانو دادگاکانی کوردستان»





قاسم ئاغا لەکاتی کوشتنی کورددا رێبەرایەتی حیزبی بەعس دەکات

فۆتۆ: ئینتەرنێت

**راپۆرتی: رۆژنامە**

دادوەرانو مافناسان پێیانوایە؛ لە مەسەلەی دەستگیرنەکردنی قاسم ئاغای کۆیەوە خەڵکی کوردستان زیاتر متمانەیان بە دادگاکانی کوردستان کاڵبووەتەوەو بۆ گێڕانەوەی رێـزی دادگاکان دەتوانن لە رێـی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە ئەو تاوانبارە دەستگیر بکەن.

دوای ئەوەی کە کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانی کۆیە دڵنیابوونەوە لەوەی کە قاسم ئاغای کۆیە، کە تاوانبارە بە شەهیدکردنی (١٩) پێشمەرگەو ئەنفالکردنی (٥٣٩) هاوڵاتی گوندەکانی دەوروبەری کۆیە، لە کوردستانە، ژمارەیەکی زۆر سکاڵای یاساییان لە دژی ئەو کۆنە جاشانەی رژێمی بەعس تۆمار کرد، بۆ ئەو مەبەستەش کەمپەینێکیان پێکهێناو بەردەوام دەبن تا دەگەنە ئەنجامی سەرەکیی خۆیان.

هەرچەندە بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستی رۆژنامەدایە، قاسم ئاغا، لەسەر (١٨) کەیسی جیاوازی کوشتن، فەرمانی گرتنی لەلایەن دادگای کۆیەوە بۆ دەرچـووەو ئەو (١٨) سکاڵاکارە لە نامەیەکیاندا بۆ هەریەک لە سەرۆکی هەرێمو وەزیری دادی حکومەتی هەرێم داوای دەستگیرکردنو دادگاییکردنی ئەو تاوانبارەیان کردووە، بەڵام بەپێی وتەی نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر کە دوێنێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند؛ قاسم ئاغا لە هەولێر دەرکراوە بەبێ ئەوەی دەستگیر بکرێت.

لەوبارەیەوە هیوا جەمال، ئەندامی کەمپەینی دادگاییکردنی قاسم ئاغا، بە رۆژنامەی وت: «یاداشتمان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کردووەو داوامان کردووە، کە ئەو تاوانبارە بدرێتە دادگا، چونکە مافی گشتیی لەسەرە، ئێمە وەکو کەسوکاری شەهیدان زۆر دڵگرانین بە ئاگادارکردنەوەی ئەو تاوانبارە بۆ بەجێهێشتنی کوردستان، دەشپرسین؛ ئایا هیچ کەسێک هەیە لە کوردستاندا نەزانێت کە قاسم ئاغا، تاوانبارە؟ ئەی چۆن دادگاو دەسەڵاتداران ئەمە نازانن؟ ئایا چ دەسەڵاتێک لە دنیادا رێگە بە هەڵاتنی تاوانبارێک دەدات؟».

هەر سەبارەت بەو مەسەلەیە، ناوەندی چاک دژ بە ئەنفالکردنو جینۆسایدی گەلی کورد لە راگەیەنراوێکیدا ئاماژە بەوە دەکات؛ کە هیچ پاساوێک ناتوانێت شەرعیەت بە داڵدەدانو شاردنەوەی ئەو کەسانە بدات، کە دەستیان بە خوێنی دەیان لاوی شارەکانو پێشمەرگەی ناو سەنگەرەکان سـوورەو تۆمەتبارن بە بێسەرو شوێنکردنی هــەزاران ئەنفالکراو، نووسیویشیانە «ئێمە وەک کۆمیتەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستralیای ناوەندی چـاک، پشتیوانیی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانی دەشتی کۆیە دەکەینو جەخت لە پشتگیریی کۆمیتەی ناوەندی هەڵەبجە -چاک لە کوردستان دەکەینەوە، هەماهەنگ لەگەڵ رێکخراوە مەدەنییەکانو کەسوکاری ئەنفالکاراوانو کیمیابارانکراوانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانین، کە قۆڵیان لە رسواکردنی تاوانبارانی ئەنفالو کۆمەڵکوژی هەڵمالیوە، کە بەداخەوە دەسەڵاتی کوردستان لەبری دادگاییکردنیان بەبێ حسابکردن بۆ مـافو هەستی کەسوکاری شەهیدان کێبەرکێیانە لەسەر شاردنەوەو دەربازکردنیان لە دەستی یاسا.

سـەبـارەت بـە لایـەنـە یاساییەکەی، پارێزگاریکردنو دەربازکردنی تاوانبارێکی وەکـو قاسم ئاغا لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە، دادوەر د.لەتیف مستەفا ئاماژە بەوە دەکات بەپێی یاسای سزادانی عێراقی لە مادەکانی (٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٢)دا هەرکەسێک کە داڵدەی تۆمەتبارێک بدات کە سکاڵای یاسایی لەسەربێت لەلایەن هەر دادگایەکەوە، یاخود ئاسانکاریی بۆ بکات بە راکردن، ئەو کەسەش تاوانبارەو سزاکەی بەندکردنە، وتیشی: «ئەمە جگەلەوەی کە ئەم مەسەلەیە تەجاوزکردنو پشتگوێخستنی رای گشتییە».

ئەو دادوەرە پێیوایە: کە دەبوو داواکاری گشتیی سکاڵای لە دژی ئەو کەسانە بجوڵاندایە کە ئاسانکارییان بۆ قاسم ئاغا کـردووە تا کوردستان جێبهێڵێت، بەڵام بە وتەی ئەو لەم بارەدا داواکـاری گشتیی بە کاری خۆی هەڵنەستاوە، وتیشی: «کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانیش دەتوانن بچن سکاڵا لە دژی ئەو لایەنانە تۆمار بکەن کە ئاسانکارییان بۆ راکردنی ئەو تاوانبارە کردووە».

لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا پارێزگاری هەولێر راشیگەیاند لەوانەیە کەسی دیکەی وەک قاسم ئاغا لە کوردستان هەبن کە دەکرێت لەرێگەی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانەوە داوایان لەسەر تۆماربکرێت تا لەرێی دادگای فیدراڵیو هەرێمی کوردستانو پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە سزای یاسایی بدرێن.

فوئاد عوسمان، وتەبێژی وەزارەتــی کـاروبـاری شـەهـیـدانو ئـەنـفـالـکـراوان لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لە رێگەی خۆپیشاندانی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانی کۆیەوە ئاگاداری مەسەلەکە بووینو بە رەسمیی هیچ داواکارییەکمان لـەوبـارەیـەوە پێشکەش نـەکـراوە، ئێمەش سکاڵای یاساییمان لەسەر ئەو تاوانبارە تۆمار نەکردووە، بەڵام دڵگرانین بەوەی کە کەسێک دەستی بە خوێنی گەلەکەی سـوور بێتو ئێستا بە ئازادیی ژیان بەسەربەرێت، بۆیە لەو مەسەلەیەدا پارێزەری کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوان دەبین.

دەستەی ناساندنو بوژاندنەوەی گۆپتەپەی شەهیدیش لە بەیاننامەیەکدا گـەڕانـەوەو داڵدەدانی قاسم ئاغا، ئیدانە دەکاتو دەڵێت: «ئەگەر هاتنەوەی قاسم ئاغا، بۆ هەموو خەڵکی کوردستان مایەی نیگەرانییو ناخۆشیی بێت، ئـەوا بۆ ئێمەی ناوچەی قەڵاسێوکە بەتایبەتیش بۆ هەردوو گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەرو قەسرۆکو گلنجاخو حەیدەربەگو کانی هەنجیرو جـەلـەمـۆرد، سەرلەنوێ برینمان دەکولێنێتەوە کە ئەنفالچییەکی ئاوا بەپێشچاومانەوە بێتەوە، بێ ئەوەی بەردەمی دادگا ببینێتو لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، کە ئەمەش جگە لە بەسووک تەماشاکردنی خوێنی شەهیدانو بێ بەهاکردنی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، هیچ واتایەکی تری نییە».

مافناس هاوڕێ تۆفیق، ئەوە بۆ رۆژنامە روونەدەکاتەوە؛ کە قاسم ئاغا، تۆمەتبارە بە دوو جۆر تـاوان، یەکەم: بە تاوانی کەسی، واتە ئەو کەسانەی کە خاوەنی قوربانییەکانن مافی کەسێتییان بەسەر ئەم پیاوەوە هەیە، کە تاوانی دەرهەق بە کەسە نزیکەکانیان کردووە لە کوشتن، دەستگیرکردنو تەسلیم کردنیان بە رژێمی بەعس، تاڵانکردنی مولکو ماڵی خەڵکو دەستگرتن بەسەر کـەلو پەلیاندا، تاوانی دووەمیش: کە مافی گشتیی لەسەرە ئەوەیە، کە بەشداربووە لە جینۆسایدکردنی گەلی کورددا، کە ئەمەیان خیانەتی نیشتمانییە.

بەپێی زانیارییەکانی ئەو مافناسە قاسم ئاغا، یەکێکە لەو کەسانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٣)دا ناوی لە لیستی ئەو کەسانەبووە کە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق داوایکرد، لیستەکەش بۆ ئەو جاشو خۆفرۆشانەبوو کە بەشدارییان کردووە لە تاوانی لەناوبردنی گەلی کورد وەک بەشێک لە پرۆسەی جینۆساید.

هــاوڕێ تۆفیق، بـاس لـەوە دەکــات؛ کە مەسەلەی هەڵاتنی قاسم ئاغا، بۆ دەرەوەی کوردستان لە بنەڕەتدا دووبابەتە، بابەتێکی سیاسییە، بابەتە سیاسییەکەی ئەوەیە، کە وەختی خۆی بەرەی کوردستانی لێبووردنێکی گشتیی دەرکــردووە بۆ بەعسو جاشو خۆفرۆشەکان، کە بەشێکیان ئێستا دەیانەوێت سوودمەندبن لەو لێبووردنەو پێیانوایە؛ کە حیزبەکانی بەرەی ئەو کاتەی وڵات کە ئێستا حاکمن لە کوردستاندا دەبێت وەفادارییان هەبێت بەرامبەر بەو لێبووردنە گشتییەی کە داویانە، بەڵام بـەرەی کوردستانی ئەو کاتە دەزگایەکی نیشتمانیی متمانەپێکراوی هەڵبژێراو نەبووە.

بابەتێکی تریش یاساییو دادوەرییە، کە دەبـوو دادگاکانی کوردستانو داواکـاری گشتیی ئەو تاوانبارە راپێچی دادگا بکەنو سزای بدەن، وتیشی: «ئەوەی بەسەر دادگاکاندا تێپەڕی کارەساتێکی گەورەبوو بەرامبەر بە دادگاو سەروەریی یاسا لە کوردستاندا، بەڵام ئێستاش کات نەچووە بچێت، دەتوانن ئێستاش لە رێی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە داوای بکەنو بیگێڕنەوە، حکومەتیش دەتوانێت لە رێی نووسینگەکانی دەرەوەی خۆی لەو وڵاتانە پارێزەر بگرێتو ئەم جاشەو هەموو ئەوانەی وەک ئەم تاوانبارن بەرامبەر بە میللەتەکەیان، بگەڕێننەوەو بیاندەن بە دادگا».

لەدوای ئەم مەسەلەیەوە بە بڕوای هاوڕێ، دادگاکانی کوردستان دووچـاری مەترسی لەدەستدانی متمانە بوونەتەوە بە تایبەت کە دادگاکانو تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە داواکاری گشتیی لەئاست ئەو تاوانەدا دەنگیان لێوەنەهاتووەو هیچ دەزگایەکی رەسمیی دادوەری سکاڵایەکی لەسەر تۆمار نەکرد، «ئەمەش وا لە خەڵک دەکات کە متمانەیان بە دادگاکانی کوردستان لەق بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دادگاکانمان بەهێزو سەربەخۆو بوێر نین».

لەلایەکی دیکەوە چاودێری کوردۆساید-چـاک، لە نامەیەکیدا بۆ پەرلەمانتارانی کوردستان داوا دەکـەن، کە لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیری ناوخۆو پارێزگاری هەولێرو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بکەن، ئەمە جگە لە لێپێچینەوەی زیاتر لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەستیان بە خوێنی هاوڵاتییانی کوردستان سوورەو ئێستاش لە کوردستان داڵدەدراونو هیچ کەس لێیان ناپرسێتەوە.

لەم بارەشدا، هاوڕێ تۆفیق، پەرلەمانی کوردستان بە کەمتەرخەم دەزانێت، چونکە ئەوان نوێنەری گەلن، بەڵام کەسێک کە تاوانبارە بەخیانەتێکی نیشتمانیی، هاوکاریی دەکرێتو رەوانــەی دەرەوەی کوردستان دەکرێت، ئەوان بێدەنگن، «دەبوو پەرلەمانی کوردستان ئەوەیان بە فرسەت بزانیایەو بیانکردایە بە بڕیارێک بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە جاش بوونو خیانەتیان کردووە، دواتریش هاوکاریی کراون لەوەی کە کوردستان بەجێبهێڵن، وەک لەپێشتردا هەبووە، پەرلەمان بەرپرسەو ئیشی ئەوەیە کە داکۆکیی لە مافی گەل بکات، بەڵام ئەوان خائینێکی گەورە لە تەنیشتیانەوە تێپەڕی قسەیەکیان لەسەر نەکرد».

# سێ وێنەی تەڵخ لە پایتەختی هەرێمی کوردستان

**ئازاد چالاک**

**-وێنەی یەکەم-**

شکاتە نایاساییەکەی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی کە تیایدا داوای قەدەغەکردنی سەفەری لە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی رۆژنامە کردبوو، هەر زوو لەلایەن دادوەرەوە رەتکرایەوە.

دوان لەو سیانە، (٥٠)ساڵ لەتەمەنیان بەڕێ کردووە کە بەشی هەرە زۆری لە سیاسەتو کوردایەتیو پێشمەرگایەتی بەسەربردووە، نە رۆژێک جاشایەتیو خیانەتیان لە میللەتەکەیان کردووەو نە خاوەنی فایلو پەیوەندیی موخابەراتی بوون، کەچی لەسەر راپۆرتێک کە باس لە بەقاچاخبردنی نەوتو بەهەدەردانی سەروەتو سامانی گشتیی دەکات، کاک فازڵ میرانی زۆری لا رەوا دەبێ، داوا لە دادوەر بکات کە رێگەی بازگە سنوورەییەکانو فڕۆکەخانەکانمان لـێ بگرن، نەوەک ئێمەی تاوانبار، فرسەت بهێنینو بۆی بقوچێنینو سزای تاوانو خیانەتەکانی خۆمان وەرنەگرین!

کەناڵەکانی راگەیاندنو رۆژنامە ئازادەکان، چەند رۆژێکە قسەو باسیان لە شکاتەکانی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەمیدیای ئازاد گواستووەتەوە بۆ چۆنێتی هاتنەوەی قاسم ئاغاو مانەوەی لەناوچەی مەلا هۆمەرو دواتریش سەفەرکردنی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەرەوەی وڵات.

قاسم ئاغای موستەشار، کە تۆمەتبارە بە کوشتنی نزیکەی (٦٠٠) کەس لە ئەنفالکراو و پێشمەرگەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو هاوڵاتییانو لەدادگای کۆیە زیاد لە (١٨) سکاڵای یاسایی لەسەرە، لەلایەن خودی ئەو دەسەڵاتەوە، رێگای بۆ ئاسان دەکرێتو ئاگادار دەکرێتەوە، کە هەرچی زووە هەرێم بەجێبهێڵێتو لەبری ئەوەی دەروازە سنوورییەکانو فڕۆکەخانەکانی لـێ ئاگادار بکەنەوەو دەستگیری بکەن، کەچی بەرپرسان عوزرێکی بۆ دەدۆزنەوە کە سەد جاری قەباعەتەکە خراپترە.

**-وێنەی دووەم-**

ئەو سکاڵایانەی کە دژی قاسم ئاغا تۆمارکراونو ئەو خەڵکەی کە شەهیدو ئەنفالکراون لەو ناوچانە بوون کەپێشتر زۆرینەیان لایەنگرو دۆستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون، ئەو پێشمەرگانەش کە بەدەستی ئەو شەهیدکراون، زۆربەی هەرەزۆریان پێشمەرگەی دڵسۆزو ئازای یەکێتی بوون، جگە لەوانیش پێشمەرگەی کۆڵنەدەری حیزبی شیوعیو سۆسیالیستو زەحمەتکێشانی تێدابوو بەوەش تاوانبار دەکرێت کە لە رۆژانی راپەڕیندا، (٣٧) هاوڵاتییو پێشمەرگەی شەهید کردووە.

ئەو مێژووە رەشە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵـی (١٩٧٩)، لای بەرپرسانی کوردو پارێزگای هەولێر شاراوە نییەو ئاگاداری وردو درشتی ئەم تاوانانەن، بەڵام دەسەڵاتی کوردی بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکاو جگە لەوەش کارئاسانییو نەسیحەت دەکرێت کە هەرچی زووە هەرێم بەجێبهێڵێت!

هاوپەیمانەکەی پارتی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو خاوەنی نیوەی ئەو دەسەڵاتو ئاسایشەیە کە ئەمڕۆ لەکوردستان بەرکەماڵە، بەرپرسانی، بێئاگایی خۆیان لەو مەسەلەیە دەردەبڕن (وەک لە زۆربەی رۆژنامەکان ئاماژەی پێدراوە)و هەروەکو ئەو خوێنە خوێنی جەستەی ئەو نەبێتو ئەو مێژووەش بەلایەوە گرنگ نەبێت، نە کاردانەوەیەکو نە دەستلەکار کێشانەوەیەکو نە تەنیا نارەزاییەتییەکیشمان بەر گوێ کەوت!

نازانین هاوپەیمانێتیی ستراتیژیی بۆ دەبێت خوێنی پێشمەرگەو ئەنفالکراوەکان نەگرێتەوەو بۆ دەبێت هەر بواری بەشبەشێنەو پۆست بگرێتەوە؟!

نازانم تۆ بڵێی، ئەگەر ئەو حاڵەتە لەناوچەیەکی دیکەو دژ بە پارتێکی دیکە ئەنجام بداریە، هەڵوێستەکان هەر بەم شێوەیەی ئێستا دەبوون؟

پەرلەمانی کوردستان لە مەسەلەیەکی ئاوا گرنگدا، چ رۆڵێکی بینی (جگە لەچەند هەوڵێکی ئۆپۆزسیۆن)؟ ئەی کوان زۆرینە کە نوێنەری ئەنفالو پێشمەرگەو هەموو هاوڵاتییانو پارێزەری جێبەجێکردنی یاساو دادپەروەرین؟ ئەی بۆچی لەسەر ئەمەشیان نەهاتنە جواب! خۆ ئەمەیان خوێنو خەباتی باوکو برای خۆیانەو تەنیا هی ئۆپۆزسیۆنو لایەنێک نییە؟!

هەموو چاوەڕوانین، سەرۆکی هەرێم لەم رووەوە بێتە دەنگو هەڵوێست وەربگرێت، چونکە ئەو لەپێش هەمووانەوە دێتە قسە کاتێک بە وشەیەک پیرۆزیی خەباتو خوێنی پێشمەرگەو ئەنفالکراوەکان لەکەدار دەکرێت، چۆن دەبێت بە بەرچاوی هەمووانەوە یاساو بەها پیرۆزەکانی کوردایەتی هەر جارەو بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتو بەکاربهێنرێت؟!

**-وێنەی سێیەم-**

کە باس لە ئاسایشی هەولێر دەکرێت، بەرپرسانی هەرێم زۆر نیگەران دەبنو بەهیچ شێوەیەک رازیی نابن کەس توخنی ئەو مەسەلەیە بکەوێتو ئەو ئاسایشە لەکەدار بکات، یان خوا نەخواستە گومان بخاتە سەر رۆڵو کارەکانی، بەڵام هەر بۆ نموونە با بگەڕێینەوە بۆ سەر دوو مەسەلەی گرنگ کە قسەو گرژییو سکاڵای لەسەر تۆمار کرا:

یەکەمیان: چۆنێتیی شەهیدکردنی رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان بوو کە راپۆرتی لیژنە تایبەتەکە ئاشکرایکردو شەهیدی جوانەمەرگی کردە تیرۆریست، بێئەوەی درک بەوە بکات کە ئەو ئەنجامە داننانە بەوەی کە ئەنسارولئیسلام دەتوانن بە رۆژی نیوەڕۆ لەپایتەختداو لەبەردەم زانکۆکەی خۆیو بە بەرچاوی پۆلیسو ئاسایشەوە، قوتابییەک قۆڵبەستو چاوبەست بکەنو دواتر وەک پایتەخت لەوان مەسئول بێت، بەهەموو ئەو بازگانەی حیزبو حکومەت دەربازی بکەنو دواتریش شەهیدی بکەن، وەک ئەوەی حیزبو حکومەتو ئاسایشەکان هەر هەموویان ئیجازەی خەویان وەرگرتبێت.

دووەمیان: مەسەلەی سەفەری تاوانبارێکی وەک قاسم ئاغایە بۆ هەرێمو مانەوەی لەناوچەی مەلا هۆمەری نێوان هەولێرو مەسیفو کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆنە موستەشارو هەندێک کەسایەتی عەشایەریو دەعوەتو دەعوەتکاریی، کە دیسان ئەم حاڵەتە چەندین هەفتەی خایاندووەو کە نارەزایی خەڵکیش بەدیمەنی بکوژەکانیان بەرزدەبێتەوەو تەشەنە دەکاتو داوای کەمپەینو خۆپیشاندان دەکرێت، ئا لەوکاتەدا چەند بەرپرسێک لەم حیزبو لەو حیزب بێئاگایی خۆیان لەهاتنی قاسم ئاغا رادەگەیەننو بەهەمان شێوەش لەسەفەری چوونە دەرەوەی لە هەرێم.

(هەندێکیان دەڵێن، لەلایەن بەرپرسانی هەولێرەوە ئاگادار کراوەتەوە کە دەبێت هەر بۆ ئەو شەوە هەولێر بەجێبهێڵێت، هەندێکی دیکەش ئەوە رەتدەکەنەوە کە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە سەفەری کردبێتو بێئاگایی خۆیان لە چۆنێتی هاتنو رۆیشتنی دەردەبڕن)و هەشە دەڵێت، کێ دەڵێت، سەفەری کردووە، لەوانەیە هێشتا لەهەرێم بێت!

دیسانەوە بۆ پینەکردنی کارێکی شەرمئامێزی لەو جۆرە، بەرپرسان کەوتنەوە هەمان هەڵەی سەردەشتەوە.

بەڕێوەبەری ڤێتێرنەریی: ناتوانین گرەنتی ئەوە بدەین ئەو گۆشتەی لەبازاڕەکاندایە، تەندروستەو بەکەڵکی بەکارهێنان دێت 18

# داوا دەکرێت، خوێندکارانی ناوچەدابڕێنراوەکان لە زانکۆکانی هەرێم وەربگیرێن

راپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا


شێرزاد حافز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، داوا دەکات کە خوێندکارە کوردەکانی کەرکوک و ناوچەدابڕێنراوەکان، لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێن.

شێرزاد حافز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، ئەوە ئاشکرا دەکات، خوێندکارە کوردەکانی شاری کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکان، لەدوای تەواوکردنی قۆناغی شەشەمی ئامادەیی، بەشێکی کەمیان لە زانکۆو پەیمانگەکانی کەرکوک و ناوچەکانیان وەردەگیرێن و زۆرینەیان ڕەوانەی زانکۆکانی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەکرێن، بەڵام زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هیچکام لەو خوێندکارانە وەرناگرن و ئەوە بووەتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ ئەو خوێندکارە کوردانە، بەتایبەتی بۆ خوێندکارە کچەکان کە لەترسی ناسەقامگیریی باری ئەمنیی و هەروەها بەهۆی دووریی ڕێگاو هاتوچۆوە، ناتوانن بچنە شارەکانی تری عێراق بۆ خوێندن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە چەندین خوێندکار لـەدوای تەواوکردنی قۆناغی‌شەشەمی ئامادەیی، واز لەخوێندن بهێنن.

وتیشی: «ڕۆژی (٩/٢٧) نووسراوێکم ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کردو بۆ تاوتوێکردنی ئەو کێشەیەو دواتر سەرۆکایەتیی پەرلەمان نووسراوەکەی پێشکەش بە لیژنەی پەروەردەو فێرکردن کردووە لە پەرلەمان».

بەڵام، بە وتەی جوان جەلال، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابییان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، هیچ بڕیارێک نییە بۆ وەرگرتنی خوێندکارانی ناوچەجێناکۆکەکان لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم کوردستان، بەڵام تەنیا گواستنەوە هەیە.

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، ئەمساڵ (٤٢) هەزارو (٥١٤) خوێندکار قۆناغی ئامادەییان تەواوکردووەو زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم توانای وەرگرتنی (٢٢)هەزار خوێندکاریان هەیە، بەو پێیەش نزیکەی (٢٠)هەزار خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگاکان وەرناگیرێن و ئەو کێشەیەش ساڵانە دووبارەدەبێتەوە.

شێرزاد حافز، ئاماژە بەوە دەکات: بەرپرسانی هەرێم، هەمیشە داوای گەڕانەوەی ناوچەجێناکۆکەکان دەکەن بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، بەڵام کێشەکانیان بۆ چارەسەر ناکەن، لەکاتێکدا پێویستە حکومەتی هەرێم چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە.

ناوبراو بەردەوامبوونی کێشەی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگاکان، بۆ بێپلانیی و بێبەرنامەیی حکومەتی هەرێم دەگەڕێنێتەوە، وتیشی: «ئەگەر حکومەتی هەرێم پلانی هەبوایە، ئەو کێشانە دروست نەدەبوون».

بە پێی چەند زانیارییەک، لە کۆبوونەوەیەکی نێوان عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک و د.دلاوەر عەلادین، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستاندا کە مانگی ڕابردوو لە شاری کەرکوک ئەنجام درا، وەزیری خوێندنی باڵای هەرێم، بەڵێنی داوە کە لە ساڵانی داهاتوودا لە زانکۆکانی هەرێم، کورسی خوێندن بۆ خوێندکارانی کەرکوک تەرخان دەکرێت، هەروەک وەزیری خوێندنی باڵا ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر داوایەکی پارێزگاری کەرکوک، کە تایبەتە بە گەڕاندنەوەی مامۆستا کەرکوکییەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم بۆ شاری کەرکوک.

# ڕانیە پێویستی بە (٤٢٠) مامۆستاو (٤٥) بینای قوتابخانەیە

هۆشەنگ هەرتەلی

بۆ ئەمساڵی خوێندن پەروەردەی ڕانیە پێوستی بە (٤٥) بینای قوتابخانەو (٤٢١) مامۆستای قۆناغی بنەڕەتیی و ئامادەیی هەیە.

برایم حەوێز، بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزای ڕانیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بۆ ئەمساڵی خوێندن کێشەی کەمیی مامۆستا لە سنووری بەڕێوەبەرێتییەکەماندا هەیەو لە ئێستاشەوە پێویستمان بە (٤٢١) مامۆستای هەردوو قۆناغی بنەڕەتیی و ئامادەیی هەیە، کە وەزارەتی پەروەردە دایانبمەزرێنێت، بەتایبەتی مامۆستای بەشی زانستیی لە وانەکانی: (بیرکاری، کیمیا، فیزیا).

ئەوەشی خستەڕوو: تائێستا لە سنووری ڕانیە کێشەی دوو دەوامیی و سێ دەوامیی ماوە، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەش بۆ ئەمساڵی خوێندن پێویستمان بە (٤٥) بینای خوێندنی سەرجەم قۆناغەکان هەیە.

کێشەی کەمیی مامۆستاو نەبوونی بینای خوێندن لە سنوورەکەدا لەکاتێکدایە، کە (٣٠٠) مامۆستای زانکۆو پەیمانگەکانی سنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە داوای دامەزراندن دەکەن و لەدوای چەندان خۆپیشاندانیان، تائێستاش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە وەڵامیان نەدراوەتەوە.

# وادەی ئاشکراکردنی ناوی وەرگیراوانی زانکۆو پەیمانگەکان دیاریی نەکراوە


زانکۆی سلێمانی — فۆتۆ ئەرشیف

ڕۆژنامە

ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، مۆڵەتی دوو هەفتەی بە وەزارەتی پەروەردە دابوو تا فۆرمی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگەکان بگەڕێنێتەوە ناوەندی ناوبراو، بەڵام تائێستا فۆڕمەکان نەگەڕێنراونەتەوەو هیچ وادەیەکیش بۆ ئاشکراکردنی ناوی وەرگیراوانی زانکۆو پەیمانگەکان دیاریی نەکراوە.

ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان لە (٩/١٩) فۆڕمی وەرگرتنی دەرچووانی (١٢) ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگەکانی بۆ وەزارەتی پەروەردە ناردووەو ڕۆژی (١٠/٧)ی وەکو دوا وادە دەستنیشانکردووە بۆ گەڕاندنەوەی فۆڕمەکان.

جوان جەلال، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، بەشێکی زۆری فۆرمەکانی هەولێر گەڕێنراونەتەوە، بەڵام تائێستا فۆڕمەکانی سلێمانیی و دهۆک نەگەڕێنراونەتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی دواخستنی هاتنەوەی ناوی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگەکان.

وتیشی: «تائێستا وادەی ئاشکراکردنی ناوی ئەو خوێندکارانەی کە لە زانکۆو پەیمانگەکان وەردەگیرێن، دیاریی نەکراوە.

بەڵام ئیسماعیل بەرزنجی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هۆکاری دواکەوتنی گەڕاندنەوەی فۆڕمەکان بۆ گۆڕانکاریی لە فۆڕمەکاندا دەگەڕێنێتەوە، «فۆڕمەکەی ئەمساڵ جیاوازیی هەبوو لەگەڵ فۆڕمی ساڵانی ڕابردوو لەلای خوێندکاران شتێکی نوێ بوو، پێویستی بە وردەکاریی هەیە، بۆیە دواکەوتووە، بەڵام پێویستە پەروەردەکان فۆڕمەکان بگەڕێننەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا.

# دەستی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە پەیمانگەکان دووردەخرێتەوە

راپۆرتی: زمناکۆ ئیسماعیل

وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێم جەخت لەپێدانی (١٠) کورسی بۆ ئارەزوومەندان دەکاتەوە، کە پێشتر دەدرا بە ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بەڵام سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی ئاماژە بەوەدەکات، لەمەودوا وەرگرتن بۆ هەموو ئارەزوومەندێکە بەبێ جیاوازیی.

لەپاش ئەوەی بەشی ڕۆژنامەوانیی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی بەرێنمایی نوێ تاقیکردنەوەی خوێندکارانیان بەئەنجامگەیاند، ئەوەیان ڕاگەیاند کە شێوازی ئەو تاقیکردنەوانەیان بەدڵ بووەو ئەوان لەسەر ئەو بنەمایە کارەکانیان بەڕێدەکەن و خوێندکاران بۆ ساڵی نوێی خوێندن لە بەشی ڕۆژنامەوانیی وەردەگرن، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئارەزوومەندانی بەشداربوو لە تاقیکردنەوەکانی ئەو بەشە بۆ خوێندنی ساڵی نوێ ئەوەیان ڕاگەیاند: «سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەیانەوێت تەنگژە لەبەردەم ئەو تاقیکردنەوانەدا دروست بکەن و نایەوێت جیاواز لە ئەندامانی سەندیکا هیچ ڕۆژنامەنووسێکی دیکە لەو بەشەدا وەربگیرێت، بۆ ئەوەش نایانەوێت تاقیکردنەوەکانی ئەو بەشە کە کرا بەئەنجامی تەواوی خۆی بگات».

ئەو ئارەزوومەندانە کە لە زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی خاوەن ئەزموونی زۆرێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەشداریی تاقیکردنەوەکانی بەشی ڕۆژنامەوانییان کردووە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بە کۆسپ دادەنێن لەبەردەمیانداو ئەوەیان خستەڕوو: «سەندیکا دەیەوێت ئەنجامی تاقیکردنەکان هەڵبوەشێتەوەو بە تەنیا ئەندام لەسەر ڕێنمایی سەندیکا وەربگیرێت».

حەکیم عوسمان، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی، لەبەرامبەردا وتی: «پێشتر بۆ وەرگرتن مەرجی سەرەکیمان ئەوەبوو کە ئەو کەسەی وەردەگیرێت دەبێت ئەندامی سەندیکا بێت، بەڵام هەندێک شت ڕوویدا لەو نێوەندە، ئەوەش وای لە ئێمە کرد کە جارێکی دیکە بیر لەو پڕۆژەیە بکەینەوە، کە پڕۆژەیەک بوو پێشنیازی سەرووی خۆمان کرد لە ڕێگای ڕاگری پەیمانگەو سەرۆکی دەستەوە بۆ قبوولی مەرکەزیی، پاشان ئەوان ڕەزامەندییان دەربڕی کە بەوشێوەیە کاربکرێت لەگەڵ خوێندکاران و ئارەزوومەندان، پشکیش بۆ ڕۆژنامەنووس دابینبکرێت، نەک ئەندامی سەندیکا یان ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی دیاریکراو».

لەئێستادا وەرگرتن بۆ ئارەزوومەندان تەنیا پێویستی بەبەڵگەو دۆکیۆمێنتی تەواو هەیە کە بیسەلمێنێت ئەو ئارەزوومەندە ماوەی دوو ساڵی تەواو لەبواری ڕۆژنامەنوسیداو لە دەزگایەکی ڕاگەیاندندا کاریکردووە، پاشان تاقیکردنەوەیان پێدەکرێت و بەپێی ئەو نمرەیەی بەدەستیان هێناوە، وەردەگیرێن.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سێ ساڵ لەمەوبەر داوایان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد، کە ساڵانە چەند کورسییەک دابین بکات بۆ ڕۆژنامەنووسان لە بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگەو کۆلێژەکان، وەزارەتی خوێندنی باڵاش چەند کورسییەکیان بۆ دابین کردن، (٦) کورسی بۆ پەیمانگەو (٤) کورسی بۆ کۆلێژ.

مستەفا ساڵح کەریم، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕەتیناکاتەوە، کە ئەو پڕۆژەیەی سەندیکا کێشەی تێکەوتبێت دەڵێت: ئەو کارە ساڵانە کۆسپی تێدەکەوت و ڕۆژنامەنووسان تیایدا زەرەرمەند دەبوون، ساڵی پاریش داوامانکرد ئەوانەی کە دەرچووی پیشەیین، بێبەش نەکرێن لەو بەشەو داوای زیادکردنی کورسیمان کرد، ئەمساڵ ئەوەیان بۆ کردین، بەڵام دیارە پار خروقات ڕوویدابوو لە هەولێرو لای هەندێک لایەنەوە، کە سەندیکا لە دەرەوەی ئەندامانی سەندیکا بە ناوی ڕۆژنامەنووسییەوە خەڵکیان بەسەر بەشی ڕاگەیاندندا سەپاندبوو.

# لە هەرێمی کوردستاندا، نەخۆش مافی نییە

بەدواداچوونی: رۆژنامە

بەپێی بنەما گشتییەکانی تەندروستی، نەخۆش وەک هەموو کەسێکی تر، مافی تایبەتی خۆی هەیەو ئەمەش لەبەر باری تایبەتی نەخۆشو ئەرکی تایبەتی نەخۆشە، بۆیە دەبێت مافی تایبەتی هەبێت لەکاتی سەردانی بۆ دامودەزگا تەندروستییەکان.

مافی تەندروستی، بە شێوەیەکی روون لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤی ساڵی(١٩٤٨)و لە ماددەی (٢٥)دا جەخت لە سەر مافی تەندروستی دەکاتو دەڵێت: «هەموو کەسێک مافی ژیانی لەسەر ستانداردێکی ئەوتۆ هەیە کە گەرەنتی تەندروستیی خۆیو خانەوادەکەی بکات». هەروەها رێکخراوی تەندروستیی جیهانیی لە دەستوورەکەی خۆیدا دەڵێت: تەندروستی، یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی هەموو مرۆڤێکو دەبێت هەموو مرۆڤێک بە وەرگرتنی «بەرزترین ستانداردی تەندروستی کە قابیلی وەرگرتن بێت» هەیە.

پێویستە نەخۆش لەکاتی سەردانیدا بۆ دامودەزگا تەندروستییەکان، بەشێوەیەکی هێمن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتو رێزی تایبەتمەندییەکانی بگیرێتو وەڵامی راستەخۆو بەپەلەی داواکارییەکانی بدرێتەوە.

پێویستە نەخۆش، زانیاریی هەبێت لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکرێنو ئاگاداری ئەو یاساو بنەمایانە بێت کە لە نەخۆشخانەکاندا کاریان پێدەکرێت. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، نەخۆش یەکەی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی سکاڵای تێدا تۆماربکات دژی ئەو کەمتەرخەمییانەی کە بەرامبەری دەکرێنو لەو یەکانەشدا چەندەها پزیشک پاڵپشتی نەخۆشەکان دەکەن، بە پێچەوانەوە لە هەرێمی کوردستاندا، تا ئەمرۆ یاسایەکی تایبەت نییە بە دابینکردنی مافەکانی نەخۆش. نەخۆش، لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر سکاڵایەکی هەبێت، دەبێت وەک هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی پەنا بباتە بەر لایەنە پەیوەندیدارە گشتییەکان، وەک دادگاکان.

د. شوان قادر، پزیشکی پسپۆڕو راوێژکاری تەندروستی لە وڵاتی دانیمارک، سەبارەت بە مافی نەخۆش لەو وڵاتە، دەڵێت: سەرەتا هەموو کەسێک مافەکانی نەخۆش دەزانێت، لەبەرئەوەی هەر لەمنداڵییەوە بەو شێوەیە پەروەردەیان دەکەن کە گشت مافەکانی ژیانیان بزانن، وەک مرۆڤێک لەکاتی لەشساغیو لەکاتی نەخۆشیدا چ مافیکیان هەیە، لەکاتی سەردانی دامودەزگاکاندا ئەو مافانە خراونەتە چوارچێوەی یاساوە.

د. شوان، وتیشی: لەهەموو نەخۆشخانەیەک، شوێنێک هەیە تایبەتە بە بەڕێوەبەرێتیی نەخۆش، نەخۆش هەر گیروگرفتێکی هەبێت سەردانی ئەو بەشە دەکات، دوای ئەوەش ژوورێک دانراوە بۆ پەیوەندیی نەخۆش بە نەخۆشەوە، نەخۆشەکان خۆیان ئەو ژوورە بەڕێوە دەبەنو هەموو نەخۆشییەک، نەخۆشەکانی رێکخراوێکی خۆیان هەیە، چەند دکتۆرێک کە دەیانەوێت بەشداریی لەو رێکخراوانە بکەنو لایەنی مرۆڤدۆستی تیایاندا زاڵە، دەبنە ئەندامی فەخری لەو رێکخراوانە، هاوکارییان دەکەن بۆ کارەکانیان، هەروەها لەناو هەموو نەخۆشخانەیەکدا، بەشیک هەیە بۆ رێنمایکردنی نەخۆش، هەر گلەییو پرسیارێک، یان نەخۆش بیەوێت پزیشکەکەی بگۆڕێت، پرسیار لەو بەشە دەکات.

## ئامانج لە مافی نەخۆش چییە؟

بەهۆکاری ئەوەی نەخۆش حاڵەتێکی تایبەتی هەیەو لە رووی سایکۆلۆجیو جەستەییەوە گیروگرفتی هەیە، هەر بۆیە دەبێت نەخۆش باشتر لە کاتی ئاسایی خزمەتی بکرێت، واتە مافی نەخۆش لەسەر بنەمای بارە تایبەتەکەی بنیات دەنرێت.

د.سامان شێخ ئەنوەر، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، سەبارەت بە ئامانجەکانی مافی نەخۆش، دەڵێت: هەر کەسێک بە مەبەستی چارەسەر سەردانی یەکەیەکی تەندروستی بکات، پێی دەوترێت نەخۆش، هەموو نەخۆشێکیش بەبێ جیاوازیی تەمەنو رەگەزو شوێنی نیشتەجێبوون، کۆمەڵێک مافی خۆی هەیە کە ئەم مافانە یەکسانو لە نەخۆشێکەوە بۆ نەخۆشێکی تر ناگۆڕدرێن، تەنیا لە دوو باری جیاوازدا نەبێت، ئەوانیش، منداڵ، واتە ئەو کەسانەی کە لەخوار تەمەنی (١٨) ساڵییەوەنو ئەو کەسانەش کە نەخۆشیی دەروونییان هەیە، ئەم دووبارە مافەکانیان جیاوازەو تایبەتمەندییەکی تریان هەیە.

لە مافی نەخۆشدا دوو ئامانجی سەرەکی هەیە: یەکەم: هەموو نەخۆشێک وەکو تیمێکی تەندروستیو وەک خێزانێک هەموو پێداویستییەکانی بۆ ئامادە بکرێت. دووەم: بتوانرێت ژینگەیەکی ئارامو لەباری بۆ دابین بکرێت، بۆئەوەی ئەو نەخۆشە بەدوور بێت لە هەموو شێوازێکی خراپی مامەڵەکردن.

## جیاکردنەوەی مافی نەخۆش، لە مافەکانی دیکە

پێویستە مافی نەخۆش جیابکرێتەوە لە مافەکانی دیکەی هاوڵاتی، چونکە نەخۆش بۆ لای هەموو کەس ناڕواتو داوای چارەسەر بکات، بەڵکو بۆلای کەسێک دەڕوات کە باوەڕپێکراوبێت، یاخود خاوەن بڕوانامەیەکی دیاریکراو بێت لەو بوارەدا، کە توانای ئەوەی هەبێت چارەسەری ئەو نەخۆشە بکات.

دەبێت پزیشکەکان پابەندبن بەهەموو ئەو مەرجانەوە کە وا بکات مافەکانی ئەو نەخۆشە دابین بکات، هەر نەخۆشێکیش کە روودەکاتە بنکەیەکی تەندروستی، لەپرسگەکەوە هەتاوەکو ئەو پزیشکەی چارەسەری دەکات، هەموویان بەرپرسن لە دابینکردنی مافەکانی نەخۆش.

کاتێک ئێمە هەڵدەستین بە جیاکردنەوەی نەخۆش لە کەسێکی ئاسایی، هۆکەی ئەوەیە کە نەخۆش لە بارێکی تەندروستیو دەروونیی ناتەواودایەو پێویستی بە یارمەتی کەسانێکی پسپۆڕ هەیە، پێویستە چەند ساڵ جارێک هەڵمەتێک بکرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بەو مافانەی کە هەیانە لەکاتی نەخۆشیداو ساڵانە ئەم هەڵمەتە پەیڕەو دەکرێت لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا.

## دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی نەخۆش

نابێت نەخۆش بەدوای چارەسەرو هەڵبژاردنی چارەسەرو شوێنی چارەسەر بگەڕێت، بەڵکو دەزگا خزمەتگوزارییەکان بەرپرسن لە دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکانو نەخۆشخانەکان لەسەرجەم گەڕەکو ناوچەکاندا.

پزیشکە دانیمارکییەکە، سەبارەت بەم پێداویستییانە دەڵێت: حاڵەتی ئیمرجینسی لەم وڵاتە فرییە (بێبەرامبەرە) لەهەموو شارێک ژمارەیەکی تەلەفۆن هەیە کە تایبەتە بەم حاڵەتانە، هاوڵاتی پەیوەندیی بەو ژمارە تەلەفۆنەوە دەکاتو حاڵەتەکەی بەو سەنتەرە دەڵێت، ئەوانیش داوای روونکردنەوەی حاڵەتەکەی لێدەکەن، ئەگەر کەسەکەو حاڵەتەکەی توانی خۆی سەردانی ئەو شوێنانە بکات، رێنمایی دەکەن بچێت بۆ دەزگایەکی تەندروستی تایبەت بە حاڵەتەکەی ئەو هاوڵاتییە، لەهەمانکاتدا ئەو دەزگایەش ئاگاداردەکرێتەوەو کە هاوڵاتییەکە سەردانی ئەو بەشەی کرد، کاری پێویستی بۆ دەکرێت، بەڵام سەبارەت بەحاڵەتە توندە ئیمرجینسییەکان، وەک حاڵەتەکانی بەرکەوتەو رووداوەکانو شێوازی کتوپڕی لەو شێوەیە، پزیشکە دانیمارکییەکە دەڵێت: ئەگەر پێویستی بە ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن هەبێت، راستەوخۆ ئۆتۆمبێلی بۆ رەوانە دەکەن، یان تەنیا پێویستی بەوە بوو، پزیشکی بۆ بنێرن، ئەوە پزیشکی ئیشکگر هەیە بۆ ئەو حاڵەتانەو راستەوخۆ بۆی دەنێرن، ئەگەر پێویستی بە خزمەتگوزاریی تریش هەبوو، راستەوخۆ بۆی دەنێرن، وەک: پۆلیسو ئاگر کوژێنەوە، چونکە ئەو ژمارە تەلەفۆنە، تەلەفۆنێکی گشتییە بۆ هەموو حاڵەتەکانی ئیمرجینسی، ناونیشانی لێوەردەگیرێتو بەیانی حاڵەتەکەی لێوەردەگیرێت، ئەو سەنتەرەی وەڵامدانەوەی هاوڵاتییان، ئەگەر پێویستی بەوە هەبوو، راوێژکاری بەسەنتەرەکانی تر دەکات تا بەتەواوەتی حاڵەتەکە هەڵدەسەنگێنێت، ئەگەر نەخۆشێکی بە تەمەن بوو، ئەوا پزیشکی بۆ دەنێرێتو بەو شێوەیە ئەو کەسەی پەیوەندیی دەکات لە شوێنی خۆی ناجوڵێت تا بە هاناوەی دەچن، ئەم هەموو خزمەتگوزارییانەش کە ئەو سەنتەرانە پێشکەشیدەکەن، بۆ هەموو هاوڵاتییەک بە خۆڕاییە بەبێ جیاوازیی.

بەڵام سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، تا ئێستا ئەو خاڵانە نەبوونەتە بڕیارو یاساو بەشێوەی خزمەتگوزارییو بەشێوازی جیاجیا پێشکەش دەکرێن. د.سامان شێخ ئەنوەر، وتی: «تا ئێستا لەکوردستاندا شێوازێکی یەکگرتوومان نییە بۆ دابینکردنی مافەکانی نەخۆش، وەکو بڕیارێکی رەسمیش، هیچ بڕیارێک نییە لە پەرلەمانەوە، یاخود لەسەندیکاوە بۆ دابینکردنو جێبەجێکردنی مافەکانی نەخۆش، بەڵام خۆشبەختانە چەند پرۆژەیەک بەڕێوەن بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی نەخۆش، لەگەڵ ئەمەشدا چەند خاڵێکی سەرەتایی هەن کە هەموو یەکەیەکی تەندروستی جێبەجێیان دەکات، بێئەوەی کرابێت بە بڕیارێکیش.

لەو پرۆژەیەدا کە د. سامانو چەند کەسێکی تر ئامادەیان کردووە، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای مافەکانی نەخۆش، تیایدا هاتووە: دەبێت نەخۆش، بەچاوی رێزەوە تەماشا بکرێتو کەرامەتی بپارێزرێت، مەبەست لەمەش ئەوەیە کە ئەو نەخۆشە دووربێت لە تووڕەبوونو دەنگبەرزکردنەوە بەسەریداو دووربێت لەتانەو تەشەری ناشرینو جنێو، ئەگەر هاتوو ئەمانەش روویان دا، ئەوا نەخۆش مافی خۆیەتی ئەم بابەتە بەرزبکاتەوە بۆ دادگاو لایەنی پەیوەندیدار.

د.سامان، دەڵێت: دەبێت نەخۆش، دووربێت لە خراپ مامەڵەکردنو ئیستغلالکردن، خۆشبەختانە تا ئێستا لەکوردستان حاڵەتی لەو جۆرە تومارنەکراوەو بەپێچەوانەوە لە هەندێک وڵات روویداوە کە هەڵساون بە دەرهێنانی گورچیلەی نەخۆش بەبێ ئاگاداریی نەخۆش.

ئەو پسپۆڕەی نەخۆشییە دەروونییەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە دابینکردنی ژینگەیەکی ئارامو شوێنێکی پاک، مافێکی تری نەخۆشەو پێشیوایە: خۆشبەختانە، ئێستا باری نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستانمان زۆر باشە بە بەراورد بەساڵانی پێشوو.

## مافی وەرگرتنی زانیاریی

د.گۆران عەبدوڵڵا، ماستەر لە سیاسەتی تەندروستی پێیوایە: هەموو نەخۆشێک مافی ئەوەی هەیە کە زانیاریی دروست لەسەر نەخۆشییەکەی بە شێوەیەکی سادە، کە بۆ تێگەیشتن ئاسان بێت، لە پزیشک یان کارمەندی تەندروستی یان دەزگا تەندروستییەکانەوە وەربگرێت.

د. گۆران، زیاتر روونی دەکاتەوەو دەڵێت: نەخۆش، بەتەنیا مافی ئەوەی نییە کە زانیاریی لەسەر نەخۆشییەکەی خۆی لە رووی دەستنیشانکردنو هۆکارو چارەسەرو گریمانەکانی چاکبوونەوە، یان بەرەو خراپ رۆیشتن وەرگرێت، بەڵکو هەموو مافێکی هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر هەموو ئەو پزیشکو کارمەندو نەخۆشخانانەی تێیدا خزمەت وەردەگرێت.

واتە، پێویستە نەخۆش ئاگاداریی ئەوە بێت کە ناو و ئاستی زانستییو ماوەی کارکردنو ئەزموونو کاریگەریی ئەو پزیشکو کارمەندانە بزانێت کە چارەسەری دەکەن، هەروەها نەخۆش هەموو مافێکی هەیە بۆ زانینی ناو و ئاستی زانستییو ئەزموونی ئەو دەزگا تەندروستییانەی کە تێیدا چارەسەر دەکرێتو ئەو رێگاو جێگایانەی کە دەزگا تەندروستییەکە دەیانگرێتە بەر بۆ گەرەنتیکردنی پاراستنی سەلامەتیی نەخۆشو کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی گواستنەوەی نەخۆشیی بۆی لە نەخۆشێکی ترەوە. بۆ نموونە نەخۆش، مافی ئەوەی هەیە کە بزانێت ئایا پزیشکەکەی، پێش ئەوەی پشکنینی بۆ بکات، دەستەکانی کە پێش ئەو پشکنینی بۆ نەخۆشێکی تر کردبێت، شتووە یان نا.

## هەرێمی کوردستانو مافی نەخۆش

تا ئێستا لە کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆ بەمافی نەخۆش نەدراوە، بەپێچەوانەوە لەهەندێک کاتیشدا نەخۆش ئیستغلالکراوەو ناچارکراوە کە لە دەرمانخانەیەک دەرمان بکڕێت، کە بەجۆرێک لەجۆرەکان لە پزیشکەکەیەوە نزیکبووە.

هەر بەم هۆیەوە، مانگی رابردوو کۆمەڵێک رۆشنبیرو زیاتر لە (٥٠)رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەمپەینێکیان لە هەرێمی کوردستان دژی زیادکردنی نرخی عیادەکان راگەیاند، جگە لەوەی داوایانکرد کە چیتر پزیشکەکان دوو نەخۆش بەیەکەوە نەبیننو هۆڵی چاوەڕوانی گونجاو بۆ نەخۆشەکان دابینبکرێتو نەخۆش ناچار نەکرێت دەرمان لە دەرمانخانەیەکی دیاریکراو بکڕێت، هەروەها ئەسانسۆر بۆ ئەو عیادانە دابنرێت کە بیناکانیان بەرزەو بۆ هاتوچۆی نەخۆش گونجاو نییە.

دوای راگەیاندنی ئەم کەمپینەو کۆکردنەوەی زیاتر لە (١٦)هەزار ئیمزاو تەسلیمکردنی بە پەرلەمانی کوردستانو سەندیکای پزیشکان، هەنگاوێکی ئیجابی لەلایەن سەندیکای پزیشکانەوە نراو لیژنەیەکی هاوبەش بەمەبەستی باشتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە نۆرینگە تایبەتییەکانی شاری سلێمانی لە پارێزگای سلێمانیو شارەوانیو سەندیکای پزیشکانی کوردستان بۆ پشکنینی کلینکە تایبەتەکان پێکهێنرا.

سەندیکای پزیشکانی کوردستان، بەپێی فەرمانی ژمارە (٧٤١)کە لە ٢٠١٠/٩/١٨دا دەریکردووە، گشت کلینکە تایبەتەکان ئاگادار دەکاتەوە، لە ماوەی (١٥)رۆژدا ئەم خاڵانە جێبەجێ بکەن: دەبێت کلینیک پانتایی گونجاوی هەبێتو هۆڵی چاوەڕێکردنی نەخۆش لەباربێت، پاکوخاوێنیو ساردییو گەرمیی بەپێی وەرزەکە شیاو بێت، رووناکییو هەواگۆڕکێی کلینیکەکە لە ئاستی پێویستدابێت، نەخۆش بەتەنیا ببینرێت لە ژووری پزیشکدا، تا نهێنییەکانی پارێزراوبن، نەخۆش کاتی پێویستی بدرێتیو پابەندبن بەو نرخانەی کە لە سەندیکای پزیشکانەوە بۆیان دانراوە بەپێی نازناوی پسپۆڕییەکەی.



نەخۆشەکان زیاتر پێویستیان بە چاودێرییو ماف هەیە

فۆتۆ: رۆژنامە

رێکخراوەکانی کەلار داوای گۆڕانکاریی دەکەن 20

# بەڕێوەبەری ڤێتێرنەریی سلێمانی: ناتوانین گرەنتی ئەوە بدەین ئەو گۆشتەی لەبازاڕەکاندایە، تەندروستەو بەکەڵکی بەکارهێنان دێت

**بەدواداچوونی: ئاریان حەسەن**

بازاڕەکانی کوردستان پڕبوون لە گۆشتو خۆراکی جۆراوجۆری هاوردەکراوو بەڕێوەبەری ڤێتێرنەریی سلێمانیش دەڵێت: «ناتوانین گرەنتی ئەوە بدەین کە ئەو گۆشتەی لە بازاڕەکانی هەرێمدایە، تەندروستەو بەکەڵکی بەکارهێنان دێت».

هەرێمی کوردستان بووەتە بازاڕێکی گەورە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی هاوردەکراوی وڵاتانی دراوسێو هەرچەندە دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵ هەیە لەهەموو خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام بە بەردەوامی هێزەکانی پاراستنی ئاسایشی خۆرک لە کوردستان، دەست بەسەر چەندین تەن گۆشتی قەدەغەکراو و بەسەرچوودا دەگرن.

ئارام قادر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات: بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراکی هاوڵاتییان، داوایانکردووە، بەشێوەیەکی توند سزای ئەو کەسانە بدرێت کە خۆراکو گۆشتی بەسەرچوو دەهێنن بۆ کوردستان، بەداخەوە بەشێوەیەکی رەها گۆشتو خۆراک دێتە کوردستانەوە بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەکیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت، بەتایبەت ئەو گۆشتو خۆراکانەی کە بەسەرچوون، تەنیا سزای غرامە دانراوە، ئەم سزایەش زۆر لاوازەو رێگریی ناکات لە هێنانی گۆشتو خۆراکی بەسەرچوو.

ئەو پەرلەمانتارە، بەپێویستی دەزانێت «یاسایەکی وا دابنرێت، سزادانی ئەو کەسانەی گۆشتی خراپو بەسەرچوو دەهێننە بازاڕەکانی کوردستانەوە، لەگەڵ ئەو زیانە گەورەیەدا یەکسان بێت کە بەر هاوڵاتییان دەکەوێت».

نەبەز محەمەد، خاوەنی یەکێک لەکێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەرە لە سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد: هێنانی گۆشت لەدەرەوەی هەرێم، بەتایبەت لە وڵاتانی بەرازیلو تورکیاو هەندێک وڵاتی ترەوە، وایکردووە کە نەتوانرێت کێبڕکێی گۆشتە هاوردەکراوەکان بکرێتو وتی: «بەرهەمە دەرەکییەکان، بەرێژەیەکی ئەوەندە زۆرن، بەرهەمی کێڵگە پەلەوەرییەکانی کوردستانیان سستکردووەو زۆربەی کێڵگە پەلەوەرییەکانیان تووشی ئیفلاس پێکردنو داخستن کردووەتەوە».

نەبەز، پێیوایە: «ئەو گۆشتە سپییەی کە لەدەرەوەی هەرێمەوە هاوردە دەکرێت، کەس نازانێت چۆن بەخێودەکرێتو چ جۆرە خۆراکێکی پێدراوە، لە رووی سەربڕینیشەوە، هیچ شەرعیی نییە بۆ خواردن، چونکە بەپێی شەریعەتی ئیسلام سەرنابڕدرێن».

ئەو خاوەن کێڵگە پەلەوەرییە، رەخنەی ئەوەشی لە حکومەت گرت، کە هاوکارییان ناکات تا بتوانن کێبڕکێی بەرهەمە دەرەکییەکان بکەنو پێداویستیی هاوڵاتییان پڕبکەنەوە.

سەرەڕای بوونی ئەو هەموو گومانە لەسەر بەرهەمە هاوردەکراوەکان، بەشێکی زۆری هاوڵاتییانو چێشتخانەکانیش، پشت بەو گۆشتانە دەبەستن.

ئەردەڵان کەمال، خاوەنی چێشتخانەیەکە لە سلێمانی، سەبارەت بەو خۆراکو گۆشتانەی کە دێنە هەرێمی کوردستانەوە، دەڵێت: «هەرێمی کوردستان، توانای پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆی نییە، بەتایبەت لە خواردەمەنیو گۆشتداو ئێمەش لە دروستکردنی خواردنەکانماندا پەنادەبەینە بەر بەرهەمە خۆراکییەکانی دەرەوەی وڵات، ئەو گۆشتو خۆراکانەش کە ئێمە لێیاندەنێین، لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە رێگەیان پێدراوەو لەژێر یاساکانی دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵەوە دێنە ناوەوە».

لەئێستادا (٢٦)خاڵی سنووری هەن لەهەموو عێراقداو (٦)خاڵیان لەسەر سنووری هەرێمی کوردستاننو تا ئێستا بەتەواوەتی نەتوانراوە کۆنترۆڵی دیاردەی هاتنی گۆشتی خراپ بکرێت.

سەبارەت بە دڵنیابوونی هاوڵاتییان لە بەکارهێنانی گۆشتی هاوردەکراو، د.عەباس عەلی، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەریی سلێمانی، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد: «ناتوانین، گرەنتی تەواوەتی بدەین بە هاوڵاتییان کە هەموو ئەو گۆشتەی کە لەناو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانداندان، تەندروستنو دەشێن بۆ خواردن، ئەویش بەهۆی نەبوونی دەزگای چاودێریی خۆراکو کوالێتی کۆنترۆڵ لەهەموو خاڵە سنوورییەکاندا، راستە لەخاڵە سنوورییەکانی وڵاتانی دراوسێماندا دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵ هەیەو رۆڵی کاریگەریان بینیوە لە رێگرتن لەهێنانەناوەوەی گۆشتی خراپ بۆناو بازاڕەکان، بەڵام لەسنووری دەوڵەتی عێراقەوە کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو دەوڵەتە، هیچ دەزگایەکی کوالێتی کۆنترۆڵ نییە تا ئەو خۆراکانە بپشکنێت، ئەو گۆشتە خراپانەی کە دێنە هەرێمی کوردستانەوە لەو سنوورانەوە دێن، بەهۆی کەمتوانایيو لاوازیی قەدەغەکردنو دەربازبوونی گۆشتی خراپ بۆناو عێراق».

بەڕێوەبەری ڤێتێرنەریی سلێمانی، کۆنترۆڵ نەکردنی شارەکانو نابەرپرسیارێتیی هەندێک بازرگان، بەهۆکاری زۆربوونی ئەو گۆشتە خراپانە دەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە: «بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتییو سلێمانی بەتایبەتی، زۆر باشە لە رووی ئاسایشی خۆراکیو بەتایبەتی گۆشت، بەهۆی ئەو لێپرسینەوە توندەی کە دەکرێت لە سنووری شاری سلێمانیدا».

هەموو جۆرە گۆشتێکی هیندی بەهۆی نەبوونی بڕوانامەی نێودەوڵەتیی (NRP) و گۆشتی گوێرەکەی ئۆرۆگوای کە بەهۆی پیریی گۆشتەکەوە لەپشکنین دەرنەچووە، گۆشتی نیوزلەندی کە بەهۆی زۆری مادەی پارێزگاریکردن لەبەسەرنەچوونی کە ماوەی دوو ساڵەو مادەکە زیانبەخشە بۆ مرۆڤ، ئێستا لەبازاڕەکانی هەرێمدا قەدەغەن.

لەلایەکی ترەوە، بەپێی راگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرێتیی ڤێتێرنەریی سلێمانیو ئاسایشی خۆراک، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا سەرەتای مانگی (ئاب)، زیاتر لە (١٣)تەن گۆشتی بەسەرچوو و خراپ دەستیان بەسەردا گیراوەو خاوەنەکانیان غەرامەکراون.

ئەو گۆشتانەش پێکهاتبوون لە (٦٧٨٠)کیلۆ گۆشتی هیندی، (٢٨٠٠)کیلۆ قیمەو گۆشتی مۆر نەکراو کە بەقاچاخ هاتووەو سەرچاوەکەی نازانرێت، (٣٥٠٠)کیلۆ سەروپێو بەزی مەڕ کە لە قەسابخانەی سلێمانییەوە هاتووە، (٢١٧٥)کیلۆ گۆشتی مریشکی بەرازیلیو تورکیو حەواسڵ، هەروەها زیاتر لە (٥٠٠)کیلۆ گۆشتی ماسی بەسەرچوو، ئەمە جگە لەو گۆشتە خراپانەی کە ئێستا لە بازاڕو سەر سفرەو خوانەکانماندا هەن کە چاوی هیچکام لە دەزگاکانی کۆنترۆڵی بەسەرەوە نییەو زەرەرمەندی یەکەم، هاوڵاتییانن.



جۆرەها گۆشت هاتوەتە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی چاودێریی ورد بکرێت

فۆتۆ: ئینتەرنێت

# بەشەخۆراکی مانگانە، بوونو نەبوونی وەکیەک وایە

**بەدواچوونی: لاڤە بەشارەت**

وەزارەتی بازرگانیی عێراق بەشەخۆراکی هاوڵاتییانی لە (١٠) جۆرەوە کەمکردەوە بۆ (٥) جۆر، سەرەڕای ئەوەی کوالێتی خۆراکەکان زۆر نزمەو مانگانە لەکاتی خۆیدا ناگات.

لەئێستادا تەنیا پێنج مادەی خۆراکی (ئارد، برنج، شەکر، رۆن، شیری منداڵ) لەڕێی کۆبوونی خۆراکەوە دەدرێتەوە هاوڵاتییانو مادەکانی پاقلەمەنیو چاو تایتو شیری گەورە نەهێڵراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی زیاتر لە نۆ مانگ شەکرو چوار مانگ برنجو سێ مانگ رۆنی زەیت بە هاوڵاتییان نەدراوە.

سەعد فارس، بەڕێوەبەری کۆمپانیای خۆراکی سەر بە وەزارەتی بازرگانیی عێراق، بە سایتی مەوتینی نیمچە رەسمیی حکومیی راگەیاند: «دواخستنی گەیشتنی بەشەخۆراکی هاوڵاتییان پەیوەندیی بەو کۆمپانیایانەوەیە کە گرێبەستی گەیاندنی بەشەخۆراکەکەیان ئیمزاکردووەو پابەندێتییەکانی خۆیان لە بەرامبەر وەزارەتدا جێبەجێنەکردووە».

سەعد فارس وتی: «وەزارەت ئەو کۆمپانیایانەی خستووەتە لیستی رەشەوە، گرێبەستەکانیانی کێشاوەتەوەو لەگەڵ کۆمپانیای دیکەدا گرێبەستی نوێی ئەنجامداوەو پابەندیان دەکات بە کارکردن بەگوێرەی رێوشوێنەکانی کۆمپانیاکە».

لەساڵی (١٩٩٦)ەوە زۆربەی هاوڵاتییانی عێراق پشتدەبەستن بە بەشە خۆراکی مانگانە، کە پێشتر لە چوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکدا لەڕێی کۆبوون (فۆرمی بایەعی)ەوە بۆ هاوڵاتییان دابیندەکراو تائێستاش ئەو سیستەمە لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە کاری پێدەکرێت.

ئیبراهیم قادر، کە لە بریکارێک خۆراکی مانگانەی وەردەگرت بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو بڕە خۆراکەی کە لە ئێستادا وەریدەگرین، ژەمەکانی خۆراکمان دابین ناکات، چونکە زۆربەی خۆراکە سەرەکییەکانی تێدا نییە، ئەوەشی کە وەریدەگرین زۆربەی کات بە کەڵکی خواردن نایەتو جۆرەکەی خراپە».

سەرەڕای خراپیی جۆرەکەی، هاوڵاتییان گلەیی لە دواکەوتنی خۆراکی مانگانەش دەکەن، بە وتەی ئیبراهیم عەلی، ئەوەش وادەکات پەنا بۆ بازاڕەکان ببەنو بەهۆی خراپیی باری ئابووریی هەندێکیانەوە ناتوانن پێویستییەکانیان دابین بکەن.

تاریق عەلی، هاوڵاتییەکی دیکەیەو ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە: ئەو خۆراکانەی وەریدەگرن زۆربەی کات ماوەکەی بەسەرچووەو کەڵکی خواردنیان نەماوەو ماوەیەکی زۆریشی پێدەچێت تا وەریدەگرن، ئەمەش وادەکات کە باری سەرشانی فەقیرو هەژاران قورس بکاتو ناچارن پەنا بۆ ئەو خۆراکە هەرزانانە ببەن کە لە بازاڕدانو هیچ مەرجێکی تەندروستییان تێدا نییە.

بریکارەکانی دابەشکردنی خۆراکیش ئاماژە بەوە دەکەن: بەشێوەیەکی رێکوپێک بەشە خۆراکی هاوڵاتییان ناگاتە دەستیانو جۆری هەندێکیشیان خراپەو بە کەڵکی بەکارهێنان نایەن.

دانا رەشید، بریکاری خۆراک لە سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: ماوەی نۆ مانگ دەبێت شەکر وەرنەگیراوەو چوار مانگیشە برنج وەرنەگیراوە، بەگشتیی جۆری خواردنەکانیش خراپنو مانگێک جۆرەکەی باشەو دوو مانگ خراپەو کاتی هاتنی خۆراکەکانیش دوا دەکەوێت، ئەمەش ناڕەزایی هاوڵاتییانی لێ کەوتووەتەوە».

هەروەک محەمەد فەیزوڵڵا، بریکاری دابەشکردنی خۆراک، لە کاتی بەڕێکردنی ئەو هاوڵاتییانەی کە سەردانیان دەکرد بۆ وەرگرتنی بەشەخۆراکی مانگانەیان ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە: بڕی ئەو خۆراکەی پێیان دەدرێت بۆ دابەشکردنی بەسەر هاوڵاتییاندا، زۆر کەمەو هیچ مانگێک نەتوانراوە خۆراکەکان بە تەواوەتی بدرێت، ئەو خۆراکەی کە لە ئێستادا دابەشدەکرێت هی مانگی (ئاب)ە، کە تەنیا برنجو زەیتو شیرو نیسک دراوە تائێستا.

لە کۆبوونی خۆراکدا کە هەردوو ساڵی (٢٠١٠-٢٠١١) پێکەوە دابەشکراوە بەسەر هاوڵاتییاندا، (١٠) جۆر خۆراک دانراوە کە دەبێت مانگانە بە هاوڵاتییان بدرێت، لە مانگی (کانوونی یەکەم)ی ساڵی پارەوە شەکر دابەشنەکراوە، ماوەی (٣) ساڵیشە چا نەدراوە، بە مەرجێک لە خۆراکە سەرەکییەکانیشدا دانراوە.

عەباس عارف فەتاح، بەڕێوەبەری کۆمپانیای خۆراکی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد: ئەو خۆراکەی دابەشدەکرێت، لە وەزارەتی بازرگانییەوە دیاریدەکرێتو دەگات، ئەوان پەیوەندییان بە جۆرو بڕو کاتی گەیشتنییەوە نییە، ئەوەشی بۆ رۆژنامە راگەیاند: «ئەو خۆراکەی دەگاتە دەستمان دوای پشکنینیان دابەشدەکرێنو ئەگەر ئەو خۆراکانە نەپشکنرێت، دابەشناکرێت بەسەر هاوڵاتییانداو پێویستە هەموو مانگێک بەتەواوەتی ئەو بڕە خۆراکانەی دیاریکراون بگاتە دەستی هاوڵاتییان، نەهاتنیشی پەیوەندیی بە وەزارەتی بازرگانیی عێراقەوە هەیە».



دەوترێت بەشەخۆراکی مانگانە لە خراپترین جۆرەکانی خواردنن

فۆتۆ: رۆژنامە



# لەبارەی کەمینەو زۆرینەوە

## چۆن دەنگ لەسەر دەزگا نیشتمانییەکان بدرێت؟

هیوا جەمال

پەرلەمانی کوردستان دەزگایەکی نیشتمانییەو بەپێی هەڵبژادن لەلایەن خەڵکەوە شەرعییەتی پـێـدراوە، لە رێی هەڵبژاردنێکەوە، کە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەنجامدرا لە هەرێمی کوردستاندا، خەڵک بۆ جاری سێیەم نوێنەری خۆیان ناردە ئەو دەزگا نیشتمانییە.

راستە پەرلەمانی کوردستان شوێنێکی شەرعییەو لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دامـەزراوە، بەڵام ناکرێت هەموو ئەو بابەتانەش کە پەیوەندییان بە مەسەلە نیشتمانیی‌و نەتەوەییەکانەوە هەیە لە پەرلەماندا، چارەسەر بکرێن‌و دەنگیان بۆ بدرێت، چونکە هەموو مەسەلەکان هەر یاساو بڕیارەکان نین، کە پێویست بەو پرۆسە ئاڵۆزەی دەنگدان نەکات‌و نوێنەرەکانی خەڵک دەنگی لەسەر بدەن.

سـەرۆکـی هەرێمی کوردستان، چونکە لەو بڕوایەدابوو کە سەرۆکایەتی هەرێم مەسەلەیەکی گرنگە داوای لە پەرلەمان (خولی دووەم) کرد، دەنگدان بۆ سەرۆکی هەرێم لە رێگەی خەڵکەوە بێت، نەک پەرلەمان (ئەگەرچی ئەمە بۆ خۆی کێشەی تێدایە، بەڵام مەسەلەیەکی ترە)، ئێستاش هەندێک دەزگاو مەسەلەی تر هەیە پێویستە دەنگدانی گشتیی بۆ بکرێت.

دەستووری هەرێم، کە مەسەلەیەکی ژیانییە، جگە لەوەی پەرلەمان تەسدیقی دەکات، پێویستە (٣/٢)ی خەڵک دەنگی بۆ بدات، هاوکات دەستەی هەڵبژاردنەکانی هـەرێـمـیـش هیچی لـە دەسـتـوورو سەرۆکایەتی هـەرێـم‌و پەرلەمان‌و زۆرینەی دەزگا نیشتمانییەکان کەمتر نییە، بەڵکو لەوانیش گرنگترە لە رووی ئەوەی کە سەرپەرشتی شەرعیبوون‌و ناشەرعیبوونی ئەوان دەکات‌و پێویستە لە رێگەی دەنگدانی گشتییەوە بە دەنگی (٣/٢)ی خەڵک هەڵبژێردرێت.

لە پەرلەمانی کوردستاندا ئێستا کێشەی زۆرینەو کەمینە هەیە، ئۆپۆزسیۆن کە بەرێژەی دەنگدان کەمینەن لە پەرلەماندا، گلەیی ئەوە دەکەن هەر یاساو پرۆژەیەک لیستی دەسەڵات پێی باشبوو تێپەڕی دەکـەن، بـۆیـە مەترسیی دەسـتـەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم یەکێکە لەوانەی کە ئۆپۆزسیۆنی خستووەتە گومانەوە، بەڵام ئایا زۆرینەی پەرلەمان (٥٠+١) زۆرینەی خەڵکی کوردستانیشە؟

### زۆرینەی پەرلەمان‌و زۆرینەی خەڵک

ئێستا پەرلەمانی کوردستان نوێنەری سێ شاری هەرێمی کوردستانە، واتە ناوچە دابـڕێـنـراوەکـان‌و کوردەکانی دەرەوە، مافی دەنگدانیان نەبوو، ئەو پەرلەمانە نوێنەرایەتی ئـەوان ناکات، جگە لـەوەش لە هەرێمی کوردستاندا هەموو خەڵکی کوردستان (١٠٠٪) دەنگی نەداوە.

بەپێی دوو هەڵبژاردنی یەک لەدوای یەک لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقدا چەند راستییەک دەردەکـەون، کە پشتگیریی ئەو بۆچوونەی سەرەوەمان دەکەن بۆ دەنگدانی گشتیی لەبارەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەرێم.

لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥-دا، کە زیاتر (٢٥٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن‌و پێنجسەد هەزار کەس مافی بەشدارییان هەبووە لە دەنگدان، بەڵام لەو ژمارەیە بەپێی راگەیاندنی کۆمسیۆن کە لە سایتی پەرلەمانی کوردستانیش بڵاوبووتەوە، (١٨٥٤٣٤١) یەک ملیۆن‌و هەشتسەدو پەنجاو چوار هەزارو سێسەدو چل‌و یەک کەس دەنگیان داوە، کە بە نزیکەیی (٧٥٪)ی خەڵک دەکات، واتە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستاندا نوێنەری (٧٥٪)ی خەڵک هەیە، ئەوانی تر نوێنەری خۆیان نەناردووەتە پەرلەمان.

لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا لیستی کوردستانیی، کە لە یەکێتی‌و پارتی‌و (١٠) حیزبی تر پێکهاتبوو (١٠٧٦٣٧٠) یەک ملیۆن‌و حەفتاو شەش هەزارو سێ سەدو حەفتا دەنگیان بەدەست هێناوە، کە نزیکەی (٥٨٪)ی پەرلەمان دەکات‌و نزیکەی (٤٣٪)ی هەموو ئەوانە دەکات، کە مافی دەنگدانیان هەبووە لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەو رێژەیەی سـەرەوە نیشانمان دەدات، کە نوێنەرەکانی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە لە نیوە کەمترن، ئەی چۆن دەکرێت دەنگ لەسەر چارەنووسی لە نیوەزیاتری خەڵکی کوردستان بدەن؟!

بەپێی هەڵبژاردنی (٣/٧)ی پەرلەمانی عێراقیش پارتی (٦٧١٩٦٥) دەنگ‌و یەکێتی (٣٩٧٩٧٤) دەنگی بەدەست هێناوە، کە بە هەردووکیان (١٠٦٩٩٣٩) یەک ملیۆن‌و شەست‌و نۆ هەزار نۆسەدو سی‌و نۆی دەنگەکانی هەرێمی کوردستان، کە لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥) کەمترە، واتە ئەوان ئەگەر بڵێن؛ ئێمە لە هەڵـبـژاردنـی (٣/٧)دا زۆرترمان هێناوە، ئەوە وانییە، بۆیە ناکرێت کەمینە حوکمی زۆرینە بکات‌و دەنگ لەبارەی کۆمسیۆنێکی وا گرنگ، کە دەزگایەکی نیشتمانییە، بدات.

بۆیە ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆن باسی دەکات، راستە کە ئەوان دەیانەوێت بە دەنگی خۆیان هەر یاساو پرۆژەیەک بەدڵیان بووە لە پەرلەمان بە زۆرینەی (٥٠+١) تێی پەڕێنن، ئەوەش زوڵمێکە لە ئۆپۆزسیۆن‌و خەڵک دەکرێت، چونکە ئەگەر بـەراوردی دەنگەکان بکەین، هەریەک لە یەکێتی‌و پارتی، ئەوەندە حیزبێکی جەماوەریی‌و گـەورە نین هەرچییان ویست بۆیان بچێتە سەر، ئەوەش لە دەنگدانەکەدا دەرکەوتووە، پارتی بە نزیکەی (٢٤٦١٧٢) دەنگ لە پێش گۆڕانەوەیەو یەکێتیش بە نزیکەی (٢٧٨١٩) دەنگ لـەدوای گۆڕانەوەیە، دەکرێت قبووڵی بکەین، ئەم دوو حیزبە بەو شێوەیە دەست بەسەر هەموو بڕیارە ستراتیژیی‌و نەتەوەییەکانی هەرێمدا بگرن؟



# ئازادیی، ناسنامەی مافی هاوڵاتیبوونە

عوسمان عەسکەری

دووڕوویی، بە شێوەیەکی شـاراوە، بـووەتـە کـۆدی نـاوەڕۆکـی کلتوری بـاو لە مـامـەڵـەو ژیـانـی رۆژانـەی هەرێمی کـوردسـتـانـدا، کە بەهۆی جێلەقی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانەوە، نەخۆشیی گـەورەی خەڵک لە زۆربـەی کـردەکـانـیـانـدا بـەشـێـوازی سەرەکیی بەرچاو دەکەوێت. خـۆپـەرسـتـی‌و هـۆشـیـاری بەچەمکی دووڕوویـی‌و لەڕێگەیەوە گەیشتن بەئامانجە زاتییەکان، هۆکارێکی حەتمی پارادۆکسی سیاسیی دەسەڵاتی کوردییە کە جیاوازییەکی زۆری لە ژینگەی سیاسیی‌و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا دروستکردووە، بەوهۆیەوە بەشێکی زۆر لە چالاکڤانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و...هتد، لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە گەمارۆی ئابووریی، ئازادیی‌و کۆمەڵایەتی...هتد، دەدرێن بۆ ئەوەی نەتوانن کار بۆ ماف‌و ئامانجەکانیان بکەن.

لەسەردەمی شاخدا، چەکی سەرەکی دەستی هەر یەک لە (پدک‌و ینک)، بانگەشەی دیموکراتی‌و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ بوو لەدژی زوڵم‌و ستەمی رژێمی بەعس، بەڵام دوای گەیشتن بە دەسەڵات، خودی (پدک‌و ینک)، درێژەیان بە زوڵم‌و ستەم داو جیاوازییان لە ناو جەماوەری کوردستاندا دروستکرد. هەوڵدان بۆ چاکسازیی سیاسی‌و بەرەنگاربوونەوەی ئەو رەفتارانەی کە دەسەڵاتی هەردوو حیزب لە دژی بیری سیاسیی سەردەم‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و خزمەتکردنی گەل پیادەی دەکەن، مشتومڕێکی ئەوتۆ توندی لێکەوتەوە، گۆشەگیریی سیاسی‌و دەروونی لای زۆربەی جەماوەری هەرێم دروستکرد.

فەلسەفەو مـوراڵـی سیاسیی (پـدک‌و ینک)، هـاوشـێـوەی حوکمی وڵاتـە تەقلیدییەکانە، کە ئەزموونێکی زۆریان هەیە لە چۆنێتیی سەرکوتکردنی گەل‌و تاڵانکردنی سامانی وڵات، ئەوەش پێچەوانەی کۆمەڵگە شارستانییەکانی دونیایە کە ئاستی یەکسانی مـرۆڤ‌و ماف‌و ئازادیی پێشبڕکێی کۆمەڵایەتی بەجۆرێک دابینکردووە، کۆی پردەکانی گەڕانەوەیان بۆ دواوە رووخاندووە.

کۆمەڵگە شارستانییەکانی جیهان، ئەوە دەسەلمێنن کە دیموکراتی پێشکەوتنێکی مێژوویی کۆمەڵایەتییەو فەلسەفەی سیاسیی سەردەم‌و دەستووری وڵاتانی شارستانی، گەل وەک بەرزترین دەسەڵات پێناسە دەکـەن، بۆیە پێویستە حوکمی دەوڵـەت بەدەست گەلەوە بێت، دەوڵەتیش حوکمی کۆی کارمەندو دەزگاکانی گەل دەکات، بەڵام لەکوردستان (پدک‌و ینک) حوکم بەسەر دەزگاکانی تەشریعی، تەنفیزیی‌و قەزاییدا دەکەن‌و لەڕێگەیانەوە کۆنترۆڵی تەواوی دەزگاکانی وڵات دەکەن، ئەوەش مۆدێلێکی نوێی دیکتاتۆریی کوردییە کە جیاوازی دروستکردووە لە نێوان ناسنامەی سەرجەم تاکەکانی جەماوەردا، (یەکێک لە هۆکاری ئەو شێوازی حوکمە، فشارو پاراستنی بـەرژەوەنـدیـی دەرەکییەو پێدەچێت ئاراستەیەک هەبێت، بەپێی ئەجێندای دەرەکی کار بۆ تێکشکاندنی کەسایەتیی تاکی کورد بکات، بەمەبەستی دوورخستنەوەیان لە سیاسەت).

لە سیستمی جیهانگیریی‌و قەیرانی ئابووریدا، ئەرکی کۆشکی سیاسیی کۆمەڵگەی دیموکراتی، لەلایەکەوە داڕشتنی نەخشەیە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی‌و تـوانـای وەبەرهێنان‌و پیشەسازیی، لەلایەکی دیکەوە دابینکردنی دەرفەتی کارو بەشدارییپێکردنی سیاسی‌و چالاککردنی موراڵی تاکی کۆمەڵگەو گەشەکردنی فکرو چاکسازییە لە موراڵی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کە کار دەکاتە سەر سیاسەتی وەبەرهێنان‌و ئینسان هاندەدات لە ناخەوە هێزی کارو توانای داهێنان بەرهەم بهێنێت، بەڵام بەهۆی شەپۆلی تەزویری دیموکراتی‌و کوشتنی ئازادیی‌و قەیرانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەوە، تاکی کورد کەسایەتیی شکاوەو ناسنامەی لەدەستداوە، بۆیە نەک وزەی داهێنان، بەڵکو توانای کاری رۆتینیشی نەماوە، لەبەر ئەوە گەنج لە فـەوزادا دەخولێتەوەو ناتوانێت ناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە.

ئینسان ئەگەر بە تەنیا بێت، گـرووپ یاخود نەتەوەیەک بێت، ئەوکاتەی ناسنامەی نامێنێت، لێپرسراوێتیش لە ئەستۆ ناگرێت، چونکە لەبەرامبەر لێپرسراوێتیدا ماف هەیە، پێناسەی ماف، ئازادیی ناسنامەو مافی هاوڵاتیبوونە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ ئازادیی لێ زەوت بکرێت‌و مافی نەبێت، پێویستی بە لێپرسراوێتیش نییە، ئەوەش هێمای سلوکی دەسەڵاتی سیاسیی کوردییە کە ئازادیی‌و مافی هاوڵاتی داگیرو خەونەکانی گەنج مایەپووچ دەکات.

eskerei@yahoo.se



# گەڕانەوە بۆ ماناکانی راپەڕین

ڕەزا جەبار

دەبێت بپرسین، راپەڕین لەپێناوی چیدا کرا؟ ئایا ئێمە کێشەمان لەگەڵ دەموچاوی سـەدام‌و نـاوی حیزبەکەیدا هـەبـوو، یان کێشەمان لـەگـەڵ پراکتیک‌و مامەڵەی دەسەڵاتدارانەی بەعسدا هەبوو؟ خەڵکی کـوردسـتـان، بۆچی دژی بەعس بـوون؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر روون‌و ئاشکران، خەڵکی کوردستان راپەڕینیان بۆئەوە نەبوو، رواڵەتییانە دەسەڵاتی بەعس لەکوردستان وەدەرنێن، بەڵکو لەجەوهەردا گرنگی راپەڕین بۆ ئەوە بوو کە کلتووری بەعس لەناوببات‌و ئـەو عەقڵییەتە ستەمکارییە بکوژێت کە کوشتن‌و چەوساندنەوەی مرۆڤی کردبووە پیشە. خەڵکی کوردستان، بۆ ئەوە راپەڕینیان نەکرد، بەتەنیا بەعس بگۆڕن بۆ دەسەڵاتێکی دیکە، بەبێئەوی چاوەڕوانی واقیعێکی تەواو پێچەوانەیان لێنەکردبێت. چاوەڕوانیی بۆ واقیعێکی سیاسیی کە لەجەوهەرو پراکتیکی دەسـەڵاتـدارانـەدا، جیاوازییەکەی لەگەڵ بەعسدا لەوێدا دەرکەوێت، لەبری پەیڕەوی لە سیستمێکی دیکتاتۆریی، دیموکراسی بکاتە سیستمی حوکمڕانییەکەی، نەک چاوەڕوانییەک لەسەر بنەمای گۆڕین‌و لابردنی بەعس بۆ قبووڵکردنی هێزێکی دیکە بەبێ بیرکردنەوە لەو شێوەو جۆری سیستمی حوکمڕانییەی کە دروست دەبێت!

بەمانایەکی دیکە، خەڵکی کوردستان بەتەنیا کێشەیان لەگەڵ دەسەڵاتی بەعسدا نەبوو، لەبەرئەوەی نەتەوەیەکی دیکە حوکمی دەکات، بەڵکو زۆر بەسادەیی‌و بەر لەهەرشتێک، کێشەی خەڵکی کوردستان، لەبەرئەوە بوو کە بەعس دیکتاتۆر بوو، دیموکراسی نەبوو، ئەوەی بڕوای پێی نەبووبێت مافەکانی مرۆڤ بوو، هەروەها ئەوەی بەخەیاڵیدا نەهاتبێت، تێڕوانینی مرۆییانە بوو بۆ ئازادییە گشتیی‌و تایبەتییەکانی مرۆڤ. بەبڕوای من، ئا لەو چەوساندنەوە مرۆییەوە، دەتوانین قسە لەسەر دروستبوونی ئەو هەستە بکەین کە چەوساندنەوەی نەتەوەیی قبووڵ ناکات لە بەعس، واتە هەستێکی نەتەوەیی دروستدەبێت کە یەکسانە بەهەستی مرۆڤدۆستی‌و رێزگرتن لەبەها مرۆییەکان. ئەگەرنا، تۆ بڵێی ئەندامانی کام نەتەوەی ژێردەست، قبووڵی دروستبوونی دەسەڵات، یان دەوڵەتێکی نەتەوەیی بکەن کە ئەو دەسەڵاتە رێچکەی هەمان دەسەڵاتی نـەتـەوەی سـەردەسـت بگرێتە بـەر، یان دروستبوونی ئەو چوارچێوە نەتەوەییە ببێتە زیندان‌و جوگرافیای پێشێلکردنی مافە ئینسانییەکان؟

بۆیە، دەکرێت کە بڵێین، رەفزکردنی بەعس لەپێناو لەناوبردنی دیکتاتۆرییەتدا بوو، نەک قبووڵکردنی دیکتاتۆرێکی دیکە بەهەر ناوێکەوە بێت‌و هەر هێزێک رابەرایەتی بکات، چونکە راپـەڕیـن بەسادەیی، واتە ئازادیی، بەبێ قسەکردن لەسەر ئازادیی، هەر خوێندنەوەیەک بۆ راپەڕین تا ئەو ئەندازەیە بێمانایە، ئەنجام نەدانی راپەڕین زیاتر جێگەی رێزە. لەهەمانکاتدا دەکرێت بپرسین، ئازادیی چییەو کام ئازادیی پەیوەستە بە راپەڕینەوە؟ بێگومان ئەو ئازادییەی راپەڕینی بۆ دەکرێت، بەو مانایە کە ئازادیی لەبری ئەوەی وەک خێرو سەدەقەی ئەم سەرکردەو ئەو حیزب ببەخشرێت، دەبێت وەک ماف لێی بڕوانرێت، بـەڵام لەواقیعی سیاسیی کـوردیـدا، ئەمە کێشە گەورەکەی بەرکەوتن‌و خوێندنەوەیە بۆ ماناکانی راپەڕین لەلایەک‌و ئازادیی‌و دیموکراسی لەلایەکی ترەوە.

لەئێستادا قسەکردن لە بوونی مافە مرۆییەکان لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، جێگەی تێڕامانە، چونکە لە دیدی ئەوانەوە شەرمە قسە لەسەر مرۆڤبوون بکرێت، بەبێئەوەی مافەمرۆییەکان دەستیان بەسەردا گیرابێت، هەربۆیە ئێستا گفتوگۆو هەوڵەکان بۆئەوەن، چۆن مافەکانی ئـاژەڵ جێبەجێ بکەن، کەچی لەدوای نزیکەی بیست ساڵ لە ئەنجامدانی راپەڕین‌و دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی‌و رزگاربوون لە بەعس، ئەم دەسەڵاتە ئازادیی وەک خێرو سەدەقە دەبینێت! دوای ئەو هەموو ساڵە لە راپەڕین، ئێستا کەمپەین دەکرێت بۆ بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕین!.

هەربۆیە لەم واقیعەوە، دەتوانین دەستنیشانی هۆکاری کێشەکانمان لەگەڵ دەسەڵاتدا بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕین بۆئەوە بگەڕێنینەوە، کە ئەم دەسەڵاتە تا ئێستا کلتووری بەعسی تێنەپەڕاندووە، ئەگەر حیزبی کوردی‌و دەسەڵاتەکەی، لەماوەی نزیکەی بیست ساڵی رابردوودا، کاریان بۆ سڕینەوەی کلتووری بەعس بکردایە، دەبـو ئێستا کەمپەینێک نەبوایە بەناوی بەرگریی لە ئازادیی رادەربڕینەوە، دەبوو ئازادیی هەڵبژاردنی هێزی سیاسیی باجی ژیان‌و مەرگی بەدواوە نەبوایە، دەبوو ئێستا قسەکردنمان لەسەر بەعس لەناو رابردوودا بێت، نەک قسەکردن لەسەر بەعس وەک ترسێک لەبەردەمماندا...




### بۆ خاوەن (بۆچوون)ەکان

بەشی (بۆچوون)ی رۆژنامە داوای لێبوردن لەو هاورێ ئازیزانە دەکات کە بە (بۆچوون)ەکانیان رۆژنامەیان بەسەر کردووەتەوەو هاوکاری ئێمەیان کردووە بەڵام (بۆچوون)ەکانیان بڵاو نەبووتەوە دیارە سەرەکیترین هۆکاریش نەبوونی جێگایە لەبەرئەوەی کە (بۆچوون)ێکی زۆرمان بۆ دێت‌و هەرئەوەندە مەجال هەیە کە سێ لاپەرەی پێبدەین کە هەندێک جار کردومانە بە چوار لاپەرە

داوا لە خاوەن (بۆچوون)ەکان دەکەین ئەوانەی دەیانەوێت هاوکاریمان بکەن رەچاوی ئەوە بکەن کە هەوڵبدەن (بۆچوون)ەکانیان لە ٥٠٠ وشە زیاتر نەبێت

بۆ پەیوەندی بە بەشی (بۆچوون) سود لەم ناونیشانانە وەربگرن:
Nawxo.rozhnama@yahoo.com
Hiwa.jamal@yahoo.com

# گەڕانەوە بۆ حەقیقەت

ئێمە زۆرجار باس لەوە دەکەین، کە رەخنە لە دەسەڵات بگرینو هەڵەکانیان راست بکەینەوە، پێم خۆشە من لێرەوە باسی کەموکورتی خۆمان بکەین، ئێمە پۆلە ئەفسەرێکین ماوەی زیاتر لە (١٥) مانگە لەسەر کارەکانمان دەرکراوینو تائێستا هەندێک لە سەرکردەکانی گۆڕان بە چـاوی گومانەوە تەماشای ئێمە دەکەنو لە خۆمان دەپرسن، ئایا راستە کێشەکەی ئێوە لەسەر گۆڕانە، ئەمە دەلالەتە بۆ کەمتەرخەمیی لە ئاست مافی هاوڕێو هاوبیرەکانیانو بیرنەکردنەوەیە لە ژیانی خۆیانو خانەوادەکانیان.

ئێمە تەنیا یەک ناکۆکیمان هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی وەک ئەوان بیرمان نەکردووەتەوەو خۆمان بە ئەندامی هێزی (ئەشهەدو مابالله) نەزانیوە، من دەپرسم کەس هەیە واز لە مووچەو کارو ئیمتیازات بهێنێو بە دەسەڵات بڵـێ؛ نەخێر، گەر خاوەنی بیروڕای جیاواز نەبێتو رەشو سپـی لە یەک نەکردبێتەوە، پێموایە ئێمەی دەنگی ئازادو سەربەخۆ تووشی هەمان ناکۆکیی دەبینەوە لەگەڵ ئێوەی بـێ باکو خانەنشین بە وەزیـرو ئێمە ئەفسەری دەرکراوی گیرفان بەتاڵ.

**ئەفسەرێکی نانبڕاو**

لەوبارەیەوە رۆژنامە پەیوەندیکرد بە پەیام ئەحمەد، رێکخەری نێوان فراکسیۆنی گـۆڕانو حکومەت بۆ مەسەلەی نانبڕاوەکان بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

ئەم برا بەڕێزانە ئەو ئەفسەرانەن کە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە تەلەفزیۆنەوە رایانگەیاند؛ کە دەنگیان بۆ گۆڕان داوەو بەداخەوە وەک سزایەک لە کارەکانیان دەرکرانو دراونەتە ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەو دادگایی دەکرێن، بەڵام ئێمە ئەو مەسەلەیەمان پشتگوێ نەخستووە، ئێستا هەوڵدەدەین بیانگەڕێنینەوە سەر کارەکانیان. بۆ ئەو مەبەستەش داواکاریی گەڕاندنەوەیانو یەکلایی کـردنـەوەی کێشەکەیانمان گەیاندووەتە سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـرانو سەرۆکی پەرلەمان تا کێشەکەیان یەکلایی بکرێتەوەو بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

ئەم ئەفسەرانە لەو (١٩) ئەفسەرە بوون، کە پێشتر بەهۆی بیروڕاوە لەسەر کارەکانیان دەرکرانو سزای سەربازییان بۆ دەرچوو، ئەوانی دیکە گەڕاونەتەوە.

# ڕێکخراوەکانی کەلار داوای گۆڕانکاریی دەکەن

**هۆشەنگ هەرتەلی**

(٥) رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی پرۆژەیەک بۆ چاکسازیی لە تاپۆی کەلاردا ئامادە دەکەنو داوای گۆڕینی بەڕێوەبەرو بەشێک لە ستافی فەرمانگەکە دەکەن.

عـەدنـان قـوربـانـی، سـەرۆکـی دەسـتـەی رێکخراوەکانو ئەندامی دەستەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵیی لە گەرمیان، لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: لە پرۆژەکەدا داوای گۆڕینی بەڕێوەبەری تێبینەرایەتیو گۆڕانکاریی لە ستافەکەیدا دەکرێتو پێشنیازکراوە تێبینەرایەتییەکەش کە لە قەزایەکی گەورەی وەکو کەلاردایە، بکرێتە بەڕێوەبەرێتییەکی سـەربـەخـۆو راسـتـەوخـۆش بـکـەوێـتـە سەر بەڕێوەبەرێتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان.

وتیشی: پرۆژەکەش لەسەر بنەمای نارەزایەتیو گلەیی هاوڵاتییانە لە شارەکەدا ئامادەکراوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە پرۆژەکەشماندا ئاماژەمان بـەوەکـردووە کە ئەگەر بێتو حکومەتی هەرێم ئەو داخوازییەی خەڵکی کەلار لەبەرچاو نەگرێت، هەوڵدەدەین چالاکی مەدەنییانەی دیکە ئەنجامبدەین.

لەوبارەیەوە ئەکرەم عوسمان، بەڕێوەبەری تێبینەرایەتی خانووبەرەی کەلار بە رۆژنامەی راگەیاند: هەرچەند من جارێ بۆم نییە هیچ لێدوانێک بـدەم، بـەڵام بۆئەم مەسەلەیە ئێستا لیژنەیەک پێکهاتووەو ئێمەش چاوەڕوانی یەکلاییکردنەوەی کێشەکانینو ئامادەشم یاسا هەر بڕیارێک لەبارەی منەوە دەربکات جێبەجێی بکەم.

رێکخراوەکان پێکهاتوون لە (رێکخراوی کۆمەڵەی پەیامی گەرمیان، گرووپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی لەگەرمیان، گرووپی گەنجانی بوێر لەگەرمیان، یەکێتی دیموکراتی لاوانی کوردستان، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان).

# سوپاسنامەیەک لە بنەماڵەی کۆچکردوو پێشمەرگەو هونەرمەند حەمە جەزا-وە

بە رێزێکی یەکجار زۆرەوە بە پێویستمان زانی، کە سوپاسی بێ پایان بەهەموو خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان بگەیەنین، کە بـەپـەرۆشـەوە بەشداریی غەمو پەژارەی کۆچی دوایی پێشمەرگەو هونەرمەند حەمە جەزا-یان کردین، کە ئەگەر جوامێرییو بەوەفایی ئێوە نەبوایە ئەسەری داخو کۆستەکەی لامـان زۆر گـەورە دەبـوو، ئـەوەی تەسەلای بەدڵـی ئێمەدا، بەئەمەکییو دڵسۆزانەی ئێوە بوو هەر لە سەرەتای ئاشکرابوونی نەخۆشییەکەی هەتا تەواوبوونی پرسەی خوالێخۆشبوو، کە هەر واشمان لە ئێوەی بەڕێز چاوەڕێ دەکرد، بۆیە ئەگەرچی لە خەباتی گەلەکەشماندا بەشداربووبینو قوربانیشمان دابـێـت، ئـەوا وەفاداریتان پێمان دەڵێت رەنجتان بـەزایـە نـەچـووە، بـەڵـکو ئەم هەڵوێستەتان سوورترمان دەکات لەسەر خزمەتکاریی گەلەکەمان لە هەر کاتو ساتێکدا کە پێویستی بە ئێمە بێت....

سوپاسو رێزمان بۆ هەموو ئـەوانـەی سەردانیان کردین لە سلێمانیو دانیمارکو ئەمریکا، ئـەوانـەی بە تـەلـەفـۆنو نامەو ئیمەیلو بروسکەو هەتا ئەوانەش کە بە دڵ بەشدارییان کردین، ئەوانەی بەشداربوون لە مەراسیمی بەخاکسپاردن، ئەوانەی بەشداریی پرسەی دوو رۆژەی سلێمانیو سێیەم رۆژی شـاری هەولێری خۆشەویستیان کردین، ئەوانەی لـە پـرسـەی وڵاتو شارەکانی دیکەدا لەناوەوەو دەرەوەی وڵات بەشداربوون، بۆ ئەوانەی کە دوای پرسەش هاودەمو هاوغەممانن.

سـوپـاس بـۆ هـەمـوو پارتە سیاسییەکانی کوردستانو عێراقو ئێران، کە بە گشتیی لە سەرکردایەتیی تـا ئـەنـدامـانـیـان بـەشـداریـیـان کـردیـن، بۆ حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـانو دامـودەزگـاکـانـی، بەتایبەت پۆلیسو پۆلیسی هاتوچۆ، هەموو هونەرمەندانو رێکخراوە هونەرییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، رێکخراوە پیشەییو جـەمـاوەریـیـەکـان، رێـکـخـراوە حکومییو ناحکومییەکان، هەموو هۆکارەکانی راگەیاندن، کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، رادیـۆکـان، گۆڤارو رۆژنامەکان، رۆژنامەنووسان، سایتە ئەلکترۆنییەکان، هۆکارەکانی دیکەی راگەیاندن.

بەشداریتان بەو ژمارە زۆرەو بـێ شومارە لە بەخاکسپاردنو پرسەکەماندا نیشانەی دڵسۆزییو وەفـاداریـتـانـە بـۆ شـۆڕشگێڕو هونەرمەندێک، کە تەواوی ژیانی خۆیو خێزانەکەی بۆ خزمەتکردنی گەلو نیشتمانەکەی تەرخانکردو سەبووریی بە دڵـی ئێمەی بنەماڵەی ئەو پێشمەرگەیەش دا.

بـەڕێـزان: چاکتر وایـە بـێ ناوهێنان سوپاسی هەمووتان بکەین دەنا دەبـێ هەزاران ناو ریز بکەین لەو جوامێرانەی شایەنی سوپاسی زۆرن، بۆیە لەبری جارێک هەزاران سوپاس بۆ هـەمـووتـانو پێتان دەڵێین؛ منەتبارو قەرزارتان کردین کە هەرگیز بۆمان جوبران ناکرێتەوە، مەگەر تەنیا خوا بە گەورەیی خۆی ئەجرو پیاوەتیتان بداتەوە، چەندیش هەوڵبدەین ناتوانین وەک خۆی گـوزارشـت لە خۆشەویستیمان بۆ ئـێـوەی بـەڕێـز بکەین، تەنیا بیرخستنەوەیەکیش ئاسوودەترمان دەکات، کە ئەویش گوزارشتەکانی خۆتان کە پێمان دەڵێن حەمە جەزا تەنیا موڵکی ئەو بنەماڵەیەی ئێوە نەبووە، بەڵکو موڵکی نەتەوەی کـوردە، کوڕی هەموومان بووەو بۆ هەموومان ژیاو بۆ هەمووشمان مـرد، کـەواتـە بۆ ئـەوەی رۆحی ئەویش ئاسوودە بکەینو رۆحیانەتی هەست بەوە بکات کە قسووری لە خزمەتکردنی ئێوەدا نەکردووە، ئەوا گەردنی ئازا بکەنو بە چاوی رێـزەوە لە هونەرەکەیو خەباتی ناو زیندانەکانی پێشمەرگایەتی بڕوانن، لە کۆتاییدا تەنیا رێگەمان پێبدەن کە وەک نموونەی وەفاداریی سوپاسی:

– سەرۆک کۆمار جەنابی مام جەلال، کە ئەرکی تێچوونی تەواوی خەستەخانەی ئەمریکای لەئەستۆ گـرتو بروسکەی ماتەمینی بۆ ناردینو نوێنەری لە پرسەکەدا بەشداریی کردینو چەپکە گوڵـی خۆی بە نوێنەریدا بۆ سەر مەزاری خوالێخۆشبوو بۆ ناردین.

– سـەرۆکـی هـەرێـم، کـە بە بروسکەی ماتەمینی بەشداریی کردین، نوێنەری تایبەتی خۆی کاک سیداد بارزانی برای نارده لای ئێمە لەبری خۆی بۆ سەرەخۆشیو دانانی چەپکە گوڵ لەسەر مەزاری حەمە جەزا.

جـارێـکـی دیـکـە سـوپـاس بۆ ئەو گەلەی رێـزی لە تێکۆشەرو هونەرمەندەکانی گرت.

**بنەماڵەی پێشمەرگەو هونەرمەند**
**حەمە جەزای حاجی عەلی بەگ**
٢٠١٠/١٠/٦

# وەڵامێک بۆ (وەڵامێک بۆ لێپرسراوی پێشووی راگەیاندنی فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی)

**بێستون فەتاح**

لەژمارە (٦٠٢)ی هەفتەنامەی رۆژنامەدا، لە رێکەوتی (٢٠١٠/١٠/٥)دا کەسێک بەناوی د.هێمن دلێر محەمەدەوە، وەڵامی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی داوەتـەوە کە خاتوو چاوان لەگەڵ بەندەدا ئامادەی کـردووە، سەبارەت بە سێ بـڕیـاری یـەک لـە دوای یەکی فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی لەماوەی نزیکەی مانگێکدا، لەسەر گۆڕینی چەند بەشێکو لێپرسراوێتییانو پەشیمانبوونەوە لەو بڕیارانە، ئەوەی جێگای سەرنجەو پێویستە بیخەمەڕوو، بەکورتی خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

یەکەم: چاوپێکەوتنەکە رەخنە لە فەرمانگەی تەندروستیی دەگرێت سەبارەت بە دەرکردنی ئەو بڕیارانە لەو ماوە کورتەدا، بەڵام کەسێک بێتو بەناوی خۆیەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ پۆستێکی مەعنەویی بکاتو وەڵامێکی دوور لە شێوازی نووسینو ئەتەکێتی رۆژنامەوانی بداتەوەو هێرش بکاتە سەر پەیامنێری ئامادەکارو ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا کراوە، زیادەڕۆییە لەسنووری خۆیو پێشێلکردنی مافی بەرامبەرە.

دووەم: لەسەرەتای نووسینەکەیدا، بە چەند بڕگەیەکی سواو و نا زمانەوانییو نووسین دەستپێدەکاتو دەڵێت (لەڕێی چاوپێکەوتنێکی دروسـتـکـراو و کـارتـۆنـیـیـەوە، دەیـەوێـت راستییەکان بشوێنێت)، نازانم چاوپێکەوتن هەر چاوپێکەوتنە، دواتر کارتۆنیو دروستکراو مانای چییە؟بەمەرجێک لە چاوپێکەوتنەکەدا وێنەی هەرسێ بەڵگەنامەکەی بڕیارەکان وەک خۆی خراونەتەڕوو، ناوی ئامادەکارو ئەوکەسەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردووە، ناوی راستەقینەو خوازراو نین، دواتر لەبابەتەکەی ئەو بەڕێزەدا، تەشهیرو وشەی ناشرین بەکارهاتووەو پەلاماری کەسایەتی دراوە، بەمەرجێک لەدوورو نزیکەوە خوانەخواستە بە خراپی باسی هیچ بەڕێزێک نەکراوە لە چاوپێکەوتنەکەدا، ئەو هێرشو پەلاماردانە، هیچ بیانوویەکو پاساوێکی نییە.

سێیەم: ئەم بەڕێزە وەک ناوی خۆی نووسیوە، پیشەی دکتۆرە، لەبواری تەندروستیدا، بەڵام بەداخەوە لەماوەی (٢٣)ساڵ خزمەتم لە بواری تەندروستیدا، هیچ برایەک، یان خوشکێکی دکتۆرم نەبینیوە، ئەم هەڵسوکەوتەی ئەم بەڕێزەیان نواندبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دکتۆرەکان ئەوەندە رێز لەبەرامبەر دەگرن، هەربۆیە کەسایەتییەکی وا بەرزیان بۆ دروستبووە لە کۆمەڵدا کە ناتوانم لەم نووسینە کورتە تەعبیری لێبکەم، بەڵام ئەم بەڕێزە بەبێ ئەوەی یەک وشەی پێوترابێت، پەلامارێکی ئاستنزمی نامرۆڤانە دەکاتە سەر رۆژنـامـەنـووسـێـکو هاوپیشەیەکی خۆی، هەرئەوەندەی پێدەڵێم، ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بەبێ بیانوو پەلامارمان بدات، ئەی ئەگەر نەخۆشێک بچێتە لایو باری دەروونیو جەستەیی تایبەت بێت، چ رەفتارێک دەکات، داواکارم لە سەندیکای پزیشکانی بەڕێز، لەم لایەنە بکۆڵنەوە.

چـوارەم: ئەم بەڕێزە، لەبری فەرمانگەی تەندروستی، پاکانەی دەرکردنی ئەو بڕیارانە دەکاتو دەڵێت:(بڕیاردرا بە هێشتنەوەی ئەو یەکانە بە هۆبە، بۆ ئەوەی (١٥٪)ی دەرماڵەی پایەکان نەبڕدرێت، ئەمە بوو هۆکاری هەڵوەشانەوەی ئەو فەرمانە)، ئەم بەڕێزە، یان خۆی هەڵەیە، یان دەیەوێت فەرمانگەی تەندروستی بەهەڵەدا بەرێت، یان مەبەستێکی ترە کە لە هیچ یاسایەکی حکومەتی هەرێمدا نەبووە لەبەر خاتری دەرماڵەی لێپرسراوی بەشێک، یان چەند بەشێک بڕیاری ئاڵوگۆڕی بەشەکان هەڵبوەشێنرێتەوە، بەمەرجێک لەو چاوپێکەوتنەی لەسەر ئەم مەسەلەیە کراوە، خودی بەڕێز، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی، هۆکاری دەرکردنی ئەو بڕیارانە بۆ کاری چاکسازیی دەگەڕێنێتەوە، ئایا چاکسازیی بە خاترانە دەکرێت؟، ئەی ئەو بەڕێزە چی وەڵامی چاودێریی دارایی دەداتەوە؟و چۆن توانیی وتەکانی بەڕێوەبەری گشتیی بە ناڕاست دابنێت.

لەلایەکی تر دەڵێت: (بڕیاری سێیەم دەرکرا، ئەویش لەپاش سپاردنی من بەکاری دیکە وەکو چاککردنی ئاماری تەندروستی)، دیسان بەو بەڕێزە دەڵێم، لە چ بنەمایەکی ئیداریدا هەیە سێ شوێن بگۆڕدرێن لەبەر سپاردنی ئەرکێک بە فەرمانبەرێک کە دیسانەوە لە چاوپێکەوتنەکەدا، بـەڕێـز، بـەڕێـوەبـەری گشتیی فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی باسی ئەم لایەنەشی نەکردووە.

لێرەدا، ناچارم ئەم زانیارییانە بخەمە بەردەم رای گشتییو لێپرسراوانی ئیداریی شاری سلێمانی، بەپێی ئاماری فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی بۆ سـاڵـی(٢٠٠٨) ژمـارەی (١٦٤) مەڵبەندو بنکەی تەندروستیی دکتۆریان نییەو کارمەندی تەندروستی ئەو رۆڵە دەگێڕێت، بەڵام لەناوەندی شاری سلێمانی ئەوەندە دکتۆر زۆرە، ئەوەتا نەک دکتۆرێک، بەڵکو بەپلەی پسپۆڕیش رۆژێک دەکرێتە بەرپرسی راگەیاندنو رۆژێکی تر بە بەرپرسی ئامار، بەمەرجێک لەشکرێک لە پسپۆڕی راگەیاندنو ئامار چاوەڕێی دامەزراندن، یان دامـەزراونو بەرپرسیارێتییان نادرێتێ، ئایا گوناحی ئەو هەزارەها هاوڵاتییەی ئەو ناوچانە چییە کە دکتۆریان نییەو لەبەر خاتری خاتران، دکتۆرە پسپۆڕەکان دەکرێنە بەرپرسی راگەیاندنو ئامارو ژمێریاریی. سەیر لەوەدایە، هەمان بەڕێز کە لەکاتی دەوامی حکومیدا، کاری دکتۆریی ناکات، بەڵام ئێواران لە کەرتی تایبەت کاری دکتۆریی دەکات، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسای حکومەتو سەندیکایە.

پێنجەم:ئەم بەڕێزە،بە فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانیشەوە، ناوەستێتو خۆی دەکاتە زمانحاڵی وەزارەتی تەندروستیو سەبارەت بەوەی کە دکتۆر کاری راگەیاندن دەکات، دەڵێت: (کاکی خۆم، کاکە بێستون، لە هەولێرو دهۆکو کەرکوکو بەخودی وەزارەتیشەوە، ئەو پۆستە پزیشک بەڕێوەی دەبـات)، بـەڵام ژمـارەی ئەو بنکەو مەڵبەندە تەندروستییانەی دکتۆریان نییە (٥١٩)مەڵبەندو بنکەن، کەواتە پلانی وەزارەتی تەندروستی، بە چ مەبەستێک ئەو دکتۆرانەی لەکاری پیشەیی خۆیان لابردووە بۆ کاری راگەیاندن، کە دەبوایە لەیەکێک لەو شوێنانە هاوڵاتییانیان چارەسەر بکردایە، بۆیە پێویستە لیژنەی تەندروستیی پەرلەمان، لەم لایەنە بکۆڵێتەوە.

شـەشـەم: لـەبـواری نووسیندا، دارشتن ئاسانترە لەکاری رەخنەگرتن، ئەم بەڕێزەش کە پێشینەی نووسینی، دەبوایە لەکاری نووسیندا بەپێی پسپۆڕییەکەی لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بابەتی بنووسیایە، وەک کێشەی کۆچی ئەو خێزانو گەنجانەی هەرێم بۆ هەندەران، وەک کێشەی دابـڕانـی ئـەو خـێـزانو هاوسەرانە لەیەکترو کاریگەریی ئەم دیاردەیە لەسەر ئەو باوکو دایکانەی بۆ ماوەی دوور یەکتر نابینن کە پسپۆڕیی ئەم بەڕێزە زۆر نزیکە لەو کێشانە کە پسپۆڕی تەندروستیو کۆمەڵی هەیە، لەوەی نەزانانە هێرش بکاتە سەر خەڵکی تر.

# خوێندنو دیسان هاتنەوەی کێشەکان

**گۆڤە ئەحمەد دوڕەداوێی**

مافی هەموو هاوڵاتییەکە کە بخوێنێو خۆی لە کوێریی ژیان رزگار بکات. لەم کوردستانەی ئێمەدا، خوێندکاران بوونە نێچیری وەزارەتی پەروەردەو تاقیکردنەوەی نیشتمانیو بڕیاری سەیر لێرەدایە کە ئەم تاقیکردنەوەی نیشتمانییە ئەنجام دەدرێت. بەهەرحاڵ، بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە، زۆر دڵنیابن کە خوێندکار زەرەرمەند دەبێت، خوێندکارانمان خەمی خۆیانە، چونکە دەزانن کە کەس نییە خەمیان بخوات، جگە لەوەی مافەکانیان پشتگوێ دەخرێن، یان هەر گوێ لەداواکارییەکانیشیان ناگیرێتو بەداخەوە، رەنگە بێگانەیەک دڵسۆزتر بێتو سەیرە لامان، وەها بڕیارێک ئیجازەی تیا نییە، بۆچی؟ وا ئەگەر ئەو خوێندکارە کێشەیەکی هەبوو، یان نەخۆش بوو، یان بمرێت، ئەوا ئیجازەی ئەو دنیاشی بۆ ناکەن! بە بەڵگەی رەسمی پێتان دەڵێم، ئەوە رەوایە لە خوێندنگەیەکی ئەم سلێمانییەدا، هەر تەنیا لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی نیشتمانی ئەنجام نەدراوە، ئەوا لەهەر وانەیەکی وەرزی دووەم، دە نمرەو دوانزە نمرەیان لـێ شکاوەو لە کۆکردنەوەی نمرە شکاوەکان، چلو سـێ نمرە دەکات بە کوردی، چلو سـێ نمرەی لـێ شکاوە، بەخۆتان دەڵێم، ئەوە ماف پێشێلکردن نییە، ئەمە چ خزمەتێکە بەئێمەی دەکەن، لەهەمانکاتیشدا خۆتان دڵسۆز پیشان دەدەنو لە راستیدا واش نییە، تەنانەت هەندێک لە بەڕێوەبەرو مامۆستاکان، وایان پێباشە کە ئەم تاقیکردنەوەیە هەر ئەنجام نەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە خوێندکاران نارەزاییان هەیەو ئیمزاشیان کۆکردەوە، کەچی کەسێک نەبوو، ماندوونەبوونێکیان لێ بکات، جا چجای گوێگرتن. ئێوەی لێپرسراوانی پەروەردە، بیر لە کارێکی باشتر بکەنەوە بۆ خزمەتی خوێندکاران، هەر بڕیارێکی هەڵەی ئێوە، چەندان هەزار خوێندکار زەرەرمەندە دەبن لێی. داواکارین پیاچوونەوەیەک بەم بڕیارەدا بکەن، ئەگەر نا دێینە سەر شەقامو تا ئەم بڕیارە نەشکێت لەکاری خۆمان ناوەستین، با بەڵامەکانمان ببن بە وەڵام...

# (کلیل)ێک بۆ ئازادیی



پشکۆ ناکام

کێ دەڵێت، ئێمە ئازاد نین؟! ئەوە نییە سەرۆک دەڵێت: ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ؟ لەهەرێمدا؟ هەیە، لە کەم شوێنی دونیادا هەیە، کەواتە هەموو ئازادین، ئازادین لەوەی (ئەو) بەناوی هەموومانەوە قسە بکات.. سەرۆک ئازادە: کەواتە هەموو ئـازادیـن.. سـەرۆک توڕەیە لـــە (ئـــازاد)بوونمان،کەواتەهەمووتوڕەین.. سـەرۆک بەربووەتە سەروپۆتەڵاکی ئازادیی، کەواتە هەموومان بەربووینەتە سەروپۆتەڵاکی ئازادیی..

لەهەرێمەکەی موقەدەرات، بەلای سـەرۆکو سەرکردایەتییەکەیەوە، ئـازادیـی، بەتایبەتی ئـازادیـی قسەو بۆچوونو رادەربڕین، ئاوساوە، زیاد لە پێویست لە قەوارەی (ڕێگەپێدراو)ی دەرچــووە، ئێمە لەجیاتی قسەکردن (چەنە) لـێ دەدەین، لەجیاتی بۆچوون، (غـەزەب) دەردەبـڕیـن، ئێمە لەجیاتی رادەربڕین، سەرۆکو سەرکردایەتیمان! دەخەینە بـەردەم پرسیارەوە.. دیارە، ئێمە لە ئازادیی تێناگەین، بۆیە (ئەو) دەیەوێت بە داری (پێشمکەوە بۆ دادگا) ئازادیی بچێتەوە قاوغە ئەسلییەکەی خۆی، ئەو قاوغەی (ئـەو) دیزاینی بۆ داناوەو لەکارگەی حیزبەکەی ئەوەوە بەمەعدەنێکی زەرد دروست کراوە.. ئێمە پێش ئەوەی ئازاد بین لەبیرکردنەوەو دواتــر لـەدەربـڕیـن، دەبـێـت چاومان بخەینەگەڕ بۆ بینینی (خەتە سوورەکان) و بۆ زیاتر ئاشنابوون بە (لێکدانەوە حەرامەکان)و تێگەیشتن لە سنوورەکانی ئازادیی لەهەرێم، کە درکمان بەو سیانە کرد، ئیتر زمانمان خۆی دەزانێت چـی بڵێتو چی نەڵێت، کەواتە بیرکردنەوەمان بەستراوەتەوە بەبینینی ئەو (تابلۆ)یانەی دەسەڵات بۆی داناوین، ئەی کە چاومان کزبوو، چی بکەین!! رۆژێک بـێ توانای (بینین)مان نەما، دەبێت لەخۆمانەوە (بیرنەکەینەوە)و هیچ نەڵێین، چونکە تابلۆی (مـحـرمـات)ەکـەی دەسـەڵات نابینین.

سەردەمانی رابــردوو، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین (ئـێـمـەش) بـە ئـازادیـی لەدایکبووینو بەرگریی لەو ئازادییە، ڕێگەی بەرگریمان هەڵدەبژارد، ئەی ئێستا کە ئەویستریێ، هەست بە ئازادیی پێشو دوای لەدایکبوونمان نەکەین، جگە لە وشەو داڕشتنو بەرگریکردن لەرێی بیرکردنەوەی ئازادانە، چی دیکە شک نابەین، کە ئەم مافەشمان لـێ زەوت بکرێت، رێگەی دیکەمان لەبەردەمە، ئەویش ملکەچ نەکردنە بۆ (ئەمری واقیع)، رێگەنەدانە بەسەروپۆتەڵاک کوتانی ئازادیی، چونکە سەروپۆتەڵاکی ئێمە لەپێش هەموو کەسەوە بەردەکەوێت..

رەنگە (ئـەو)و دەسـەڵات وا بزانن ئەو ئازادییەی هەیە، خێرو بەرەکەتی ئەوانەو لەتورەکەی ئەوقافی ئەوانەوە بەر ئێمە کەوتووە، نازانن ئازادیی کەس وەک کەسو ئازادیی بیرکردنەوە وەک (ئەقڵ)، لەگەڵ پەیدابوونی یەکەم کەسی ئەم دونیایەدا هاتووەتە کایەوە، هەرچی شەڕو جەنگو کوشتو کوشتاری مێژوو هەیە، نەیانتوانیوە ئەو ئازادییە بنبڕ بکەن، تۆ بڵێیت، دەسەڵاتەکەی لەمەڕ خۆمان، بتوانێت بچێت بەگژ هەموو مێژووداو پێناسەیەکی تازە بۆ ئەقڵو بیرکردنەوەو دەربڕین دابڕێژێت؟!!

هــەر دەسـەڵاتـێـک کـە (خـۆی) ناسی، هیچ باکی نییە لەناووناتۆرە، چونکە (خۆناسین) زۆرجـار باشترین (بەرگریکردنە لەخۆ)، بەڵام دەسەڵاتێک خۆی قــەوارە بۆ خۆی دانێت، خۆی سەروسیمای خۆی ئارایشت بکات، خۆی دوور لەیاسا بسەپێنێت، خۆی (نمرە) بۆ خۆی دانێت، ترسی لەهەموو بیرکردنەوەیەکی (غەیرە) خۆی دەبێت، هێرشکردنەسەر ئەو (چەنەبازانەی) لـەو (غەیرە)یە کۆبوونەتەوە، جگە قووڵبوونەوەی بیرکردنەوەی ئازادانە، بەرهەمێکی دیکە نابێت، وەک چۆن (خەتە سوورەکان) ئەقڵمان داناخەن، (چـاوسـوورکـردنـەوە)ش پـەڕەی نووسینەوەی بیرکردنەوەکانمان پـێ نادڕێنێت..

لەوانەیە دەسەڵات بتوانێت، زۆربەمان بەتۆمەتی (چەنەبازی) زیندان بکات، ئەی چ دەرگایەک بۆ بیرکردنەوەمان دادەنێتو بەکام (کلیل) ئەو دەرگایە دابخات؟ ئەگەر دەسـەڵاتو ئەوانەی بۆ تێگەیشتن لە ئازادیی وتەو نووسین، هێشتا لە (**محو الامیة**)ن، بۆیان بکرایە چۆن لەهەرێم کارەبا هەیە، ئـاواش (ئازادیی ئەقڵو بیرکردنەوە) هەبووایەو رۆژی لەچەند سەعاتێک بـەولاوە زیاتر (ئـازادیـی) نەبوایە، کە ئـەوەش سـەری نەگرت، بەیەکجاریی کارەباکە بکوژێننەوە، بەڵام پێش (ئادیسۆن)یش بیرکردنەوەی ئازادو ئازادیی نووسین هەر هەبووە...

# پارتی دەیەوێت بە تیرێک، چەند نیشان بشکێنێت؟



هادی ئەکرەم

ماوەیەکە پارتی دیموکراتی کوردستان، چەند سکاڵایەکی لەسەر رۆژنامەکانی هاوڵاتیو ئاوێنەو رۆژنامەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی لڤینو فشارو رێگامەگەزینو چەندین نووسەرو رۆژنامەنووس تۆمار کردووە، هاوکات بێئەوەی ئەنجامی سکاڵاکان یەکلایی بێتەوە غرامەکەشی بۆ دیاری کردوون، ئەگەرچی سکاڵای تێدایە بەپێی یاسا ماوەکەی بەسەرچووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە؛ ئایا هەر پارتی بابەتی لەسەر نووسراوە؟! بێگومان نووسینی زۆر هەیە لەسەر حیزبەکانو دەسەڵاتدارە سیاسییو حکومییەکانی تر بۆ ئەوان سکاڵای یاساییان تۆمار نەکردووە؟ بۆیە دەتوانین بڵێین؛ پارتی دیموکراتی کوردستان، لەپاڵ سکاڵاکان ئەم ئامانجانەی هەیە:-

١- بێدەنگکردنی ئازادیخوازانو بڕوا نەبوون بە دیموکراتییەت، لەکاتێکدا ئازادیی رادەربڕین گرنگترین مافی تاکەکانە، تاک ئـازاد نەبێت گەلیش ئازاد نییە، ناکرێت حیزبو تاقمێک بە هەر بیانوویەک بێت ئازادیی سنووردار بکەنو زەوتی بکەن، (تۆماس هۆبز) دەڵێت: (مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری مافی بەرەنگاریکردن بێت، کاتێک بەهێز رووبەڕووی دەبنەوە بۆ ئەوەی ژیانی لێ بسێنن).

تاک کاتێک ملکەچی هێزێک دەبێت، ئەو هێزەش یاسایەک بێت بێ جیاوازیی بۆ هەمووان بێتو مافەکانی تێدا پارێزراوبێت.

کوردستان کاتێک ئازادبوو، گەل زۆر دڵخۆش بوو، چونکە لەو بڕوایەدا بوو جارێکی تر تووشی کوشتنو برینو زیندانیی نابێتو مافەکانی بۆ گەڕاوەتەوە، بەڵام کاتێک دەسەڵاتی کوردی دروست بوو، مافە گشتییەکانو ئەخلاقییەکان درا بە ئەوان بۆ ئەوەی پارێزگاریی لێ بکەن، زۆر بەداخەوە لەپێناو ململانێی دەسەڵاتو چاوبڕینە سەروەتو سامانی کوردستان شەڕی براکوژییان بەسەر گەلەکەمان هێناو هەزاران کـوژراوو ماڵوێرانیی لێ کەوتەوە، ئەی کێ سکاڵا لە دژی ئەوان تۆمار بکات؟ دەیانەوێت بە داوای لێبووردنێک جەماوەر سکاڵای نەبێت، بەوەشەوە نەوەستان دەست بەسەر سەروەتو سامانی گەلدا گیراوە لەمەشدا کێ سزابدرێتو داوای هەقی گەل لە کێ بکرێت؟ بۆ ئەوەی نهێنییە شاراوەکان قسەی لەسەر نەکرێتو دەیانەوێت ئازادیی قسەکردن بە چەک وەڵام بدرێتەوە، بێدەنگبوون لەسەر مافە ئازادییەکان توندڕەویی بەرهەم دێنێت، دواتر پەل دەکێشێت بۆ کوشتنو تیرۆرکردنو سڕینەوەی بەرامبەر، لێرەدا دیموکراسی بوونی نامێنێتو ئازادییەک بە خوێن بەرهەم هاتبێت، بە تیرۆرو ترساندن نافەوتێت.

٢-ترساندنی رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسانو خوێنەرانی:

یەکێک لە ئامانجەکانی تری پارتی دەیەوێت، نووکی قەڵەمەکان بشکێنێت، چونکە لێدانو کوشتنو گرتن زیاتر وەزعەکان دەشێوێنێت، بۆیە دەیانەوێت لە ڕێگەی یاسایەکی کۆنەوە باری دارایی سەر رۆژنامەکان قورس بکەنو زەنگێک بێت بۆ رۆژنامەکانی ترو نووسەرانی دیکە.

٣-ئامانجێکی تر هەوڵدانە بۆ ئەوەی یاساکان بەتایبەتی یاسای رۆژنامەگەریی گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆیان بگونجێت حساب نەکردن بۆ یاسای رۆژنامەوانی ژمـارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)و گەڕانەوە بۆ یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) ئەمە کارەساتە هەق وایە یاساناسان هەڵوێستیان هەبێت هاوکات ئەو یاسایە لەلایەن نوێنەرانی گەلەوە، کە پەرلـەمانی کوردسـتانە دانـراوە حساب نەکردنە بۆ ئەوانو سەرۆکی هەرێمیش پێویستە رێز لە واژۆی خۆی بگرێت، بۆیە ناکرێت قبووڵ بکرێت کۆمەڵێکی سیاسیی کۆمەڵگە لە بازنەیەکی بچووکدا کۆبکەنەوەو بە ئارەزووی خۆیان کام یاسا لە بەرژەوەندیی خۆیان بێت کاری پێ بکەن،

هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی پێگەی جەماوەریی:

ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو پەرلەمانی عێراق پارتی ڕێژەی کورسییەکانی زیاترە، بەڵام ئەگەر بەراوردی دەنگەکان بکرێت لە چەند شوێنێک دەنگی کەمی هێناوە بەتایبەتی لە شاری کەرکوکو سلێمانیو چەند قەزاو ناحیەیەک لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنەکان کەموکورتی زۆری تێدابوو.

٥- پارتی لە مانگی ٢٠١٠/١١دا کۆنگرەی (١٣) دەبەستێت، ئامانجی لەمەدا زەنگێکە بۆ کادیرەکانی خۆیو پێیاندەڵێت؛ پارتی هەموو ئیجرائاتێک دەکات هەوڵ بدەن بۆ گۆڕانکاریی، دەبێت بەپێی ئەو بەرنامەو یاسایەی دانراوە بەوشێوەیە دەنگ بدەن، هاوکات مەبەستێکی تر لە کۆنگرە گلەیی کەسانی تر توندڕەو ببڕن، کە پارتی بێدەنگ نابێت لە ئاست ئەو کەسانەی دژی پارتی قسە دەکەن، بۆیە پارتی دەیەوێت بە تیرێک چەندین نیشانە بشکێنێت.

# سەرۆک بە باوەشێک دیموکراسی بێرەوە

هێمن مامەند

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناوە ناوە سەفەری وڵاتان دەکات، بەڵام مەگەر لە میدیا بیانییەکان ئەگینا کەس نازانێـت بۆچیو کەی سەفەر دەکات، ئەو هەموو جار سەفەر دەکات بێ ئەوەی پرسە خەسوانەیەک بە پەرلەمانو گەلەکەی بکات، تەنیا لە دوایین سەفەری نەبێـت کە بۆ وڵاتی تورکیا ئەنجامیدا هاتە پەرلەمانو بە پەرلەمانی وت؛ سەفەر بۆ تورکیا دەکەم، وەلێ ئەفسوس ئەمجارەشی کە هاتە پەرلەمان جێگەی دلخۆشی ئۆپۆزسیۆنو رۆژنامەنووسان نەبوو، چونکە تا تەواوبوونی دانیشتنەکە ئێمەیان لە بەردەم دەرگای پەرلەمان راگرتو نەیانهێشت بچینە ژوورەوە تا تەواوبوونی دانیشتنەکە، ئینجا وتیان؛ سەرۆک رۆیشتو وەک بڵێی گاڵتەیان بە ئێمە کردبێت، جگە لەمەش فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بەتایبەتی فراکسیۆنی گۆڕان بەیاننامەیان دەرکردو وتەکانی سەرۆکیان بە هەڕەشە لە خۆیانیان زانی.

با لەمە گەڕێینو بێینە سەر دوایین سەردانی سەرۆکی هەرێم، کە دوای ئەوەی گەیشتە رۆمای پایتەخت ئینجا زانیمان کە سەرۆک بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفراسی دیموکراسی سەردانی رۆمای پایتەختی وڵاتی ئیتاڵیای کردووە، لە هەمووشی سەیرتر وتارەکەی سەرۆک بوو کە لە کۆنگرەی دیموکراسیخوازان لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا پێشکەشی کرد، لە وتەکەیدا سەرۆک وتی: «پەندێکی دێرین هەیە دەڵێت: کەسێک ناتوانێت هەست بە ئارامیی بکات، ئەگەر کەسێکی دیکە مەترسیی لەسەر بێت)، کەواتە دەبێت ئاسایشو ئۆقرەیی بۆ هەمووان دەستەبەر بکەین، ئاسایشو ئۆقرەیش بەبێ بوونی ئازادییو دیموکراسییەت، بەبێ بوونی توانست بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکانمانو لێپێچینەوە لێیان، هیچ واتایەکی نامێنێت».

ئەمانەی سەرەوە وتەی سەرۆک بوون، لەژێر رۆشنایی ئەو وتانەی سەرۆک، من دەپرسم؛ بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئەی چۆن دەکرێت لە سایەی حوکمڕانیی ئێوە رۆژنامەنووسان مەترسییان لەسەر بێتو بە نوێژی نیوەڕۆ تیرۆر بکرێنو دواتریش بوختانیان بۆ دروست بکرێت، تۆ وتت؛ بەبێ بوونی ئازادییو دیموکراسییەت، بەبێ بوونی توانست بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکانمانو لێپێچینەوە لێیان، ئازادیی هیچ واتایەکی نامێنێت، بەڵام ئەی بۆ نەتوت لە هەرێمەکەی ئێمە لەپێناو ئازادیی رادەربڕین، حیزبەکەم بە دەیان سکاڵای تۆمار کردووەو دەمانەوێت میدیا ئەهلییەکان ئیفلاس بکەینو دایان بخەین.

سەرۆک، دیموکراسی واتە حکومی گەل، بەڵام ئەو دەمانەی کە تۆ لێرە نەبوویت بەرپرسانی هەرێمەکەت گەورەترین تۆمەتباری ئەو هەرێمەیان رزگار کرد، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ حکومی گەلو گوێ لە گەل بگرن، هیوادارم کە گەڕایتەوە لەو بەرپرسانە بپێچیتەوە، کە بۆچی هێشتیان قاسم ئاغای کۆیە را بکاتو چۆن رزگاری بوو؟!

بە هەرحاڵ سەرۆکی بەڕێز هیوادارم ئەمجارە کە لە کۆنفراسی دیموکراسی گەڕایتەوە باوەشێک دیموکراسیمان بۆبێنیتەوە کە هاتییەوە سکاڵاکانی حیزبەکەت بکێشیتەوەو لە داوای غەرامە خەیالییەکان گەڕێن، هیوادارم کە گەڕایتەوە بە سەرۆکی پەرلەمان بڵێیت؛ با رۆژنامەنووسان بە ئازادیی بێنە ناو هۆڵی پەرلەمانو رووماڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەن، پێشی بڵێ با لە بەرپرسە گەندەڵەکان بپێچنەوە بە ئازادانە بانگهێشتی پەرلەمانیان بکەن، هیوادارم ئەمجارە کە گەڕایتەوە تۆش پشتگیریی لە کەمپەینی ئازادیی رادەربڕین بکەیتو چیتر ڕێگە نەدرێت لەسەر وشە رۆژنامەنووسەکان تیرۆر بکرێن.



لە پەرلەمانەوە

کاردۆ محەممەد

# لۆژیکی زۆرینە

هەلومەرجی سیاسیی هەرێم بە دۆخێکی هەستیاردا دەگوزەرێ. لەبەردەم ملەی دوو رەوتدایە بۆ دیاریکردنو داڕشتنی ئایندەی سیاسیی هەرێمو چۆنێتی سیستمەکەی، کە ئایا سیستمێکی کراوەو دیموکراسییە، دەتوانێ زامنی پێکەوەژیان بکات یان هەنگاونانە بەرەو سەپاندنی عەقڵییەتێک، بە ئاراستەی کۆنترۆڵکردنی سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێم.

ئەوەی ئەمڕۆ لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت پێکهێنانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنە. رەوتێک کار بە لۆژیکی زۆرینە دەکات، وەک میکانیزمێک لەناو پەرلەماندا بۆ تێپەڕاندنی هەموو ئەو پرۆژەیاساو بڕیارانەی کە ویستی سیاسیی زۆرینە دەیچەسپێنێ. ئەمەش بەخۆبەستنەوە بە پێناسە تەقلیدییەکەی دیموکراسییەت بە واتای حوکمی زۆرینە، کە لە راستیدا ناساندنێکی نیوەناچڵو ناتەواوە لەمەڕ دیموکراسییەت. چونکە ئەمە تەنیا بینینی دیوێکی دیموکراسییەتە، دیوەکەی تری دیموکراسییەت، واتە دەستەبەرکردنو پاراستنی مافی کەمینە. ئەگەر سەیری عێراق بکەینو ئەو لۆژیکە بخەینەکار، پێگەی کورد وەکو نەتەوەی دووەم پارێزراو نابێت، هەمیشە لەبەرامبەر زۆرینەدا مافەکانی پێشێل دەکرێت. ئەم لۆژیکە بۆ ئاینزاو پێکهاتەکانی تریش هەروایە، لەکاتێکدا بە دەستوورو یاساش مافیان پارێزراوە.

لە هەرێمی کوردستانیشدا بۆ کەمینەی سیاسیی هەر یاساو بڕیارێک ئامانجی وەلانانی کەمینە بێت لە سیستمی سیاسیی، پێویستە ڕێگری لێ بکرێتو نەگەڕێینەوە بۆ ئەو لۆژیکەی، کە شەڕی ناوخۆی پێ ئەنجامدرا، ئەگەر وابێ بە بەردەوامیی زۆرینەی (٥١) دەتوانێ (٤٩) لە هاوکێشەکە بکاتە دەرەوە، ئەندێشمەندی گەورە ئالان تۆرین باس لەوە دەکات چەند مەترسیدارە دیموکراسییەت کورت بکەینەوە بۆ حوکمی زۆرینە. ستەمی زۆرینە هیچی کەمتر نییە لە کەمینە، بۆ نموونە ئەگەر یەک کەس (٩٩) کەس بچەوسێنێتەوە، یان (٩٩) کەس (١) کەس بچەوسێنێتەوە. ستەمی کامیان جوامێریی تێدایە.

بۆیە گەوهەری دیموکراسییەت خۆی لە رێزدانان بۆ مافی کەمینە دەبینێتەوە. پێداگیریی ئۆپۆزسیۆن لە شێوازی دانانی دەستەی هەڵبژاردن کارکردنە بەم لۆژیکە، نـەک حوکمی زۆریـنـە، دەستەیەک کە بایەخێکی گەورەی دەبێت لە رێکخستنی پەیوەندیی نێوان هێزەکانو گرەنتیو دڵنیایی دەبەخشێتە ئۆپۆزسیۆن بۆ مانەوەو پێکەوەژیانو کارکردنی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، بە پێوەری کارکردن بە عەقڵی زۆرینە، سەرەڕای هەوڵدان بە ئاراستەی پەراوێزخستنی ئۆپۆزسیۆن، هەوڵدانێکی نادیموکراسییانەشە بە ئاراستەی سستکردنی بەشدارییو رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا، بـەم شێوەیە ئەمە تەنیا کەمینە نییە زەرەرمەند دەبێت، بەڵکو تێکڕای پرۆسەی سیاسیی وڵاتو بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتییانیش دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی پێوەری زۆرینەو کەمینەوە. هەرچەندە لە کوردستاندا کەمینە سەنگو کاریگەرییەکی گــەورەی هەیەو بە بەشدارینەکردنی لاسەنگی دەخاتە هەر دامـەزراوێـک کە دروستدەکرێت. لەم پێناوەدا هەوڵێکی جدیی هەیە بۆ پەسندنەکردنی ئەم یاسایە بە لۆژیکی حوکمی زۆرینە، چونکە عەقڵمەندان دەزانن نەتەوەکەمان چ زەرەرێکی لێ دەکاو چۆن پرۆسەی دیموکراسیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر: ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری
شـــاخـەوان ئەنوەر
٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦
shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤



نەبەز گۆران دەینووسێت

قەڵەمی ژەنەراڵێک

# دانیشتن لەگەڵ کێدا؟

رەنگە لەناو گۆراندا بیرکردنەوە دروست ببێت بۆ دانیشتن لەگەڵ هێزە سیاسییەکان. دانیشتن، بەو مانایەی لێکنزیکبوونەوەو تێگەیشتن لە پرۆژەکان، بیانگەیەنێتە ئاستێک کە بۆ گۆڕانیش رەوایە بیر لەشتێکی لەوجۆرە بکاتەوە. خۆ ناکرێت خۆی بخاتە ناو بازنەیەکی بچووکەوەو هەمیشە لەسەر فشار بووەستێتو دوو هێزی گەورەش پێچەوانەی فشارەکانی ئەو، بەردەوام بن لەکارەکانی خۆیان، وەلێ گرنگە گۆڕان هەرچییەک بکات، ئەو مانایەی ئێستا هەیەتی لەدەستی نەدات، هەر دانیشتنێکیش بکات لەگەڵ هەر هێزێک، لەوخاڵەوە دەستپێبکات کە پرۆژەی گۆڕینی هەیە، چونکە برێک لە دەنگەکان، هەموو دانیشتنێک لەگەڵ پارتیو یەکێتی، بە شەراکەت دەزانن لەو خراپەکارییانەی ئەوان دەیکەنو برێکیش پێیان وایە، نزیکبوونەوە لە یەکێک لەو هێزانە، دەرگاکان فراوانتردەکات، تا ئۆپۆزسیۆن باڵەکانی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر گۆڕان دانیشتنیشی نەکرد، دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە لۆبییەکی بەهێز لەناو یەکێک لەو دوو حیزبەدا بۆخۆی دروست بکاتو بیکاتە پاڵپشتێک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی چاککردنی ئەم هەرێمە.

ئەگەر بیر لە دانیشتن کرایەوە، دەبێت گۆڕان لەگەڵ کێ دابنیشێت؟ کام هێزە، گۆڕان دەتوانێت لێیەوە بچێتە نـاو ئـەو جیهانەی بەتەمایە بیخولقێنێت؟ پارتی، یان یەکێتی؟ هەر دانیشتنێک لەگەڵ پارتی، گورزێکە بۆسەر گۆڕانو ئازادیی، نابێت بیر لەوە بکرێتەوە کە یەکێتی لە ئاستێکی لاوازدایەو پێویست ناکات لەگەڵی دابنیشێتو هەڵیسێنێتەوە، چونکە مەترسیی لەسەر هەموو پنتەکانی ژیان، یەکێتی نییە، پارتییەو پارتیش بەسروشتی خۆی لەگەڵ هەر هێزێکی دەرەوەی خۆی رێککەوتنی کردبێت، خنکاندوویەتی، ئەگەر بە نموونە حیزبە کوردییەکانی خۆمان وەرگرین، لەوە حالی دەبین کە پارتی ئەو هێزەیە لەرێگەی رێککەوتنەوە گەشە دەکاتو باڵی خۆی بەسەر هاوپەیمانەکەیدا دەکێشێت، ئەمەش لەحیکمەتەوە نییە، بەڵکو ئەو پایانەی کە پارتی لەسەری دەژی، لە بنەڕەتدا دژی ئەو پایانەن کە حیزبە هاوپەیمانەکانی لەسەری وەستاون، پایەکانی ئەو، چونکە رەگوریشەیان هەیە لەناو کۆمەڵگەیەکی بەجێماو، توانای فراوانترە بۆ خۆخزاندنە ناو درزەکانەوەو ئەو حیزبە، هێزێکیشە لەرێگەی ترسو خانەکانی کۆمەڵگەو بەناوکردنی شتەکان بۆخۆی، دێتەناوەوە، ئاستی تێگەیشتنیش لەو باڵایەدا نییە، خەڵکەکە دیوە خراپو باشەکان لێکجیابکاتەوە، هەرئەمەشە بووەتە هۆی وەشاندنی گورزەکانی لەو حیزبانەی کە لێیەوە نزیکن. دەکرێت بڵێین، لەکاتی دانوستاندن لەگەڵ ئەو حیزبە، دەبێت بیر لەوەبکرێتەوە کە حیزبێکە وەک ئاگر وایە، تا لێی نزیک بیت، زیاتر دەتسووتێنێت، لەم کاتەشدا نزیکبوونەوە لەئەو حیزبە، مانای لەدەستدانی زۆربەی ئەو ئیمانەیە کە گۆڕان هەڵیگرتووە، نابێت وا بیر بکرێتەوە، ئەگەر نزیکبوونەوە لەو حیزبە روویدا، دەتوانی بچیتە ناوچەکانی ئەو حیزبە، نەخێر، ئەو حیزبە هەرگیز دۆستایەتی راستەقینە نـاکـات، بەڵکو بـەرژەوەنـدیـی راستەقینەی خۆی لەکوێ بێت، لەوێدایە.

ئەو تەفسیرەی کە بۆ پارتی هەیە لەسەر رێککەوتن، ئەو تەفسیرە بۆ یەکێتی نییە. یەکێتی، هێزکی مەترسیدار نییە لەسەر ئازادییە گشتییەکان. یەکێتی هێزێکە تووشی شەلەل بووە، بۆیە برێکجار بۆ هەڵسانەوەی خۆی، چەمۆڵەیەک دەوەشێنێتو مەبدەئییەن ئەم حیزبە لەگەڵ «جیاوازییەکانی ناو خۆشی» ناکۆک نییە لەسەر پرۆژەی ئازادییو چاککردنی سیستەم، بەڵام لەحاڵێکی وا خراپدا دەیگوزەرێنێتو کەوتووەتە ناو هەمان دۆخی پارتییەوە، بۆیە دەکرێت، یەکێتی دەرگـای یەکەم بێت، بەڵام دەرگای دووەم نییە. ئێمە نالێین، لەم حاڵەتەدا گۆڕان بیر لە رێککەوتن بکاتەوە، بەڵام دەڵێین، بۆ گـۆڕان گرنگە لەرێگەی کارەکتەرەکانی خۆیەوە لۆبییەک لەناو یەکێتی دروست بکات بۆ پشتگیریکردنو چاککردنی دۆخی هەرێم، ئەویش ئەگەر تاڵەبانی بهێڵێتو لەبەر خۆیو پارتی، رێگر نەبێت لەم حاڵەتە کە دڵنیاین رێگرە ئەگەر شتێکی لەو جۆرە روویـدات، مەگەر لەبەغدا نەمێنێت، تا ئەم رێگرییەی تاڵەبانی، کۆتایی بێت.

# تێڕامانێک لە ئازادیی بیرو را دەربڕین



سەردار عەزیز

بـیـرو را چـیـیـە؟ رەنـگـە مـانـای رووکەشی ئەم دوو زاراوەیـە، لە یەکەم بەرکەوتەدا روونو ئاشکرابێت، بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین، بڕۆینە پشت ئەم رووکەشیەتەوە، بۆئەوەی ئەم دوو زاراوەیە بارگاویکەین بە مانای تر، نەک جودا لە مانای خۆی، بەڵکو تۆخترو قووڵتر. ئەم کردەیە لە زمانی کوردیدا دەگمەنە، چونکە بیرکردنەوەی کوردی لە نێو زمانی کوردیدا روونادات، بەڵکو تەنها لە رێگای زمانی کوردییەوە دەردەبڕدرێت. جیاوازیی گەورە هەیە لە نێوان ئەم دوانەدا، بۆیە لێرەدا دەستپێکردنمان لە مانای وشەکەوە، یان دوو وشەکەوە، لەمیانەی هەوڵدانمان بۆ دارشتنی بنەمایەک، تا لە ئەنجامدا بتوانین وەک دوو چەمک کاریان لە سەربکەینو لە رێگای ئەم بەچەمککردنەوەوە، ئێمە دەتوانین جۆرێک لە پۆلێنکردنو رێکخستن بدەینە ئەو پشێوییەی کە لە بوارەکەدا هەیە، ئەمە دیدێکی دۆلۆزییانەیە بۆ چەمک دارشتن.

با لە وشەی بیرەوە دەست پێبکەین، من لە جێگایەکی تردا بە کورتی کارم لەسەر ئەم زاراوەیە کردووە، لە داهاتوودا زیاتر پەرەی پێدەدەم، لێرەدا بۆ مەبەستی ئەم وتـارە، بەکورتی لەسەری دەوەستین. بیر، کردەیەکی تاکانەی مرۆڤە کە لەرێگا ئەندێشەو خەیاڵو زمانەوە، خود لەگەڵ خودا ئەنجامی دەدات، وشەی بیر هەروەها بەمانای بیر-هەڵکەندن دێت کە پرۆسەیەکە پشکنینو گەڕانو هەڵکۆڵینی تیادایە بۆ گەیشتن بەئاو، یان ئەنجام، بەڵام پرۆسەی بیرکردنەوە هەوڵدانە بۆ تێگەیشن لە خود، لە دەوروبەر، لە ئەوانی تر، لەپەیوەندیی ئەمانە بە یەکترەوە، لە جێگاو شوێنی خود، لە هەمانکاتدا لە میانەی ئەمانەدا، هەوڵدانە بۆ دارشتنو پلانداڕان بۆ مانەوەو دەستەبەرکردنی ژیان. کەواتە، بیر، یان بیرکردنەوە، ئەو هەوڵدانە تیۆرییانەیە کە تاکێک پێی هەڵدەستێ بە مەیسەرکردنی ژیانی، بەڵام ئەمە چ پەیوەندییەکی بە راو بۆچوونەوە هەیە. راو بۆچوون بریتین لەو پرۆسەیە کە بیر، بیری تاک، تیایا خۆی دەخاتە نێو پرۆسەی زمانەوە. بە شێوازێکی تر، راو بۆچوون بریتییە لە پرۆسەی بە زمان-بوونی بیرو ئەم گۆڕینە لە بیرەوە بۆ زمان، کردەیەکی ئاسان نییە (بە تایبەت بۆ تاکی کورد). لە بەر چەند هۆیەک. یەک: زمان هەمیشە تەلیسماوییو ئـالـۆزە، بۆ برێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگاو بە ئاسانی دەستەبەرو دەستەمۆ ناکرێت. زۆر کەمن ئەوانەی کە بەباشی دەتوانن بیرو رای خۆیان لە نێو زماندا پاراوانە دەربڕنو ئەم هەژارییەی زمان لە کۆمەڵگای ئێمەدا کۆمەڵێک هۆکاری زۆری هەیە. لەوانە: نەخوێندنەوەی تاکەکان، هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنو چەپاندنیان لەلایەن دەزگا زۆرەکانی کۆمەڵگاوە، وەک خێزان، مزگەوت، بەداخەوە قوتابخانە، ئینجا کۆمەڵگاو لە سەرووی هەموویەوە شێوازی دەسەڵات.

دوو: تـاک لـە کۆمەڵگای ئێمەدا، دەترسێت لەوەی کە رای خۆی هەبێت. دەترسێت، چونکە ئەو وەها گەورەبووە کە هەمیشە لەگەڵ ئەوانی تردابێت، دەربڕینی بیرو را رەنگە تاک بکاتە کەسێکی تەرا. تەرا، زاراوەیەکە لە مەڕداریدا بەکاردێت بۆ ئەو مەڕەی کە لەوانی تر براوە، یان دوور کەوتووەتەوە. هەروەها ئەم زاراوە کوردییە، وەها بەکاردێت کە مانای ونبوون بدات، بۆیە لە ئاگایی گشتیی کۆمەڵگادا جیابوونەوە لەوانی تر، هەبوونی رای جیاواز، وەک جۆرێک لە ونبوون، یان تەنهابوون دەبینرێت.

هۆکاری سێیەم کە درێـژە پێدانی هۆکاری دووەمە، نەبوونی سەربەخۆیی تاکە، ئەوەی کە میانەی پرۆسەی مۆدێرنەی رۆژئاوادا هاتووەتە کایەوە. ئەم تاکبوونە هەمیشە باش نییە، بەڵام سەربەخۆییەک بە تاکەکان دەبەخشێت کە وەهایان لێبکات، داکۆکی لە بیرو رای خۆیان بکەنو سڵ نەکەنەوە، ئەوە ئەنجامدەن کە کانت داوایان لێدەکات لە میانەی وەڵامـی بۆ چییەتی رۆشنگەریی، کە کرداری بوێری-یە.

ئەمانە هەموویان پێکەوە مرۆڤەکان وەها هەڵدەخەڵەتێنن کە کەسێکی بێدەنگو ژێرو هەمیشە لەگەڵ ئەوانی تردابێت. ئەگەر ئەمە رووی نەدا، ئەوا توندوتیژیی لێ بەرهەم دێـت، ئەم توندوتیژییە لە ئەنجامی نەبوونی توانایە بۆ دەربڕین، بۆ پەیوەندیکردن، بۆ بەکاربردنی زمان.

کەواتە، بیرو را پێکەوە بریتین لە بیری خودو هەوڵدان بۆ دەربڕینی لەگەڵ ئەوی تردا، لە نێو کۆمەڵگادا، لە بواری گشتیدا، یـان بە کورتی پۆلس لە زمانی کۆنی یۆنانیدا، بۆیە بەکاربردنی زمان، هەر لە ئەرستۆوە وەک کردەیەکی سیاسییو بـە کـۆمـەڵایـەتیبوون لـێـکـدراوەتـەوە. کـەواتـە، هەبوونی بیرو را، هەبوونی توانای دەربڕینی بیرو را دەبێتە هۆی بە سیاسیبوونی مرۆڤ. ئایا بە سیاسیبوون، یانی چی؟ لە کۆندا سیاسەت کردەیەک بوو لە تەنیشت کردارەکانی ترەوە. کەواتە، مرۆڤ ئازادیی هەبوو لەوەی کە سیاسیی بێت یان ناسیاسیی، بەڵام وەک فۆکۆ لە کتێبی مێژووی سێکچوالینی بەرگی یەکەمدا پێمان دەڵێت، چی دی واقیعەکە وەها نییە. سیاسیبوون، ژیان خۆیەتی. لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا گرنگ نییە، چۆن دەتەوێت بژیت، ناتوانی لە دەرەوەی سیاسەت بیت، بەڵام ئێمە دەبێت بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم سیاسیبوونەدا بکەین. جوداییەکی گەورە هەیە لە نێوان ژیانێک کە سیاسیکرابێتو ژیانێک کە لـەلایـەن تـاکـەوە خـۆی بە سیاسیکرابێت. کاتێک تاک خۆی ژیانی خۆی بە سیاسیی دەکات بەپێی سیاسەتی خۆی، کەواتە دەکەوێتە جۆرێک لە بەرگرییەوە بەرامبەر ئەو سیاسیکردنە کە لەلایەن دەسەڵات، یان دەوڵەتەوە بەرێوەدەبرێت. کەواتە، کاتێک کەسێک دەخوازێت ژیانێک بژی کە لەلایەن خۆیەوە ناسیاسییە، ئەوا لە ئەنجامدا دەبێتە قوربانیی، یان ئامرازی ژیانە بە سیاسیکراوەکە، بەڵام کاتێک کەسێک کە خۆی دەیەوێت ژیانی سیاسیی بکات، ئەوا بەرگریی دەکات لە ژیانی بە سیاسیکراوی لەلایەن دەسەڵاتەوە. ژیانی بەسیاسیکراو لەلایەن دەسەڵاتەوە، ژیانێکە لە سەر چەمکی وەک خۆشیی، چێژ، توانا، عیشق، بێدەنگی بونیاد دەنرێت، بەڵام ژیانی بە سیاسیکراوە لەلایەن خودەوە، ژیانێکە کە لە سەر زمـانو ئاگاییو دەربڕینو پەیوەندیی بیرکردنەوەو سەربەخۆیی خود بونیادنراوەو دیارە ئەمە پێویستی بە لێکدانەوەی زیاترە، چۆن چەمکێکی وەک عەشق، یان خۆشەویستی لە دونیا سیاسەتدا، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی درندەیی.

ئەوەی من دەمەوێت بە کورتی ئاماژەی پێبدەم، لە میانەی قسەکردن لەسەر ئەم دوو چەمکە، شێوانی کۆنترۆڵکردنی تاکەکانە لەلایەن دەسەڵاتەوە. لێرەدا دوو چەمک دەکەینە ئامانج، یەکەم، ترس، ئەوی تریان بیرو را. لای ماکیاڤیللی ترس وەک یەکێک لە شێوازە گرنگەکانی رامکردنی خەڵک بینراوە. بەڵام لەدونیای ئەمڕۆدا، ئەم چەمکە هەرچەندە بە کاردێت، بەڵام بە تەنها بەس نییە، بۆیە ئەم پرسیارەی، ئایا چۆن خەڵکی ملکەچ دەبن بۆ دەسەڵات، هەمیشە وەک مەتەڵێک ماوەتەوە.

دەقێک کە زێدە گرنگەو بە دونیای ئێمە ئاشنا نییە، پەرتوکێکە لە لایەن بیریارو فەیلەسوفی فەرەنسی سـەدەی شازدە (ئیتێنێ دی لا بۆاسیێ)وە نووسراوە کە لێرەدا ئەم فەیلەسوفە گرنگی دەخاتە سەر چەمکی راوبۆچوون. لە پاشاندا فەیلەسوفی ئینگلیزی هیوم دەڵێت، دەسەڵات، تەنها لە رێگای کۆنترۆڵکردنی بیرو راوە، دەتوانێت خۆی بچەسپێنێت.

بەڵام بێگومان لە دونیا ئێمە ترس لەگەڵ بیرو رادا پێکەوە گرێدراون، بەڵام بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە، ئەوەی گرنگە کە بیرو راو کۆنترۆڵکردنی بەلای دەسەڵاتەوە، هەمیشە جێی بایەخە. لێرەوە دەتوانین، قسە لە سەر چەمکی ئازدیی بکەین. چەمکی ئازاد- دوو دیدی هەیە، ئەشعیا بەلرین باسی لێوە دەکات. یەکێکیان، نەبوونی هیچ رێگرێکە لەبەردەم بەئەنجام گەیشتنی کارێکدا.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، بیرو را، بریتییە لە بەرگریی تاک لەبەرامبەر بە سیاسیبوونی ژیاندا. لە میانەی ئەم بەرگرییەدا تاک سەربەخۆیی خۆی، مافی خۆی، ژیانی خۆی دەپارێزێت، ئەگیان دەبێتە سووتەمەنیی ژیانی بەسیاسیکراو لەلایەن دەسەڵاتەوە. تەنها لە بوارێکی ئـازادا بیر گەشە دەکات، دەبێتە راوبۆچوونو ئامرازی پەیوەندیکردن (دەمانتوانی قسە لە سەر پرۆژەکەی هابرماز بکەین، بەڵام لەبەر کورتی ئەم باسە بۆمان نەکرا). کەواتە، لە دونیای ئەمڕۆدا ئەگەر کەسێک خاوەن بیر نەبێت، توانای دەربڕینی نەبێت، ئازادیی لە ئارادانەبێت بۆ دەربڕینی، ئەوا دەبێتە ئەو بوونەوەرەی کە ژیانێک دەژی کە ژیانی خۆی نییە، ناتوانێت ئەزموونی کاتو لە ئەنجامدا مرۆڤبوونی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

**بیرو را، بریتییە**
**لە بەرگریی تاک**
**لەبەرامبەر بە**
**سیاسیبوونی ژیاندا.**
**لە میانەی ئەم**
**بەرگرییەدا تاک**
**سەربەخۆیی خۆی،**
**مافی خۆی، ژیانی خۆی**
**دەپارێزێت**

# بـانـێـکـەو دوو هـەوا



بورهان ساڵح

زۆرجـــار لــە راگـەیـانـدنـەکـانـی دەسەڵاتو سێبەرەوەو لە کەسایەتی لە ئاستی بەرپرسیارێتییو باڵاوە، گوێمان لە دەستەواژەی سەروەریی یاسا دەبێت، بەشێوەیەک ئەگەر خۆمان نەماننناسینایە، رەنگە بـاوەڕمـان پێبکردنایە، بەڵام هەرزوو لە ئەنجامی رەفتارو بڕیارێکی بە هەموو پێوانەیەک دوور لە هەموو یاسایەک، رووی راستەقینەی خۆیان لە تاریکی مەبەستەکانیانەوە دەخەنە بەر تیشکی رووناکی دڕندۆگییەکەی ئێمە. دڕۆندۆگیی ئێمە وەک سروشێک لە ئاسمانەوە بۆمان نەهاتووەتە خوارەوە، بەڵکو زادەی رەفتارو بیرکردنەوەی ئەوانە، دەرئەنجامی ئەزموونی بیست ساڵەی دەسەڵاتیانە.

کە دەڵێم ئێمە، دەکرێت بپرسین، ئێمە کێین؟ ئێمە، مەبەست لەو سوپا رۆشنیرو جەماوەرە بەرفراوانەیە کە چیتر بە چەپڵە، سیاسەتو بڕیارە هەڵەکانی دەسـەڵاتـی بـەسـەردا تێناپەڕێت، لە رێگەی ئاشکراکردنو رۆشنکردنەوەی تاریکستانی مەرامەکانیانو بە رەخنەی دروسـتـکـەر دەیـەوێـت لـە گۆڕینی سیستمی حوکمدا جێ پەنجەی دیاربێت.

مـاوەیـەکـە، لـەلایـەن کەسانێکی هەڵــگری دروشــمــی (یاسا ســـەروەر)ەوە، نەریتێکی سەیر پەیدابووەو دووبارەبوونەوەی لە ماوەی کورتدا، خەریکە دەیکاتە دیاردەیەکی ترسناکو ئەزموونی دیموکراتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە ئەویش تۆمارکردنی سکاڵاو داواکردنی قەرەبووە لە بڕی خەیاڵیدا، بەشێوەیەک کە کەسانێک هەن کە پلەی خۆیانو لێپرسراوێتییەکەیان لێگۆڕاوەو بوونەتە عەریزەنووسی بەردەمی دادگاکانو رۆژانە چاودێریی میدیای ئازادو قەڵەمی بوێر دەکەن، تا بزانن ئیمڕۆ عەریزەکەیان لەسەر کێ بنووسن.

ئەمانە، لەبەرئەوەی کەسانی ئاکادیمی نین لە بواری بەڕێوەبردنی وڵاتو ئەو پایەی کە هەیانە، یان بەمیرات، یان بەرێکەوتو یان دەستکەوتی وەک خۆیان دەڵین، خەباتی شاخییانە، لەبەرئەوە لەگرنگی رۆڵـی میدیاو بیری ئـازاد تێناگەن، وا دەزانن بۆچوونێک لەگەڵ ئەوانو لە بەرژەوەندیی ئەواندا نەبێت، ئیتر نایاساییەو هەرزوو دەکرێت بە مەترسیی لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتی، وەک چۆن زۆرجار ئەم بنێشتە کۆنەی دەمی رژێمە داگیرکەرەکان دەجوونەوە. کاتی خۆی، هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لەلایەن عـێـراقو ئێستاش لـەلایـەن رژێمە داگیرکەرەکانی پارچەکانی تریشەوە، بە مەترسیی بۆسەر سـەروەریـیو ئاسایشی نیشتمانیو نەتەوایەتی ئـەژمـار دەکـرێـت. ئـێـوەش‌و پلەو پایەکانتان ئەنجامی سوودوەرگرتن لەو دۆخە بووەو ئێستا بە ناوی خەباتەوە بـەرەکـەی دەخـۆنو مافی ئازادیی بەخۆتان دەدەنو لە هەموو کەسێکی تری زەوت دەکەن.

لێرەدا بەراوردێکی خنجیلانە بۆ مەسەلەی سەروەریی یاساو مەترسیی ئاسایشی نەتەوایەتی بەپێی عەقڵی داماوی دەسەڵات دەکەم. بیری ئازاد، گەیاندنی دەنگی جـەمـاوەری دژ بە گەندەڵییو دەرخستنی راستییەکان، شایانی سکاڵا لەسەر تۆمار کردنن، یان دالـــدەدانو پیرۆزکردنی جاشو کـوردکـوژەکـانـی کۆنە بەعسی، بۆ لەسەر کەسێکی وەکـو قاسم ئاغای کۆیە کە دەستی لە شەهیدکردنی دەیان پێسمەرگەو هاوڵاتی بێچەکدا هەیە، کاکی عەریزەنووس شکاتێک بەناوی قوربانییانەوە تۆمار ناکات، یان ئەگەر یاساکەیان سـەروەرە، هیج نەبێت بۆ گوێ لە سکاڵای خاوەنی قوربانییەکان ناگرێت.

مـن چـاوەڕوانـی ئـەوە لـە یاسا دەکەم کە پێناسێکی نوێ بۆ قاسم ئاغا دەربهێنێت، ببێت بە کوڕی بنەماڵەیەکی نـاوداری کوردستان، بـەڵام هێشتا ناتوانم پێشبینی بکەم، ئەم دەبێت بە کوڕی چ بنەماڵەیەک.

دالدەدانو پارێزگاریکردنی جاشو خـۆفـرۆشـەکـان، زەمـیـنـەی عەقڵی جاشایەتی بە بەپیتی دەهێڵێتەوەو گەرای مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوایەتی بە زیندوویی رادەگرێت. ئایا ئەمە مەترسییە، یان ئازادیی بیری نوێو ئازادیی نەوەی نوێ؟ رەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە لە پەندەکوردییەکەدا بێت کە سەردێری وتارەکەیە.

# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ[illegible]دا بڵاودەکرێتەوە.

ساڵی سێیەم ژمـــارە (٩) سێشەممە ٢٠١٠/١٠/١٢




بۆ دەبێت ڕەشنووسی دەستووری هەرێم بگەڕێتەوە پەرلەمان؟

ل ٢



پێشنیارنامەی «پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن – KIE » سەبارەت بە «پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان- عێراق»دا

ل ٣



سیاسەتی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستاندا

ل ٤

**ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر:**

# «ئەگەر دەسەڵات متمانەی بە ئەنجومەنی پارێزگاکان نییە با بەیاسایەک حەلیان بکات»

**ئا: ڕای گشتی**

دواختستنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی هەرێمی کوردستان میسداقیەتی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوەو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێریش بروایوایە دواختستنی ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ بانگەشەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێم یەکناگرێتەوە بۆ بوونی گەشەی دیموکراسی لە هەرێمداو دەڵێت «ئەگەر دەسەڵات متمانەی بە ئەنجومەنەکان نییە با بەیاسایەک ئەنجومەنەکان حەل بکات»

فەرهاد مەلا ساڵح ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی ئاماژە بەوەدەکات کە مەرامی سیاسیی هەیە لەلایەن هەردوو هێزی دەسەڵاتداری هەرێمەوە بۆ دواختستنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی هەرێمو وتی «هەرجارەو بیانوویەک هێنراوەتەوە سەرەتا وتیان فەرمانی بریمەر بۆ ئێمە شمول ناکات، دواتر یاسایەکیان دەرکرد لەپەرلەمان بەڵام برگەیەکیان لەیاساکەدا چەسپاند کە بۆ ئەم خولەی ئێستا نییەو تا ئێستاش هەڵبژاردنەکە دوادەخرێت».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر نیگەرانە لەو دۆخەی ئێستا ئەنجومەنی پارێزگاکانی پێدا تێپەردەبێتو وتی «دواختستنی هەڵبژاردنەکە جگە لەمەرامی سیاسیی هەردوو هێزی دەسەڵاتداری هەرێم هیچ پاساوێکی یاساییو دەستوری نییە».

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم کەدەبووایە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩دا لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق ئەنجامبدرایە، دواتر بەبریارێک هەڵبژاردنەکە دواخرا بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩و پاشان لە برگەی ٣ی ماددەی ٣١ی یاسای ژمارە ٤ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کرد، هاتووە کە «ئەنجومەنەکان بەردەوام دەبن لەکارەکانیاندا تاوەکو هەڵبژاردنێکی نوێیان بۆ ئەنجامدەدرێت».

سەبارەت بەم برگە یاساییە فەرهاد مەلا ساڵح دەڵێت «ئەم برگەیە زیادەیەو نەدەبوو ئاماژە بەبەردەوامبوونی ئەم ئەنجومەنانە بکرایە چونکە ئەنجومەنی پارێزگاکان تەمەنی نوحی بۆ نەهاتووە ماوەی شەرعی خۆی ٤ ساڵە کەساڵێک ماوەکەی درێژکرایەوە نەدەبوو زیاتر دوابخرێت».

فەرهاد مەلا ساڵح وتیشی «دواختستنی هەڵبژاردنەکان میسداقیەتی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوەو بەرفراوانکردنی بەشداری هاوڵاتیان لەسیستمی فەرمانرەوایی لەبنەماکانی دیموکراتیەتەو یەکێکیش لە سیماکانی بوونی دیموکراتی ئەوەیە کە دەسەڵاتی لۆکاڵی هەبێت لە شارو شارۆچکەکاندا کەچی ئێمە ئەنجومەنمان هەیەو فەرامۆشدەکرێت، یاسا هەیەو کاری پێناکرێت کەوابوو ئەمانە هەموو فەرامۆشکردنی ئەنجومەنەکانو هەڵبژاردنو گەشەی دیموکراسیەتە لە هەرێمدا».

هەروەها سەبارەت بە کارانەبوونی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی هەرێم بەتایبەتی ئەنجومەنەکانی هەولێرو دهۆک، ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو حاڵەتە نا ئاساییەی کە ئێستا ئەنجومەنەکان لەهەرێمی کوردستان تێیدانو وتی «ئێستا رەوشی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی خراپترە لە هی هەولێرو دهۆک بەهۆی ئیعتراف نەکردن لە نێوان پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگادا»

هەروەها فەرهاد مەلا ساڵح بروایوایە هەموو کێشەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆئەوەی کە رەوشی دوو ئیدارەیی لەهەرێمی کوردستاندا رەنگیداوەتەوەو ناتوانرێت فەرامۆشبکرێتو تێبپەرێنرێتو وتی «کارانەبوونی ئەنجومەنەکان شتێکی ناشیرینەو دەبووایە کە باوەریان بە ئەنجومەنەکان نییە بەیاسا حەلیان بکردایە».



دانیشتنێکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر

# کۆنفرانسێک بۆ یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەڕێوەچوو

**ئا: ڕای گشتی**

رۆژانی ٢٣-٢٠١٠/٩/٢٥ لەپایتەختی هەرێم بەبەشداری ٥٠ کەسایەتی ناوخۆو بیانی کۆنفرانسێکی تایبەت بەپرۆژەیاسای رێکخراوە ناحکومییەکان بەرێوەچوو بەمەبەستی تاووتوێکردنی کۆی ئەو پرۆژەیاسایەی رێکخراوە ناحکومییەکان کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا. لەم کۆنفرانسەدا سەرجەم ئەندامانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی پەرلەمانی کوردستانو هەریەک لە نوێنەری سەرۆکی هەرێمو راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمو نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆو رۆشنبیرییو ژمارەیەک لەنوێنەرانی رێکخراوە ناحکومییەکانو نەتەوەیەکگرتووەکانو چەندین شارەزاو پسپۆری نێودەوڵەتیو ناوخۆو نوێنەرانی فەرمانگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەغدادو یاساناسانو دادوەران بەشدارییان تێداکردو دوای گفتوگۆیەکی سێ رۆژە بەپێشکەشکردنی چەندین پێشنیارو راسپاردەی گرنگ کۆتایی بەکارەکانی کۆنفرانس هات. گرنگی ئەم کۆنفرانسە لەوەدا بوو کە لەماوەی رابوردودا بۆ یەکەمجارە لەهەرێمی کوردستاندا پرسی رێکخراوە ناحکومییەکان نوێنەرانی هەر سێ دەسەڵاتەکەی هەرێم لەگەڵ نوێنەرانی چەند رێکخراوێکی ناحکومیدا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی روبەروو گفتوگۆ بکەنو بیرورایان سەبارەت بەیاسای رێکخراوە ناحکومییەکان بگۆرنەوە.

ئەم کۆنفرانسە لەلایەن نوسینگەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی (UNOPS)و بنکەی نێودەوڵەتی بۆ یاسای رێکخراوگەلی قازانجنەویست (ICNL)ەوە رێکخراوەو لەلایەن نووسینگەی دیموکراسیو مافی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو یەکێتی ئەورووپاو حکومەتی فەنلەندییەوە پاڵپشتی ماددیی بۆ دابینکراوەو لەسەر ئەم هەوڵەشیان بەردەوام دەبن هەتا یاسایەکی هاوچەرخو مۆدێرنو شایستە بەرێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەردەچێت.





## زەرەبین

## یاسای پێشکەوتوو لە کاری هاوبەشدایە

**ئارام جەمال ***

یەکێک لەو پرۆژەیاسایانەی رێکخراوە ناحکومییەکان لەماوەی رابوردودا پێشکەش بەپەرلەمانیان کردووە «پرۆژەیاسای رێکخستنی خۆپیشاندان»ە لەهەرێمی کوردستاندا کەرۆژی ٢٠٠٩/١١/١٧ لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو وابریارە لەخولی دووەمی ئەمساڵی بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستاندا بخرێتەروو بەئامانجی گفتوگۆکردنو پەسەندکردنی کۆتایی.

دیارە ئەم بەرەوپێشچوونە لەدوو رووەوە هەنگاوی ئیجابین: یەکەمیان ئەوەیە رێکخراوەکان بەشدارن لەدارشتنو گەڵاڵەکردنی ئەو پرۆژەیاسایانەی پەیوەندیان بەمافو ئازادییەکانی هاوڵاتیانەوە هەیەو قسەی خۆیان لەوبارەیەوە هەیە، دووەمیشیان ئەو بەدەنگەوەهاتنەی پەرلەمانە بۆ ئەو پرۆژەیاسایانەی لەلایەن رێکخراوە ناحکومییەکانەوە پێشکەشیان دەکرێت. دیارە ئەمە دوو دەرکەوتەی تازەی نێو ژیانی مەدەنیو یاسادانانن و جێگەی خۆشحاڵین، بەڵام ئەوەی درێژە بەم خۆشحاڵییەی ئێمە دەدات، وەک رێکخراوە ناحکومییەکان، ئەوەیە کە لیژنە هەمیشەییە تایبەتمەندو پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان لەکاتی گەڵاڵەکردنی راپۆرتەکانیانو دارشتنەوەی پرۆژەیاساکەدا رەچاوی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەخۆپیشاندان بکەنو هەوڵبدەن راپۆرتەکانیان بۆ فراوانکردنی رووبەری مافو ئازادییەکانی هاوڵاتیانو رێکخستنی ژیانی سیاسی نێوان هاوڵاتیانو حکومەت بێت نەک سنووردارکردنی ئەو مافو ئازادیانەی کەمافێکی سروشتیو دەستووریی هاوڵاتیانەو بەشێکی دانەبراوە لەکەینونەی ئینسانیانو ناکرێت یاسای خۆپیشاندانو هەریاسایەکی تر ئەو مافو ئازادیانەیان بەرتەسکبکاتەوە.

لەئێستاداو لەپێناو ئەوەی ئەم حاڵەتە نەخوازراوە روونەدا باشترین رێگە بەلای ئێمەی رێکخراوە ناحکومییەکانەوە ئەوەیە نوێنەرانی رێکخراوە ناحکومییەکانو ئەندامانی لیژنە هەمیشەییو تایبەتمەندەکانی پەرلەمان کۆببینەوە بۆ ئەوەی پێکەوە تاووتوێی ئەو پرۆژەیاسایە بکەین لەروانگەی ئەو راپۆرتەی کەبەرێزیان بەنیازن بینووسن یاخود نووسیویانە. بەمەش لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوان هەردوولاماندا دروستدەبێتو بەمەش رێکخراوەکان ئەو بەرپرسیارێتییەیان لەگەڵدا بەشدەکەن کەدەکەوێتە سەرشانی ئەو لیژنانە. باشترین نموونەشمان لەم بوارەدا ئەو دەستپێشخەرییە ئیجابییەی چەند هەفتەی رابوردوی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی پەرلەمانە لەگەڵ نوێنەرانی بەشێک لەرێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی کەدوای گفتوگۆیەکی چروپر، نزیکبوونەوەیەکی بەرچاوی لەنێوان هەردوولادا دروستکرد کەدواجار بەخزمەتی دەوڵەمەندکردنی یاساکە دەشکێتەوە.

بۆیە لێرەوە داوادەکەم ئەم جۆرە کۆبوونەوانەی نێوان رێکخراوەکانو لیژنەکانی پەرلەمان درێژەیان هەبێت بەمەبەستی ئاڵوگۆرکردنی بیرورا لەبارەی ئەو بنەماو پرەنسیپە گشتیانەی کە رێکخراوەکان پرۆژەیاساکەیان لەسەر بیناکردووە بەئامانجی دەرچوونی یاسایەکی گەشەسەندوی مۆدێرن بۆ رێکخستنی خۆپیشاندان بۆئەوەی روویەکی گەشو دیموکراسیانەی ئەزمونی هەرێمی کوردستان نیشانبدات چونکە خۆپیشاندان وەک مافێکی سروشتی مرۆڤ لەجارنامەی جیهانی مافی مرۆڤو زۆرێک لەپەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا جەختی لەسەرکراوەتەوەو جیاواز لەمافە ئابوورییو کۆمەڵایەتییەکان پابەندبوونی حکومەتەکان بەمجۆرە مافانەوە هیچ خەرجییەکی ماددیی ناوێت بەڵکو زیاترو زیاتر دەرخەری ئەو راستییەیە کە دەوڵەت لەرووی یاساییەوە دژایەتی ئەم پرەنسیپو مافانە ناکاتو رێگە بەهاوڵاتیان دەدات بەشێوەیەکی ئازادانە لەشوێنە گشتییەکاندا مومارەسەو پەراوەی ئەو مافانەی خۆیان بکەنو ئەم هەنگاوەش دواجار روونترین پێوەرە بۆ ئاستی بروابوونی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی بەپرەنسیپە دیموکراسییەکانو بەدیهێنانی مافو ئازادییەکان، ئەگەر نا، ئەوا سروشتی دیموکراسیانەی ئەو جۆرە سیستمە سیاسیانە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە هەرچەندە بانگەشەی دیموکراسیش بکات.

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE

# چـــاپخـــانەی زەرگـــەتە




بۆ چاپکردنی
رۆژنامە
کتێب
گۆڤار

ناونیشان: سلێمانی - گردی زەرگەتە
٠٧٧٠١٥١٦٥١٨ - ٠٧٧٠١٤٣٤٥٣٦

---

بەشی فێرکاریی راڤە ناونووس دەکات

## کۆرسی سینەمایی

**بۆ یەکەمجار لە لایەن هونەرمەندان و دەرهێنەرانی پسپۆڕەوە**

ئاستی سەرەتایی، پێشکەوتوو، پرۆفیشناڵ

- ئەکتەری و نواندنی سینەمایی
- رەخنە و شیکردنەوەی فیلم
- وێنەگرتن و کامێرامانی
- دەرهێنانی سینەمایی
- مەکیاژی سینەمایی
- سیناریۆ
- مۆنتاژ



وۆرک شۆپی تایبەت

مۆڵەتی ناونووسکردن تا: 2010/11/1

ناونیشان: هەولێر، گەڕەکی مەهاباد، شەقامی ئەحمەدی خانی
بەرامبەر قەریەی زانکۆ، خانووی ژمارە 140

0750-3230996 0750-3407741

---

## زیادکردنێکی ئاشکرا لە لایەن سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی

سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئاگاداری هاوڵاتیان دەکات کە زیادکردنێکی ئاشکرا هەیە بۆ فرۆشتنی (3) پارچە زەوی لە بەهەشتی شار بەرامبەر گەرەکی تووی مەلیك، لە بەرواری (2010/10/19).

هەر کەسێك ئارەزومەندە دەتوانێت لەئێستاوە سەردانی لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدان بکات لە بینای سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ وەرگرتنی زانیاری و شوێنی زەوییەکان.

لەگەڵ رێزدا

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# پێشنیارنامەی «پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن – KIE»

# سەبارەت بە «پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو راپرسی لەهەرێمی کوردستان- عێراق»دا

ئەم پێشنیارنامەیە لەلایەن لیژنەی چاودێریی یاسایی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردنەوە گەڵاڵەکراوەو رۆژی ٢٠١٠/٩/١٩ لەرێگەی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش بەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە بەئامانجی بەشداریکردنی پەیمانگە لەم پرۆژەیاسایەدا.

پێشەکی:

بەو پێیەی رێکخراوەکەمان «پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE» لەبواری هەڵبژاردندا کاردەکات، بەپێویستمانزانی بەشدارییەکی بچووکمان لەدارشتنی ئەو پرۆژەیاسایەدا هەبێت کەدەستەیەکی تایبەت بەکاروباری هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستاندا پێکدەهێنێت. لەئێستادا کەخوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژەیاسایە کراوە، خوازیاری ئەوەین بتوانین لەرێگەی ئەم پێشنیارنامەیەوە بۆچوونو تێگەیشتنەکانمان بگەیەنینە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی لەرێگەی بەرێزیانەوە بگاتەدەست ئەندامانی هەریەک لەلیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی یاسایی پەرلەمان.

خاڵێک کەئێمە جەختی لەسەردەکەینەوە ئەوەیە کەپێویستە زۆر بەهێمنیو هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆژەیاسایەدا بکرێت چونکە بەتێگەیشتنی ئێمە تەنها ئەوەندە گرنگ نییە ئەم دەستەیە پێکبهێنرێت بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەیە پێکهێنانی ئەم دەستەیە بەشێوەیەک بێت خزمەت بەقووڵکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی بگەیەنێت لەهەرێمی کوردستاندا؟!

لەکۆتاییدا سوپاسو پێزانینمان بۆ هەریەک لە:

– دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

– ئەندام پەرلەمانەکانی بەشدار لە لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی یاسایی پەرلەمان.

– ئەندام پەرلەمانەکانی نووسینگەی سلێمانی کە بەدەنگ داواکەمانەوە هاتنو ئەرکی گەیاندنی ئەم پێشنیارنامەیەیان بەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان گرتەئەستۆ.

پێشنیارەکان

ئێمە وەک «پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن» تێروانینمان سەبارەت بەپرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو راپرسی لەهەرێمی کوردستان- عێراقدا لەدوو ئاستو رەهەندا کۆدەبێتەوە:

یەکەم- مافو زەرورەتی بوونی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانو راپرسی لەهەرێمی کوردستان- عێراقدا.

١. لەرووی یاساییو دەستوورییەوە:

– بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق ٢٠٠٥، هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی هەیە لەدەرەوەی دەسەڵاتو تایبەتمەندییە حەسرییەکانی حکومەتی فیدرال، کە بەمادەی (١١٠)ی دەستور دیاریکراون، خاوەنی کۆمسیۆنێکی لەوجۆرە بێت بۆ بەرێوەبردنو سەرپەرشتیکردنی هەموو هەڵبژاردنو راپرسییەک لەهەرێمداو ئەمە مافێکی دەستوریی هەرێمە.

– یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقیش هیچ رێگرییەکی لەبەردەم دروستکردنی ئەم کۆمسیۆنەی هەرێمدا دروستنەکردووەو هۆکارەکەشی ئەوەیە کەئەم یاسایە لەبەر رۆشنایی خودی دەستوری عێراقدا دەرچوێنراوە.

– ناوو پێناسەی ئەم دەستەی هەڵبژاردنە لەیاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە (بۆ ئەم مەبەستە سەیری خاڵی دووەم لەماددەی یەکەمو ماددەی دووەمی ئەم یاسایە بکە)، دیارە ئەمەش شەرعیەتێکی یاسایی پێبەخشیوە.

٢. لەسەر ئەرزی واقیع:

ئەلف: ئەگەر هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی پێکهێنانی ئەو دەستەی هەڵبژاردنەی هەرێمەوە نەکەونە خانەی نەفەقاتی سیادییەوە ئەوکاتە بری تێچوونی دارایی هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی ئەم دەستەیەی هەرێم سەرپەرشتییان دەکات دەکەوێتە ئەستۆی بودجەی هەرێمی کوردستانو ئەمەش بارگرانییەکە چونکە کۆمسیۆن لەهەر هەڵبژاردنێکی پێشووی هەرێمدا، بۆ جێبەجێکردنی کارو ئەرکە لۆجستیو کارگێرییو ئیجراییەکانی هەڵبژاردن، پێویستی بەنزیکەی (٣٩٠٠٠) کارمەندی کاتی هەبووە جگە لەدابینکردنی مووچەی ئەندامەکانی ئەنجومەنی دەستەکە بەپلەی وەکیل وەزیرو کارمەندە هەمیشەییەکانی تری ناو بەشەکانی ئیدارەی هەڵبژاردن لەئۆفیسەکانی پارێزگاکاندا.

بێ: تاوەکو بازنەی ئەو کۆمسیۆنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات فراوانترو گەورەتربێتو سروشتێکی نالۆکاڵی هەبێت ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی نەزاهەتی هەڵبژاردنو شەرعیەتەکەی زیاتردەبێت جگەلەوەی ئاستی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن دەسەڵاتی لۆکاڵییەوە کەمتر دەبێت.

دووەم- ناوەرۆکی پرۆژەیاسای ناوبراو.

١/ ئەم پرۆژەیاسایە بەگشتی ئەوەی پێوەدیارە کە:

– سوودێکی زۆری لەپێکهاتەو میکانیزمەو رەگەزەکانی یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق وەرگرتووەو تەنانەت هەندێک برگەو ماددەی کتومت بەبێ دەستکاریکردن لەوەوە وەرگرتووە.

– خەمساردییو خێراییەکی زۆر بەدارشتنی پرۆژەیاساکەوە دیارە، بۆ نموونە أ) لەماددەی یەکەمدا لەبری «الهیئە العلیا» نوسراوە «الهیئە العامە»، ب) هەشت بەشەکەی پرۆژەیاساکە لەبەشی چوارەمیەوە دەستپێدەکات، ج) هۆکارە پێویستەکانی (الاسباب الموجبە) دەرچوونی ئەو یاسایەی تێدا نییە

د) تەرخاننەکردنی ماددەیەک بۆ پێناسەکردنو ناساندنی هەندێک لەو زاراوانەی لەپرۆژەیاساکەدا هاتوون.

– خێرایی لەپێشکەشکردنی ئەم پرۆژەیاسایە وایکردووە، وەک یاسای ژمارە ١١ی ٢٠٠٧ی کۆمسیۆنی فیدرال، هەر بەزمانی عەرەبی پرۆژەیاساکە پێشکەش بەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکرێت لەکاتێکدا دەبووایە ئەم پرۆژەیاسایە بەزمانی کوردی پێشکەش بکرایە چونکە وەزیفەی سەرەکی پشت پرۆژەیاساکە بۆ بەهەرێمکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقە لەئاستە فیدرالییەکەیەوە بۆ ئاستی هەرێمی کوردستان.

٢/ ناوی پرۆژەیاساکە:

ناونیشانی دەستەکە دوورو درێژەو باشتروایە کورتبکرێتەوە بۆ «کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان»، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

+ زاراوەی راپرسی لاببرێت چونکە:

– چ هەڵبژاردنو چ راپرسی جۆرێکن لە پرۆسەی دەنگدان، راپرسی بۆ ئیختیارکردنی دەقێکی یاسایی، دەستووریی یان دۆخێکی سیاسییە بە پەسەندکردن یان رەفزکردنەوە، لەکاتێکدا هەڵبژاردن بۆ ئیختیارکردنی کاندیدێک یان قەوارەیەکی سیاسییە.

– ئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە سیستمی نوێنەرایەتییە (دیموکراسی ناراستەوخۆ)و زۆربەی کات ئەوە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکە لەبری هاوڵاتیان لەپەرلەماندا دەنگ لەسەر پرۆژەی دەستور، پرۆژەیاسایەک یان هەموارکردنی یاسایەک دەدەن.

– گرنگ ئەوەیە یاساکە مافی بەرێوەبردنی راپرسی بدات بەدەستەکە ئیتر لەو کاتەدا ناوهێنانی راپرسی لەگەڵ ناوەکەیدا پێویست ناکات.

– وشەی «باڵا» زیادەیەو لەناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە وەرگیراوە، لەکاتێکدا کۆمسیۆنەکەی فیدرال لەبەرئەوە نازناوی «باڵا»ی لەخۆیناوە، بۆئەوەی کاتێک کۆمسیۆنی هەرێمەکان دروستبوون بە وشەی «باڵا» لەوانەی هەرێمەکان جیابکرێنەوە.

٣/ لەماددەی (١)ی پرۆژەیاساکەدا وشەی «الاتحادیە» لاببرێت چونکە راستتروایە ئەم دەستەیە تەنها سەرپەرشتی هەڵبژاردنە خۆجێیەکانی هەرێمی کوردستان بکات وەک هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەڵبژاردنەکانی سەندیکاو کۆمەڵەو یەکێتییەکان. بەڵام هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ کۆمسیۆنی باڵای فیدرالی بەجێبهێڵرێت چونکە ناکرێت ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکان لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنی هەرێمەوە پەسەندبکرێت (سەیری برگەی شەش لەماددەی پێنج بکە) بەڵام راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای فیدرالەوە ئەنجامبدرێت (برگەی حەوت لەماددەی پێنج).

٤/ وشەی «المحلیە» بۆ برگەی دوو لەماددەی (٣) زیادبکرێتو بەم شێوەیەی لێبکرێت «الاشراف علی جمیع الانتخابات والاستفتاءات المحلیة في الاقلیم».

٥/ باشتروایە ئەم دەستەواژەیە بۆ کۆتایی برگەی سێی ماددەی ٣ زیادبکرێت «بەپشتبەستن بەتازەترین ئاماری دانیشتووانی هەرێم».

٦/ لەبرگەی هەشت ماددەی (٣) دا هاتووە: «..... وعبر التنسیق مع اللجان الاستشاریة للاحزاب». بەڵام لێرەدا باشترە رۆڵی «رێکخراوە ناحکومییەکانو میدیای ئەهلیو قەوارە سیاسییەکان»یش لەبەرچاوبگرێت.

٧/ ئەو ماددەیەی لەم پرۆژەیاسایەدا زۆر گرنگو جەوهەرییەو سروشتی کۆی دەستەی هەڵبژاردنەکە رەنگرێژدەکات برگەی یەکی ماددە (٤)ی ئەم پرۆژەیاسایەیە کەدەڵێت «مجلس الهیئة: تتألف من سبعة اعضاء اثنان منهم علی الاقل من القانونیین یختارهم برلمان کوردستان بالاغلبیة المطلقة لاعضائه بعد ترشیحهم من قبل هیئة رئاسة البرلمان مع مراعاة تمثیل النساء وتکون مدة ولایة الهیئة خمس سنوات تقویمیة».

– وەک لەماددەکەدا دیارە پرۆسەی کاندیدکردنی حەوت ئەندامەکەی دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم خراوەتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەکاتێکدا هەر سێ ئەندامەکەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەیەک فراکسیۆن «فراکسیۆنی کوردستانی» پێکهاتووەو ئەمەش بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت ئەو قەناعەتە گشتییە دروستبکات کە پرۆسەی کاندیدکردنەکە دادپەروەرانەیە. هەربۆیە باشتروایە قبوڵکردنی پاڵاوتنی کاندیدەکان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندی پەرلەمانییەوە بێت کەنوێنەری سەرجەم فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی تێدابێت. کاندیدکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای فیدرال خراوەتە دەست لیژنەیەکی تایبەتمەندی سەر بەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (برگەی (٢) لەماددە (٣)ی یاسای ژمارە(١١)ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق).

– لەلایەکی تریشەوە مەرجی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکان وەک بەربەستێک وایە لەبەردەم پێکهێنانی دەستەکەو باشتروایە مەرجی بوونە ئەندام لەئەنجومەنی دەستەکەدا یان بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئامادەبووی پەرلەمان بێت.

– میکانیزمەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دیار نییە کە بە چ شێوەیەکە، بەدەنگدانی ئاشکرایە یان نهێنی؟ تاک تاکە یان بەکۆمەڵە؟

– چاکتروایە رێژە یان ژمارەی ئافرەتان لەکۆی ئەو حەوت ئەندامەی ئەنجومەنەکەدا بەوردیی دیاریبکرێت، بۆ نموونە یەک ئافرەت یان دوو یان سێ ئافرەت...هتد، چونکە دەستەواژەی «مع مراعاة تمثیل النساء» زۆر لاستیکییە.

٨/ لە خاڵی یەکی برگەی دووی ماددە (٤)ی ئەم پرۆژەیاسایەدا هاتووە کە ئەو کەسەی خۆی بۆ ئەنجومەنی دەستەکە دەپاڵێوێت «ان یکون من مواکني الاقلیم ومقیما فیە اقامە دائمیە». لەرووی دەستوورییەوە راستروایە بگۆترێت (مقیمي الاقلیم) نەک (مواطني الاقلیم) چونکە لەدەوڵەتی فیدرالیدا تەنها یەک ناسنامەی (هاوڵاتیبوون – المواطنة) هەیە ئەویش لەسەر ئاستی فیدراڵە نەک هەرێم. بەمجۆرە ئەم خاڵە وایلێدێت « من مقیمي الاقلیم و ان یکون فیە اقامة دائمیة».

٩/ لە خاڵی سێی برگەی دووی ماددە (٤)ی ئەم پرۆژەیاسایەدا هاتووە: (لایقل عمره عن «٣٥» خمسة وثلاثین سنة». چاکتروایە ئەم تەمەنە بکرێتە ٣٠ ساڵ.

١٠/ لە خاڵی حەوتی برگەی دووی ماددە (٤)ی ئەم پرۆژەیاسایەدا هاتووە «أن یکون مستقلا من الناحیة السیاسیة». ئەم خاڵە زۆر ناڕۆشنو ناواقیعیە، لەبری ئەوە ئەمە دابنرێت: «ان لایکون منتمیا الی أي حزب سیاسي قبل فترة لاتقل عن ثمانیة سنوات».

١١/ لەبرگەی یەکەمی ماددە ٧ی پرۆژەیاساکەدا هاتووە کە«پەرلەمان بەزۆرینەی رەهای ئەندامەکانی مافی پرسینەوەی (مساءلة) هەیە لەگەڵ یەکە بەیەکەو کۆی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکەدا ئەگەر بێتو سەرپێچی لەیاساکاندا بکەن».

سەرنجو پێشنیارەکانمان لەسەر ئەم ماددەیە ئەمانەن:

یەکەم: چاکتروایە پرسینەوەکە هەرتەنها ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە نەگرێتەوە بەڵکو سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردنو سەرۆکی نووسینگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش بگرێتەوە.

دووەم: دەبووایە زۆرینەی رەهای پەرلەمانتارانی ئامادەبوو مافی پرسینەوەیان هەبووایە نەک زۆرینەی رەهای ئەندامەکانی پەرلەمان.

سێهەم: جۆری سەرپێچیو ئەو یاسایەشی دیارینەکردووە کەسەرپێچیکردنەکە دووچاری پرسینەوە دەکات.

بەم پێیە ماددەکە بەم شێوەیەی لێدێت: «لبرلمان کوردستان مساءلة مجلس الهیئة ورئیس الادارة الانتخابیة و رؤساء المکاتب الانتخابیة في محافظات الاقلیم مجتمعین او منفردین بالاغلبیة المطلقة لاعضائه الحاضرین عند مخالفتهم لهذا القانون وفق الاجراءات المنصوص علیها في قانون البرلمان ونظامه الداخلي».

١٢/ لەبرگەی دووی ماددەی ٨ی پرۆژەیاساکەدا هاتووە کە «ئەندامانی ئەنجومەنی دەستە پلەی تایبەتیان دەبێت بۆ ماوەی (٥) ساڵو قابیلی نوێکردنەوەشە». ئەم برگەیە ناڕۆشنەو دەکرێت لەپرۆژەیاساکەدا بەدوو برگەی جیاواز چارەسەربکرێت چونکە پلەو پایەی فەرمی ئەندامێتی لەئەنجومەنی ئەو دەستەیەدا لەگەڵ وەرگرتنی ئەندامێتی تێیدا یان خۆکاندیدکردنەوە بۆی زیاتر لەجارێک دوو شتی لێکجیان.

لەلایەکی تریشەوە هەرچی پلەی تایبەتی ئەندامانی ئەو دەستەیە دیارینەکراوە کەئاخۆ بەپلەی وەزیرە یان بریکاری وەزیر یاخود بەرێوەبەری گشتی چونکە ئەمانە لەپلەبەندیی رێکخستنی وەزیفیدا هەموویان بەپلەی تایبەت دادەنرێن.

١٣/ لەبرگەی سێی هەمان ئەم ماددەیەدا سەبارەت بە خانەنشینکردنیشیان بە رێژەی لە ٨٠٪ زۆر زۆرەو باشترە پرۆژەیاساکە ئەم پرسە بەو شێوەیە چارەسەر بکات کە بگەرێنەوە سەر کارو وەزیفەی پێشوویانو تەنها بۆ یەکجار دوای تەواوبوونی ئەرکەکانیان لە١٠٪ی کۆی مووچەکەیان لەماوەی کارکردنیاندا وەک پاداشت بدرێتێ.

١٤/ لەبرگەی چواری ماددەی (٩)دا هاتووە کە «تشکل في محکمة تمییز اقلیم کوردستان هیئة قضائیة مکونة من ثلاث ....». وشەی «للانتخابات» بۆ «هیئة قضائیة» زیادبکرێت، واتە ببێتە «هیئة قضائیة للانتخابات».

١٥/ لەبرگەی شەشی ماددەی (٩)ی پرۆژەیاساکەدا هاتووە کە«علی الهیئة القضائیة حسم الطعون المقدمة الیها... «. بەڵام لە یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستانداو لەبرگەی (دوو)ی ماددەی (سیازدە)ی ئەو یاسایەدا باس لەتایبەتمەندییەکانی دادگای کارگێریی دەکاتو تێیدا ئەو تایبەتمەندییەی داوەتەدەست دادگای ناوبراو کەتوانای «یەکلاکردنەوەی تانووتە تایبەتیەکان بەهەڵبژاردنی دەستە خۆجێییەکان»ی هەبێت. دیارە هەڵبژاردنە خۆجێییەکانیش هەریەک لەهەڵبژاردنی پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانو هەڵبژاردنی سەندیکاو کۆمەڵەو یەکێتییەکانو...هتد دەگرێتەوە. بەتایبەتیش کە لەماددەی سیو دووەمی یاسای ئەنجومەنی شورادا هاتووە کە «کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێک ناکرێ ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ».

**لیژنەی چاودێریی یاسایی**
**پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– KIE**
٢٠١٠/٩/١٣

**«پێویستە هاوڵاتیان بەهەندەوە بڕواننە پرسی دەستوور بۆئەوەی مافەکانیان لەنێو کایە سیاسیو یاساییەکانیدا پارێزراوو مسۆگەربێت»**

# بۆ دەبێت ڕەشنووسی دەستووری هەرێم بگەڕێتەوە پەرلەمان؟

سیروان ژاژڵەیی



ئایا هیچ کاتێک لەنێو دارستانێکی چڕدا پیاسەتان کردووەو بەدوای ڕێگەیەکدا گەڕاون؟ ئەگەر ئەو کارەتان کردبێت ئەوا لەمەبەستەکەم تێدەگەن..»مۆنتیسکۆ، ڕۆحی یاساکان»

دەپرسین بۆچی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان پێویستو گرنگە؟ ئایا خەڵکی کوردستان خوازیاری چ جۆرە دەستورێکن؟ ناکرێت هەرێمێک لەدوای ١٩ ساڵ لەحوکمرانی خۆی چوارچێوەیەکی دەستوری نەبێتو شوناسی سیستمەکەی دیاریکراو نەبێت!

دەستوور لە بنچینەدا چوارچێوەیەکی یاسایی کۆمەڵایەتییەو کۆی پەیوەندییە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵاتییەکانی نێوان تاکەکانو دەوڵەت یان هەرێم دیاریدەکات، واتە چوارچێوەیەکی نوسراوی دیاریکراوی فەرمانڕەواییە بەشێوەیەکی سیستماتیزەکراو، دەستوور ڕەنگدانەوەی بەهاکانو ئارەزوو و بنەماکانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسییە، مافو ئازادیی تاک دەپارێزێت، هەروەها پێکهاتەو شوناسی حکومەت دیاریدەکات، واتە بەشێوەیەکی گشتی دەستوور گەرەنتی یەکسانی هەموو هاوڵاتییەک دەکات بەرامبەر بەیاسا. یاساش بێجیاوازی ئاستی چینایەتیو سیاسیو ئاینییو کۆمەڵایەتی مافو سزا بۆ تاکەکانی دیاریدەکات بەجۆرێک هیچ کەسێکو دەزگایەک دەسەڵاتی ئەوەی نییە حوکمی هەرەمەکی وڵات بکات، ماڵو سامانی زەوت بکات یاخود مافو ئازادییەکان سنوردار بکات .

بێگومان دەستوور دەبێتە بنچینەیەکی پێویست بۆکاملکردنی سیستمی سیاسیو یاسایی لەکوردستانداو هاوڵاتیان باشتر هەست بەدڵنیاییو لەهەمانکاتیشدا هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەن. خواستی کۆمەڵگە ئەوەیە کەهەموو پێکهاتەو گروپەکان لەدەستووردا مافە سیاسیو یاساییو مەدەنیەکانیان جێگیربکرێت.

## دەستوورو سەربەخۆیی سێ دەسەڵاتەکە

گەرەنتی پاراستنی هەر سیستمێکی دیموکراسی بە دەستوورێکی مۆدێرن دابیندەکرێت. لەو سۆنگەیەوە دەستوور دەسەڵاتو سەربەخۆیی بۆ سێ دەسەڵاتەکە دیاریدەکات چونکە دەستوور سەرچاوەی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانە، دەستوور تەواوی کاروبارەکانی دەوڵەت لەدوو توێدا کۆدەکاتەوە، ئەو دیکۆمێنتەی هەموو مافو دەسەڵاتی گەل دەستەبەر دەکات، چەند دەسەڵاتێک بە حکومەت ڕادەسپێرێت.

خولی دووەمی پەرلەمان ڕەشنووسی دەستوورێکیان گەڵاڵەکرد بۆئەوەی بخرێتە ریفراندۆمەوە، بەڵام بەپێی هەڵسەنگاندنی شارەزایانی بواری دەستوور، ڕەشنووسەکە لەگەڵ بەشێک لەبنەما دیموکراسییەکاندا ناکۆکە! ناکرێت میللەت ناچار بکرێت دەنگبدات بەدەستوورێک پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیو خواستەکانی ئەو بێت.

ڕاستییەکی سەلمێنراوە کە بەدەستووری مەدەنی دەتوانرێت دەسەڵاتەکان سەربەخۆ بنو ببێتە پارێزەری یاساکانو هەموو لایەک بەرپرسیار بکات لەبەرامبەر هەر پێشێلکارییەک کەپێچەوانەی بەهاو بنەماکانی دیموکراسیو یاسا بێت.

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم

ڕۆشنبیرانو زۆرینەی شەقامو بەشێک لەحیزبو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لایەنگری ئەوەن هەرێم سیستمی پەرلەمانی بێت نەک سیستمی سەرۆکایەتی، چونکە دڵنیان لەوەی لەسیستمی سەرۆکایەتیدا دەسەڵاتەکان تەنها لەسەرۆک یان دامەزراوەیەکدا کۆدەبێتەوە، ئەمەش تارادەیەک مەترسی سەرهەڵدانی سیستمی تاکرەویو تۆتالیتاری لێدەکرێت، بەڵام لەسیستمی پەرلەمانیدا کەمتر مەترسی سیستمی تاکرەوی لێدەکرێتو خەڵکی هەست بەدڵنیایی دەکەن. ئەرکی پەرلەمان حکومەتو حیزبو ڕێکخراوەکانە ڕەشنوسی دەستووری هەرێم لەسەر سیستمی دیموکراسیو پەرلەمانی دابرێژن نەک سەنتراڵی سەرۆکایەتی.

خولی سێیەمی پەرلەمان جیاوازترە لەخولی دووەم چونکە خولی سێیەم ئۆپۆزسیۆن هەیە، دیدوبۆچوونیان لەگەڵ فراکسیۆنی دەسەڵات جیاوازە، دەکرێت فراکسیۆنەکان بەئاراستەی بەرژەوەندی گشتی میللەتو ناوچە دابڕاوەکانو ئەم قۆناغە سیاسیەی ئێستای کوردستان دەستکاری بکرێت.

## هاوڵاتیبوون لەدەستووردا

هاوڵاتی ئەو کەسەیە مافی تەواوی ئەندامێتی وڵاتێکی هەیە، بێجیاوازی لەوەی ئەو مافانەی لەڕێی لەدایکبوونیەوە وەریگرتووە یان وەرگرتنی ئەو مافانە لەهیچ ڕێگەیەکی ترەوە.

عەبدولئیلا بلقزیز دەڵێت: هاوڵاتیبوون بریتیە لەشوناسی سیاسیو تاکی کۆمەڵایەتی لەسایەی ئەو سیستمە سیاسییە کراوەدا بەدەستیدەهێنێت کەدان بەهەموو مافەکانیدا دەنێت لەبەردەم قەوارەیەکی کۆمەڵی سیاسیدا (دەوڵەت)و پابەندێتی مادییە راستەوخۆکانی بەسەرییدا دەسەپێنێت. واتە دەبێت لەدەستووردا هەموو جۆرە جیاکارییەکی نەتەوەییو ڕەگەزییو ئایینیو چینایەتی هەڵاوێرد بکرێت، تەنها پرەنسیپەکانی هاوڵاتیبوون پێوەر بن بۆ دەسەڵاتو کۆمەڵگە. گرنگە تاکەکان گشت مافە سیاسیو مەدەنیەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێت. لەهەمانکاتدا هاوڵاتی لەبەرامبەر یاسادا هەست بەهیچ جۆرە هەڵاوێردێکو نایەکسانییەک لەگەڵ دەستەڵاتدارانو سەرمایەدارندا نەکات. پێویستە هاوڵاتیان بەهەندەوە بڕواننە پرسی دەستوور بۆئەوەی مافەکانیان لەنێو کایە سیاسیو یاساییەکانیدا پارێزراوو مسۆگەربێت.

ئەگەر بۆ دەستووری عێراق کۆمەڵێک فاکتەرو هۆکار بووبێتنە لەمپەر لەبەردەم دابینکردنی دەستورێکی تەواو دیموکراسیو مەدەنیدا ئەوا بۆ کوردستان ئەو بیانوو فاکتەرانە بوونیان نییەو نابێت ببنە ڕێگر. لەو ڕوانگەیەشەوە تایبەتمەندیی هەرێمەکە ڕەچاوبکرێت، بەجۆرێک هەموو لایەنە دیموکراسیخوازو ڕێکخراوە مەدەنییەکانو باشتر دەرەخسێنێت بۆ پیادەکردنی مافو ئازادییەکان. بۆیە بەشداری بەرفراوانی خەڵک لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا ئاماژەیە بەوەی خواستێکی گشتی بۆ دیموکراسی هەیە، بێگومان ئەوەش بەوە دەکرێت دامەزراوە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا بەفۆرمی دیموکراسی دیارییبکرێتو ببێتە بنچینەو بنەمایەکی سەرەکی بۆ دیموکراتیزەکردنی سیستمی سیاسیو کۆمەڵگە. دیارە باشترین ڕێگەش ئەوەیە بۆ جارێکی دیکە پرۆژەی

**ئەگەر بۆ دەستووری عێراق کۆمەڵێک فاکتەرو هۆکار بووبێتنە لەمپەر لەبەردەم دابینکردنی دەستورێکی تەواو دیموکراسیو مەدەنیدا ئەوا بۆ کوردستان ئەو بیانوو فاکتەرانە بوونیان نییەو نابێت ببنە ڕێگر**

کەسایەتیو پسپۆرانی بیری دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ هەماهەنگ بن لەسەر ڕێکەوتنی چۆنێتی پێداچوونەوەی لایەنە سلبییەکانی ڕەشنووسەکە.

ئەگەر لەباری سۆسیۆلۆژییەوە لەکۆمەڵگەی کوردی بڕوانین خوازیاری جۆرە سیستمێکی دیموکراسی کراوەن. بەحکومی ئەزمونی (١٩) ساڵ لەفەرمانڕەوایی، کەتارادەیەکی باش گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کەچۆن لەسیستمە دیکتاتۆرو سنتراڵەکان دەچەوسانەوەو مافەکان پێشێلدەکرا، بەڵام سیستمە پەرلەمانی دیموکراسیەکان دەرفەتی دەستوورەکە بگەڕێنرێتەوە پەرلەمان بۆئەوەی سەرلەنوێ تاوتوێبکرێتو خاڵە لاوازەکان کەمبکرێنەوە تاکو خەڵکی کوردستان لەکاتی ریفراندۆمی دەستوردا بێ دوودڵی پشتیوانی لەدەستورەکە بکەن، ئەویش بەوەی دەبێت لانیکەم ڕەچاوی ئەم خواستانەی تێدا بکرێت:

- چەسپاندنی مافو ئازادییەکان بۆ تاکەکان بێجیاوازی نەتەوەیی، بیروباوەری ئاینیی، سیاسیو هەر جیاوازییەکی تر.
- یەکسانی نێوان پیاوو ژن لە هەموو بوارو کایەکاندا بەتایبەت لەبواری ئابووریو سیاسیدا.
- جێگیرکردنی فرەییو فرە حزبی.
- جێگیرکردنو پاراستنی ئازادی رادەربرینو ئازادی بیروباوەری سیاسیو ئاینییو ئازادیی خۆپیشاندانو مانگرتنو کۆبونەوەو هاتووچۆو بازرگانیو خاوەندارێتی.
- جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە ( یاسادانان_ جێبەجێکردن_ دادوەریی) کۆڵەکەیەکی پتەوی حوکمرانی دیموکراسییە
- دیاریکردنی ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری بەجۆرێک لەگەڵ ستانداردی ئازادیی میدیای نێودەوڵەتیدا بێتەوە.
- سەلماندنو پشتگیریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دابینکردنی ئازادی دامەزراندنی ڕێکخراوی دیموکراسیو سەندیکای جۆراوجۆر بەپێی بەرژەوەندییە جیاوازەکان.
- لابردنی هەموو بیروباوەرێکی توندوتیژ لەنێو کایەکانی دەسەڵاتو کۆمەڵگەدا.
- پابەندکردنی دەستوور بەجاری گەردوونی مافەکانی مرۆڤەوە، چونکە ئەگەر بمانەوێت پرۆسەی دیموکراسی بچێتە بواری پراکتیکەوە ناکرێت مافی مرۆڤی لێجیابکرێتەوە یان ناتوانین بێ پاراستنی مافی مرۆڤ باس لەبوونی دیموکراسی بکەین.

دواجار گرنگە لەپێناو سیستمێکی نوێنەرایەتی پەرلەمانیدا ڕەشنووسی دەستوورەکە بگەڕێنرێتەوە پەرلەمانو دەستکاری ئەو بەندو بڕگانە بکرێت کەناکۆکن لەگەڵ خواستی گەلو پرەنسیپەکانی دیموکراسیو سیستمی پەرلەمانیدا.

serwanserwano@yahoo.com



دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان

فۆتۆ: ئەرشیف

# سیاسەتی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستاندا

دەروون عبدالکریم



پەرلەمان وەک یەکێک لەدامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەت ئەرکی یاسادانانی هەیە لەپاڵ ئەرکەکانی دیکەی وەک چاودێریکردنی کاروبارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و نوێنەرایەتیکردنی گەل. ئەم ئەرکی یاسادانانە گرنگترین کاری پەرلەمانە بەشێوەیەک کەدەسەڵاتی یاسادانانی پێدەناسرێتەوەو شتێکی ئاساییەکەهەر دەوڵەتێک یاخود قەوارەیەکی سیاسی کەخاوەنی دەسەڵاتە گشتییەکان بێت بەهەرسێ پێکهێنەرەکەیەوە (یاسادانان‌و راپەراندن‌و دادوەریی) سیاسەتی گشتی پەیرەوبکات کەرەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو قەوارەیەیە لەسەرجەم بوارەکاندا. یەکێک لەهۆکارەکانی پیادەکردنی ئەو سیاسەتە گشتییە بریتیە لەیاسا کە لەرێگەی یاسادانەرەوە دادەنرێت‌و ئەم یاسادانەرەش لەسیستمی پەرلەمانیدا خودی پەرلەمان خۆیەتی. ئەوەی جێگەی باس‌و گرنگیپێدانی ئێمەیە ئەوەیە کاتێک پەرلەمان رۆڵی یاسادانان دەگێرێت چۆن دەتوانێت رۆڵ بگێرێت لەپەیرەوکردنی سیاسەت گشتی وڵاتدا لەرێگەی سیاسەتێکی یاسادانانی تایبەت بەو پەرلەمانە یاخود ئایا بوونی سیاسەتێکی یاسادانان لەوڵاتدا تا چەند کاریگەریی دەبێت لەسەر پێشخستن‌و رێکخستنی بوارە جیاجیاکانی وڵات؟.

سیاسەتی یاسادانان بەئامرازی کۆکردنەوەی ئامانج‌و ناوەرۆکی سەرجەم یاساکان دادەنرێت کە لەپەرلەمانەوە دەردەچن‌و زەمانەتی پاراستنی ئەو یاسایانە دەکات لەدژیەکی (تعارچ) لەنێوان خۆیاندا، هەروەها هۆکارێکی بۆ خستنەگەرو جووڵاندنی هەریەک لەو یاسایانە بەشێوەی سیستمێکی یاسایی تەواو «متكامل» کە شانیەشانی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بچێتەپێشەوە. ناکرێت هیچ دەوڵەتێک بێئەوەی سیاسەتێکی یاسادانانی تۆکمەو روون‌و ئاشکرای هەبێت بتوانێت هیچ بەرنامەیەکی چاکسازیی‌و گەشەکردن پیادەبکات، جا کورتخایەن بێت یان درێژخایەن، چونکە یاساکان رەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە دەبن لەبواری سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سەرجەم بوارەکانی تر. بۆ نموونە ئەگەر سیاسەتی یاسادانان لەوڵاتێکدا بەرەو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی بڕوات ئەوا ئەم ئامانجە لەهەموو ئەو یاسایانەدا رەنگدەداتەوە کە لەپەرلەمانەوە دەردەچن یاخود ئەگەر سیاسەتی یاسادانان بەرەو ئەوە بڕوات کەئایین لەسیاسەت جیابکاتەوە بەهەمانشێوە سەرجەم یاساکان کە لەبوارە جیاجیاکاندا دەردەچن ئەم ئامانجەیان بەروونی تێدا دەردەکەوێت. ئەگەر بپرسین ئەم سیاسەتی یاسادانانە چۆن دادەرێژرێت‌و چۆن دروستدەبێت ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەم سیاسەتە لەئەنجامی خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵگەو پێداویستییەکانی هاوڵاتیان لەلایەک‌و فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیای دەستەی دەسەڵاتدار لەلایەکی ترەوە دادەرێژرێت. دارشتنی سیاسەتی یاسادانان پێویستی بەئەنجامدانی چەندین کاری لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی بیروبۆچووی پسپۆران‌و شارەزایان هەیە لەسەرجەم بوارەکاندا.

ئەگەر سەیری هەریەک لەوڵاتە دیموکراسییە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان بکەین چەندین دامەزراوەو دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بەدارشتنی سیاسەتی یاسادانان هەیە کە بەپێی یاسا زانستییەکان کار لەسەر دارشتنی ئەو سیاسەتە دەکەن.

لەهەرێمی کوردستاندا پاش تەمەنی ١٨ ساڵی پەرلەمان‌و ئەزموونی ئەو چەند ساڵە لەکاری پەرلەمانی‌و سێ خولی پەرلەماندا شتێک نییە بەناوی سیاسەتی یاسادانان لەم هەرێمەدا، بەواتایەکی تر روون نییە ئەم پەرلەمانەی ئێمە دەیەوێت چی بکات‌و بە چ ئاراستەیەک یاساکانی بخاتەگەر. ئەمەش لەئەنجامدا چەندین شوێنەواری خراپ‌و ئاماژەی نادروست لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان دورستدەکات، تەنانەت بوون‌و زەرورەتی ئەم دەزگایەش دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بۆ نموونە، نازانرێت کەئایا لەپەرلەمانی کوردستاندا ئەولەویەت بۆ دەرچوواندنی کام یاسایانەیەو ئەم پەلەمانە چ جۆرە سیاسەتێکی یاسادانان پیادەدەکات؟ ئایا پەرلەمانی کوردستان لەرێگەی یاسادانانەوە دەیەوێت هەرێمی کوردستان زیاتر لەناوەند دووربخاتەوە یاخود ئەوانەی کە لەبەغدامان نزیکبکاتەوە چونکە کاتێک پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت‌و غاز دەردەکات بۆئەوەی یاسایەکی سەربەخۆی لەم بوارەدا هەبێت لەهەمانکاتدا یاسایەک بۆ پێدانی ئیمتیازات بەئەندام پەرلەمانەکانی دەردەکات بەهاوشێوەی پەرلەمانی فیدراڵی‌و ئەوە نازانرێت کە پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت یاساکانی بەرەو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی هەنگاوبنێت بەوەی کە یاسای رۆژنامەگەریی دەردەکات بەڵام دوای ئەوە دەنگ بەرەشنووسی دەستوورێک دەدات کە لەهەندێک لەبرگەکانیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ دەستووری وڵاتانی سوریاو میسرو یەمەن. ئەمانەو چەندین نموونەی تر لەدژیەکی نێوان یاساکان.

دەتوانین بڵێین بوونی پەرلەمان بۆ ئەوە نییە کەسیاسەتی یاسادانان پیادەبکات یاخود کارە سەرەکییەکانی خۆی ئەنجامبدات بەڵکو وەک شتێک هەردەبێت هەبێت. واتە چوارچێوەیەکی ون‌و سستە. ئەگەر نا پاش زیاتر لەساڵێک لەخولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان لەچەند یاسایەکی لاوەکی نەبێت هیچی دیکەی پەسەندنەکردووە کەئەوانیش یاسای وەزارەتەکان‌و دەستە سەربەخۆکانن. ئێمە دەپرسین لەهەرێمی کوردستاندا کە دەوترێت ئەو هەموو پێشکەوتنەی بەخۆوە دیوە لەماوەی ئەم ساڵەدا پێویستی بەیاسایەک نەبوو کەراستەوخۆ پەیوەندی بەژیان‌و واقیعی ئەم هەرێمەوە هەبێت، ئایا نەدەبوو پەرلەمانی کوردستان لەم کاتەدا سیاسەتێکی روون‌و ئاشکرا بگرێتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی‌و لێپرسینەوەی کەسانی تێوەگلاو بەتۆمەتەکانی گەندەڵی؟ بەبڕوای ئێمەش لەم قۆناغەدا پەرلەمان تەنها وەک ئامرازێک بەکاردەهێنرێت لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێک، بەواتایەکی دیکە ئەگەر سەیری هەندێک لەو یاسایانە بکەین کە پەرلەمان دەریکردووە یان بەشێک لەو پرۆژەیاسایانەی کەپێشکەشکراون تەنها یەک مانا دەخوێنینەوە ئەویش بریتییە لەشەرعیەتدان بەویستی دەسەڵات لەرێگەی یاساوە، بۆ نموونە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم‌و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان‌و راپرسی، رەشنووسی دەستووری هەرێکی کوردستان بەڵگەی ئەم قسانەی ئێمەن لەپاڵ بەکارهێنانی پەرلەمان وەک هۆکارێک بۆ گونجاندنی دوو ئیدارەیی.

لەکۆی ئەم خاڵانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەهەرێمی کوردستاندا سیاسەتی یاسادانان بوونی نییە بەڵکو یاسادانانی سیاسی بەدیدەکرێت چونکە تەنها سەرۆکایەتی پەرلەمان دەزانێت چ جۆرە پرۆژەیەک‌و کام پرۆژەیاسا دەخاتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوەو هەر خۆشیان دەزانن ئەو پێوەرانە کامانەن کەپشتی پێدەبەستن، ئەگەر هەبن، بۆ پێشخستن‌و دواخستنی پرۆژەکان. هەربۆیە دەبینین پەرلەمانی کوردستان لەهەندێک پرۆژەدا زۆر گەرم‌و گورو خێرایەو لەهەندێکی تردا سست‌و کیسەڵییە.جاری وا هەیە لەدانیشتنێکی نائاساییدا یاسایەک پەسەندکراوە، بۆ نمونە یاسای نەوت‌و غازی هەرێم. بۆیە زۆر گرنگە کەئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەو راستییە بن کە بەبێ دانانی سیاسەتێکی یاسادانان رۆڵی ئەوان لەمەودایەکی زۆر تەسکدا دەمێنێتەوەو دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو پرۆژەیاساو ئەجندایانەی کەبەسەر پەرلەماندا فەرز دەکرێت هەروەها کارەکانی پەرلەمان لەکاری بەبەرنامەو ئاراستەکراوەو دەبێتە کاری عەشوائیی کەهیچ کەلەبەرێک لە کەموکورییەکانی ئەم هەرێمە پر ناکەنەوە. دەبێت لەوە ئاگادار بین کە کاری پەرلەمان‌و یاسادانەر نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەری میزاجی شەخسی‌و بەرژەوەندی تاکەکانەوە کە رەنگە هەندێکجار لەبەرژەوەندی دەستەیەک یان تاکەکەسێکدا تێکرای پەرلەمان بخرێتەکارو یاسایەک پەسەند بکات.

بۆیە پێویستە هەموومان کاربکەین‌و خەمخۆری دارشتنی سیاسەتێکی یاسادانانی تۆکمەو پتەوو روون‌و سەردەمیانە بین‌و هەوڵبدەین پەرلەمان رۆڵی سەرەکی‌و راستەقینەی خۆی بدەینێ لەپێناو بە سیستمکردنی دەسەڵاتی یاسادانان لەهەرێمی کوردستاندا.

# لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ چەند رێکخراوێکی ناحکومیدا کۆدەبنەوە

ئا: رای گشتی



بەمەبەستی وەرگرتنی راوبۆچوون‌و پێشنیازەکانیان بۆ دەوڵەمەندکردنی هەردوو پرۆژە یاسای «رێکخستنی خۆپیشاندان» و «رێکخستنی خۆپێشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکان، لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرۆک و جێگر و بڕیاردەر و ئەندامەکانی سەعات ٥ی پاشنیوەرۆی رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢ لەگەڵ نوێنەرانی بەشێک لە رێکخراوە ناحکومییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوە.

سەرەتای کۆبونەوەکە کە لەهۆڵی «پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE لەسلێمانی بەڕێوەچوو د.دانا سەعید سۆفی سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی ئامانجی کۆبوونەوەکەی بۆ ئامادەبووان روونکردەوە بەمەبەستی وەرگرتنی راو سەرنجی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگە لەسەر یاسایەک کە بەرادەیەکی زۆر پەیوەندی بەکارو چالاکییە مەدەنییەکانی ئەوانەوە هەیەو ئەمەشی بۆ دەرکردنی هەر یاسایەک بە گرنگ وەسفکرد. لەلایەن خۆشیانەوە نوێنەرانی رێکخراوەکان کۆمەڵێک راو سەرنجیان پێشکەش بە لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی کردو هیوایانخواست کە بتوانرێت لەیاسای خۆپیشاندانا رەنگبداتەوە.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە»پرۆژەی یاسای رێکخستنی خۆپێشاندان» لەلایەن پێنج رێکخراوی ناحکومییەوە (KIE, WADI, DHRD, CSI, WOLA) وە گەڵاڵەکراوەو رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٥ پێشکەش بەنوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان کراوەو دواتر لەلایەن ٢٣ ئەندام پەرلەمانەوە پشتگیریی لێکراوەو لەرۆژی ٢٠٠٩/١١/١٧ دا لەگەڵ «پرۆژەیاسای رێکخستنی خۆپێشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکان»دا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو هاوکات بەجیا ئاراستەی هەریەک لە لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی ناوخۆو ئاسایشی ئەنجومەنە خۆجێیەکان،لیژنەی مافی مرۆڤ‌و لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی کراوەو لەئێستاشدا یەکێکە لەو ١٦ پرۆژەیاسایەی بڕیارە لەبەستنی خولی دووەمی ئەمساڵی پەرلەماندا بخرێتەروو بەمەبەستی گفتوگۆکردن‌و پەسەندکردنی.

## فەرهەنگۆک

ئا: سەرکەوت حەمە حسێن *

# ئامارو هەڵبژاردن

زۆرجار گوێمان لەوەدەبێت کە پرۆسەی هەڵبژاردن لوتکەی دیموکراسیەتەو گرنگترین چالاکی بەشداری سیاسیانەی هاوڵاتیانە کە زۆرترین ژمارەیان پێکەوە بەشداری تیادادەکەن‌و بڕیارێکی سیاسیانەی یەکلاکەرەوەو خاوەن کاریگەری لەسەر ئایندەی خۆیان‌و وڵاتەکەیانی تێدا دەدەن.

بەردەوامیش باس لەپێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیانە دەکەین کەچەندین خاڵ دەگرێتەوە، لەوانە: نهێنیبوونی دەنگدان‌و بوونی کەشی ئازادی رادەربرین‌و فرەیی سیاسی‌و هەبوونی دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بۆ رێکخستن‌و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و چەندین خاڵ‌و بنەمای گرنگی دیکە.

ئەمرۆش لێرەدا باس لەخاڵ‌و بنەمایەکی دیکەی گرنگی زامنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی پاک‌و بێگەرد دەکەین، کەئەویش هەبوونی ئامارێکی وردی دانیشتوانی وڵاتە، کە لەرێیەوە دەتوانرێت ژمارەی دەنگدەران‌و ناوچەکانی دابەشبوونیان‌و ئاستی خوێندەواریان بزانرێت. هەموو ئەم زانیارانەش سوودی زۆریان هەیە بۆ رێکخستن‌و بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و رێگرتن لەئەگەری ساختەکاریکردن لەپرۆسەکەدا، تەنانەت کاریگەریشیان هەیە لەسەر سیستمی هەڵبژاردن‌و ژمارەی کورسی نوێنەرایەتی‌و دیاریکردنی ژمارەو سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن‌و چەندین بابەتی دیکەی پەیوەندیدار بەپرۆسەی هەڵبژاردن.

کەباس لەگرنگی ئاماری دانیشتوانی وڵات دەکەین، مەبەستمان ئامارێکی راست‌و دروستە، کەساختەکاری‌و ناراستی تێدانەبێت، کەئەمەش لەرێی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی گشتی پاک‌و بێگەرێ راست‌و بێ ساختەکارییەوە دەبێت.

سوودەکانی ئامارو کاریگەرییەکانی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن دەتوانرێت چەندین خاڵی زۆری بۆ بژمێردێت، کە ئێمە هەوڵدەدەین ژمارەیەکیان لەچەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە، لەوانە:

١. رێگرتن لەروودانی ساختەکاریی لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، بەتایبەت لەلیستی ناوی دەنگدەراندا، لەروی دووبارەبوونەوەی ناوی دەنگدەران‌و هەبوونی ناوی کەسانی مردوو یاخود هەرکەسێک مافی دەنگدانی نەبێت.

٢. هاوکاریکردنی لەدانانی یاسای هەڵبژاردن‌و دیاریکردنی باشترین سیستمی هەڵبژاردنی گونجاو بۆ وڵات.

٣. ئاسانکاریکردن بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکانی نوێنەرایەتیکردن، ئەگەر لەیاساکەدا ژمارەی کورسییەکان بەپێی رێژەیەکی دانیشتوان بۆ هەر کورسییەک دیاریکرابوو، کەبەپێی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان‌و جێگیری رێژەی پێویست بۆ هەر کورسیەک، ژمارەی کورسییەکانی نوێنەرایەتیکردنیش زیاددەکرێت. وەک نمونە، لەعێراق هەر (١٠٠) هەزار هاوڵاتیەک یەک کورسی نوێنەرایەتیان دەبێت.

٤. هاوکاریکردنی دابەشکردنی کورسییەکانی نوێنەرایەتیکردن بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا، ئەگەر وڵات دابەشکرابوو بەسەر چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردنداو ناوچەکانیش لەروی ژمارەی دانیشتوانەوە جیاوازیان هەبوو، لەگەڵ دیاریکردنی هەر کورسییەکی نوێنەرایەتی بۆ ژمارەیەکی دیاریکراوی دانیشتوان، کە ژمارەی کورسییەکانی نوێنەرایەتی ناوچەکانیش بەپێی ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگۆرێت.

٥. هاوکاریکردن لەزانینی ژمارەو رێژەی هاوڵاتیانی نەخوێندەوار، کەئەمەش کارئاسانی دەکات بۆ دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ دەنگدەرانی نەخوێندەوار تا زامنی روودانی کەمترین هەڵە بکەین لەپرۆسەی دەنگداندا.

٦. هاوکاریکردن لەزانینی ژمارەو رێژەی چاوەروانکراوی ئەو هاوڵاتیانەی کە بۆ خولی داهاتووی هەڵبژاردن مافی دەنگدانیان دەبێت، ماهیەتی ئەو دەنگدەرانەو پێداویستیەکانیان، تا هەر لەئێستاوە کار بۆ دانانی پلانی گونجاو بکرێت بۆ باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتوو.

لەبەر ئەم هۆکارانە پێویستمان بە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی راست‌و دروست‌و پاک دەبێت، چونکە هەر هەڵەو ساختەکارییەک لەپرۆسەی سەرژمێری دانیشتوانی وڵاتدا واتە ئەگەری بوونی هەڵەو ساختەکاری لەئاماری دانیشتوان‌و ئەگەری روودانی ساختەکاری‌و هەڵە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا کەئەمەش دەرەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، کە کەس ئارەزووی روودان‌و بینینی ناکات.

هەرلەبەر ئەم هۆکارانەیە، واتە سوودی ئامارێکی راست‌و مەترسییەکانی هەبوونی هەڵە لەزانیارییەکانی ئاماری دانیشتواندایە، کە هەبوونی ئامارێکی راست‌و دروست، بە یەکێک لەبنەماو کۆڵەکە گرنگەکانی ئەنجامدانی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی پاک‌و بێگەرد دادەنرێت.

* ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن- KIE